# گفتووگۆ لە گەڵ نووسەرو رووناکبیر کازێوە ساڵح

# ئەنفال و کۆمەڵکوژی کورد

سازدانی: تەها سلێمان

*ناوی کتێب: ئەنفالو کۆمەڵکوژی کورد
*بابەت: گفتوگۆ
* سازدانی: تەها سلێمان
*تایپ: نوسەر
*دیزاینی بەرگو ناوەڕۆك: هێرش مغدید
* نۆبەتی چاپ: چاپی دووەم
*چاپ:
*تیراژ: ١٠٠٠ دانە
*ژمارەی سپاردن(        )ی وەزارەتی ڕۆشنبیری پێدراوە

# پەیڤێک بۆ چاپی دووەم

لە ناوەڕاستی ساڵی ٢٠٠٧دا، لە گەڵ نووسەرو ڕووناکبیر کارزێوە ساڵەح لە سەر ئەوە ڕێك کەوتین ئەم گفتووگۆیە سازبکەین، ئەگەرچی گفتووگۆیەکە ڕاستەوخۆ بە دانیشتنی دوو بە دوو سازنەکراوە، بەلاّم لە ڕاستیدا هیچی کەمتر نییە لە دانیشتنی دوو بە دوو یان گفتووگۆی ڕاستەوخۆ، چونکە هەموو پرسیارەکان بە سەریەکەوە ئاراستەی نووسەر نەکراون، بەڵکو هەموو جارێك پرسیارێکی ئاراستەکراوەو ئەویش وەڵامی داوەتەوەو دوای خوێندنەوەی وەڵامەکەی نووسەر، پرسیاری تری ئاراستەکراوە. هەربۆیەش لە ناوەڕاستی ساڵی ٢٠٠٧ تا دوومانگی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٨ ئەم گفتووگۆیە درێژەی کێشاو ئاکامیش ئەمەی بەردەستی لێبەرهەم هات. دوای تەواو بوونی گفتووگۆیەکە، هەفتەنامەی ڕێگای کوردستان بە زنجیرەو چەند بەشێك گفتووگۆیەکەی بلاّوکردەوەو پاش ئەوەش لە ساڵی ٢٠٠٨ وەك کتێب لە سەر ئەرکی هەفتەنامە بلاّوییان کردەوە.

سێ هۆکار هانیدام، جارێکی تر ئەم گفتووگۆیە وەك کتێب بلاّو بکەمەوە، یەکەمیان کتێبەکە نە لە بازاڕو نە لە ئەرشیف وەك پێویست بەردەست ناکەوێ، دووەمیان لە ڕووی هەڵەی چاپ و ڕێنووسەوە جارێکی تر پێداچوونەوەم بۆ کرد، سێیەم ئەو دەست پێشکەرییە گەورەو بە نرخەی برای بەڕێزم دکتۆر تەها بوو، کە ئەمساڵ چەندین کتێبی لە بواری ئەنفال و جینۆساید، لە سەر ئەرکی خۆی لە چاپدا، کە لە ناخەوە سوپاسی دەکەم.

نووسەر

# پێشەکی

## دەروازەیــەك بــۆ لەراندنەوەیــەك لــە بێــدەنگیی ئەنفالــدا.. بەراییــەك بــۆ ئــەم گفتووگۆیە

**هەندرێن**

**دەکرێ کوردکوژیی لە لایەن رژێمی شـۆڤینی بەعـسییەوە، دەرهاوێـشتەیەك بێـت لـەو کۆسۆزە بوغزاوییەی ئەو رژێمە کە پان-عـەرەبیزم ئاراسـتە دەکـا. دیـارە تـا ئـەمڕۆش ئـەو سـۆزە بوغزاوییـە سەرچـاوەیەکی سـەرەکییە بـە رهەمهێنانـەوەی گوتـاری بـاوی ناسیۆنالیزمی عەرەبیی. ئـەو سـۆزە بوغزاوییـەش، وێـڕای کاریگەرییـە نەرێنییـەکانی کۆلۆنیالیزمی رۆژئاوایی لە سازبوونی ئەو ناسـیۆنالیزمەدا، بەرهەمێکـە لـە پرۆسـەی ناوکۆیی سۆسیۆ-ئابووریی-مێژوویی کولتووریی-ئایینیەی جڤاکی عەرەب. هەر بۆیە کردەی ئـەنفال لـە لایـەن رژێمـی بەعـسەوە هـەڵگری بیرۆکەیـەکی دیـاریکراو نـەبوو، بەڵکو بەرتەکێك بـوو لـەو سـۆزە بوغزاوییـەی کـە لـە هـەناوی دەسـەڵاتدارانی رژێمـی سەدام یان ئەو پـان-عەرەبیزمـەوە رەگئاژۆیـە. رژێمـی بـەعس، وەك بەشـێك لـە پـان-عەرەبیزم، لە روانگەی ئەو کۆسۆزە بوغزاوییەوە هەوڵێـدا بـوونی نەتـەوەی کـورد، وەك هەڕەشەیەك لەسەر خۆیدا، بسڕێتەوە.**

**لەو روانگەیەوە، هەننا ئارێندیش ئادلۆف ئایشمانی جوولەکـەکوژی وەك بوودەڵەیـەکی شوومی تایبەت وێنادەکرد. ئارێند پێی وابوو کە ئایشمان مرۆڤکوژێکی بێبـەریی لـە هەسـتی مرۆیانـە بـوو، بۆیـە ملهووڕانـە راسـپاردەی دەسـەڵاتدارەکانی سـەر خـۆی رادەپەڕاند.**

**لێرەوە، ئەو کاتەی مێژوویەك لە گەلکوژیی دەبێتە چارەنووسی کورد، ئاخۆ ئەرکی نووسەرێکی ئاوێزان بەو چارەنووسە یان جێنشین لە کۆیادەوەریی نەتەوەکەیدا، لێرەدا مەبەستمان لە نموونەی نووسەرێکی ئیدیالیی، دوور لە بەرژەوەندیی ماددیی و حیزبگەرایی و بە تایبەتیش ژنە نووسەرێکی مێینە کازیوە ساڵح، چییە، تاکوو بتوانێ لەرینەوەیەك لە پرۆسەی ئەو بێدەنگییەی کە لە هەمبەر ئەو مێژووەی ئەنفالدا لە ئارادایە بسازێنێ" کۆئاگاییەك لەو یادەوەرییە بریندارەی مێژووی نەتەوەکەیدا بەرهەمبهێنێ" ئاسۆیەك بۆ بیرکردنەوەیەکی کارا بەرەو ژیانێکی واتاداری داهاتوو بدۆزێتەوە" چاوگەیەك بۆ بیرکردنەوە" کردەیەك بۆ بە ماناکردنی ژیانی دوای ئەو مەرگە بە کۆمەڵییە ئەنجامبدا؟**

**ئاخۆ ئەو نووسەرە دەبێ چۆن رەفتار لەگەڵ ئەو یادەوەرەییە ئەنفالکراوە بکا کە رژێمی شۆڤینیی بەعس هەوڵیدا بەو کارە خەونی بە گرێبووی پان-عەرەبیزم بە کوردکوژیی فەرامۆشبکا، کە ئەوکات و ئێستاش ئەو رووداوە بە بەرچاوی کۆمەڵگای جیهانیی و بگرە کوردیشەوە تێدەپەڕێ؟**

**بەڵێ، رژێمی بەعس بە خولیای کوردکوژییەوە، وەك بەردەوامییەك لە ئەزموونی خوێناوی خۆیەوە، هەوڵیدا وێنەی ئەو مێژووە نەخۆشە ناسیۆنالیزمە بە سونگەرایی ترنجێنراوە لە ناخی ئەم رۆژگارەی ئێستادا ئامادە بکا. لێرەوە، ئەنفالکردی کورد دوای جێنوسایدی جوولەکان لە لایەن رژێمی نازی ئەڵمانیاوە، گەورەترین تراژیدیی کردەی گەلکوژیی بوو. کەواتە دارشتنی پیلانی کوردکوژیی بەشێك بوو لە بەدیهێنانی خەونە نەخۆشەکانی رژێمی بەعس. چونکە رژێمی بەعس خۆی لەسەر بوغزاندنی "ئەویتر" بونیاتدەنا. لەو دیدەوە کورد هەڕەشەیەك بوو لەسەر خولیا نەخۆشەکانی ناسیۆنالیزمی عەرەبیی. هەروەك رژێمی شیعەگەرایی ئێران بەشێك بوو لەو هێزە دژە بەرانبەر ئەو ناسیۆنالیزمە سونەگەراییەی بەعس.**

**لێ مێژووی ئەو جۆرە سیاسەتە گەلکوژییە دیاردەیەکی نوێ و دەڤەریی نییە، بەڵکو دیاردەیەکی کۆن و جیهانیشە. بەجۆرە کردەی قڕکردنی کورد لە لایەن رژێمی**

بەعسەوە، جۆرە بەردەوامییەك بوو لە مێژووی سیاسەتی وێرانكردن و كاولكردنی دێهات و كوشتنی خەڵكی باكووریی ئەفریكاو كوشتنی ئەبۆرگینەكان لە ئوسترالیا لە لایەن كۆلۆنیالیستەكانی فەرەنسیی و ئینگلیزەكان، كۆكوژیی هیندییە سۆرەكان بە دەستی دەسەڵاتدارانی ئەمێریكا، قڕكردنی ئەرمێنییەكان لە لایەن رژێمی كەمالیستیی توركیی، جێنۆسایدی جوولەكەكان لە لایەن رژێمی نازیی ئەڵمانیا و ... تاد.

لەو ناوكۆییەوە، بەر لەوەی سەرنجەكانم لەمەڕ كتێبەكەی كازیوە، " پڕۆژەیەك بۆ شكاندنی بێدەگی لەسەر پرسی ئەنفال"دا لە ئاماژەگەلێكدا چڕبكەمەوە، بە هەندی دەزانم ئاماژەیەكیش بەو دوو وێنە نووسەرانە بكەم كە لەسەر پرسی ئەنفال دەنووسن. ئەمڕۆ بەشێك لەو نووسەرانەی كە راستەوخۆو ناڕاستەوخۆ لە لایەن حیزبەكان بە تایبەتیش هەردوو حیزبی حكومڕانی كوردستانەوە كۆمەكیی ماددییان دەكرێ، ئەنفالیان كردۆتە سەرچاوەیەك بۆ بازرگانیی. ئەو دیاردەش بەرهەمێكە لە مۆدەی سازكردنی ئەو رێكخراوە بەناو مەدەنیی و پێكهاتە حیزبییەی "وەزارەتی شەهیدان". دیارە زێدەڕۆی ناكەین ئەگەر بێژین، ئەو تەرزە وەزارەتەی كە گوایە ئیشی خزمەتكردنی ئەنفال و كەس و كاری ئەنفاكراوەكانە، لێ بە هۆی ئاكارە گەندەڵییەكانیی و تۆماركردنی خێزانی سەدان كۆنە جاش و مشەخۆر بە ناوی ئەنفالكراوەكان و پارە لە قورگكردنیان، ئەوەندەی ئەنفالی بێ بەهاكردووە، هێندە خزمەتی كەس و كاری ئەنفالكراوەكانی نەكردووە. بە هەمان شێوەش، پێڕی ئەو رێكخراوە حیزبییانەی كە گوایە دەمڕاستی ئەنفال دەكەن، ئەنفالیان كردۆتە سەرچاوەیەك بۆ خۆتێركردن. ئەوانەی كە هێشتا بەهای شكۆمەندیی و راستبێژییان لە كن گرنگە، دەتوانن بە بیستن و پێزانینی هاواری هاووڵاتییە هەژارەكانی رەحیماوە یان ناڵەی ئەو خێزانە هەژارانەی گەرمیان و دەڤەرە ئەنفالكراوەكانی دیكە، كە بە هۆی ئەنفالكردنی مێرد، باوك، دایك و كوڕەكانیانەوە ناتوانن بژێوی رۆژانەی ژیانیان دابین بكەین، كرۆكی مۆراڵی ئەو وەزارەت و رێكخراوە حیزبییانە بناسن.

لە بەرانبەر ئەو وێنە خەمهێنەرەدا، چەند نووسەر هەن کە بە شێوەیەکی ئیدیالیی بە ڕێگای نووسین و چالاکی جووداوە، کار بۆ کەس و کاری ئەنفالکراوەکان و بە ماناکردنی پرسی ئەنفال دەکەن. لێرەوە یەکێك لەو نووسەرانەی، کە لە پاڵ ئەو نووسەر و ڕێکخراوە یەکگرتووەی پێشووی "چاك"دا خۆبەخشانە پەرۆشخۆری ئەنفالن، کازیوە ساڵحە. لەوەش زیاتر، ئەوەی کە لە کن من سەرنجکێشە، کە لێرەدا بە دەر لەوە مەبەستم جیاکردنەوەی ڕەگەزی مێینەو نێرینە بێت، ئەو ئاگاییەی کازیوەیە وەك ژنێك لەسەر مەترسیی بێدەنگی لە هەمبەر ئەنفالدا. چونکە، وێڕای ئەوەی کە ژن زەرەرمەندترین ڕەگەز بوو لە پرۆسەی ئەنفالدا، کەچی هەرچەندە گوایە ئەمڕۆ لە کوردستاندا ژنگەلێکی بەناو فێمێنیست و نووسەرمان هەن، لێ ئەوانەی کە ئاگایانە بیر لە ئەنفال دەکەنەوە ناگەن بە پەنجەکانی دەستێك. زۆرێك لە نووسینی ئەو ژنانەش لە چەند ستوون و نووسینی ڕۆژنامەوانی تێپەڕ ناکەن.

هەڵبەتە ئەو ئاماژەکردنەمان بۆ ئەوە بوو، تاکوو سەرنجی خوێنەر بۆ ئەوە ڕابکێشین، کە یەکێك لە ئامانجەکانی ڕژێمی بەعس قڕکردنی ژنی کورد بوو. چونکە ئەو ڕژێمە دەیزانی ژن سەرچاوە و نیشتمانی ژیانی کوردە. لەو دیدەوە، ناسیۆنالیزمی ڕەگەزپەرستیی عەرەبیی، تورکیی و فارسیی، وەك بەردەوامییەك لە نازیزم و فاشیزم، بۆ ئەوەی بتوانن ڕەگ و ڕیشەی بوونی کورد قڕ بکەن، کاریان بۆ دوو ئامانجی سەرەکیی کردووە: سڕینەوەی زمانی کوردیی و کوشتن و هەتکردنی ژنی کورد. لە پاڵ ئەمەشدا، بە تورکییکردن، بە فارسییکردن و بە عەرەبیکردنی سورشتی کورد، دێهات، شار، ژیان و کولتووری کوردیش بەشێك بووە لەو ئامانجانەیان. ئەگەر خوێنەر بخوازێ لەو ئەجێندایەی ناسیۆنالیزمی ئەو سێ نەتەوەیە تێبگات، پێویستە بیر لە نەخشەو ئامانجی مێژووی نزیك هەشتا ساڵەی ڕژێمی کەمالیستی تورکیا، ڕژێم شاهەنشاهیی و شیعەگەرایی ئێران و ڕژێمی پان-عەرەبی بەعس بکاتەوە. چونکە زمان، بە واتای هایدگەریی، ماڵی بوون و ئامادەبوونی یادەوەریی نەتەوەیە لە

جیهانــدا، ژنــیش سەرچــاوەی گەشــەی ژیانــە و ڕۆڵێکــی ســەرەکیی دەبــینێ لــە پەروەردەکردنی نەوەکان و ... تاد.

بەڵێ، لەم ڕۆژگارەی ئێستاماندا کە لە هەموو کاتێك زیاتر ژن سەرقاڵی زیادکردنی ڕێکخراوی بێ ڕێخستنی ژنانن، دەبوو، بە لای کەمییەوە، بەهرەیەك لە بوێریی و زرینگیی ژنە هزرڤانێکی جوولەکەی وەك هەننا ئارێند وەربگرن! لێبەڵێ ئەو وێنەی کە ژن لە کوردستاندا بە هۆی ئەو ئاوێزانبوونە بە مۆدە رووکەش و پێگە کەهێڵییەی کە بەرانبەر ڕەشەکوژیی ژن و پرسی ئەنفال نیشانیانداوە، بە گومانم لەوەی کە ئەو ژنە نووسەرو ڕێکخراوسازانەی کورد، نەك هەر تەنیا کتێبێکی گرنگی ئارێند،" ئیشمان لە ئورشەلیمدا- ڕاپۆرتێك لەمەڕ خراپەکارییەکی بوودەڵە"دا ۱۹٦۳"یان خوێندبێتەوە، بەڵکو ناویشیان نەبیستتیێ.

جێگەی سەرنجە، یەکێك لە سەرەچاوە سەرەکییەکانی هزری ئارێند ئەو مێژووە بێماڵیی و تراژیدییەی جوولەکەیە. ئارێند وەك ژنە جوولەکەیەك لە جیاتی ئەوەی وەك قوربانیی و ڕوحێکی سۆزدار بهزرێ یان بازرگانی بە پرسی جێنوسایدی نەتەوەکەیەوە بکا، هزرێکی لێبووردە و دانسقەی لەو کۆستەی نەتەوەکەی بەرهەمهێنا.

لەو ناوکۆییەوە کازیوە لە دووتۆوی کتێبەکەیدا، وەك بەردەوامییەك لە هەوڵەکانی پێشووی، بە ڕێگای چەند تەوەرێکی گفتوگۆیەکەی لەگەڵ نووسەرو ڕۆژنامەنووس تەها سلێماندا، هەوڵدەدا ئاکامە ریسکدارەکانی ئەو بێدەنگییکردنە لە هەمبەر ئەنفالدا ڕاڤە بکا. بەڵام کازیوە هەر بەوەندە ناوەستێ کە هۆکردەکانی ئەو بێدەنگییە نماییش بکا، بەڵکو هەوڵدەدا ئاراستەیەکیش بەرەو ئاسۆی بە ماناکردنی ئەنفال ئاوەڵا بکاتەوە. ئەو کتێبە، وێڕای ئەوەی، چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەوانیشە، لێ لەوێدا کازیوە بۆ ئەوەی بەهای ئەو بەماناکردنەوەی کۆستی ئەنفال و ژیانی زیندووانی دوای ئەنفال خەملێوانە دەربڕێت، هەوڵدەدا چەند ڕوانگەو بیرۆکە بکاتە سەرشاری خوێندنەوەو ئاکامگیرییەکانی. بۆیە ئەو کتێبە ڕاڤەکردنی تاکە پرسیارێك نییە لە ڕەهەندی ئەنفال، بەڵکو ئەو کتێبە تەوەرگەلێکی وەك: ڕەهەندە لاوازییەکانی ڕۆشنبیریی لە

خوێندنەوەی ئەنفال، ڕەهەندی بەعسیزم و بەرهەمهێنانەوەی لە زمانی کوردیی، پرسی ئەخلاق، ڕەهەندی قوربانی ژن، ڕەهەندی کۆئاگایی بەرانبەر ئەنفال، ئەرکی پەروەردە لە ڕزگارکردنی ئەنفال لەو بێدەنگییەو خەمساردییەی مرۆی کورد بەرانبەر ئەنفال، گرنگیی بە جیهانییکردنی پرسیی ئەنفال، جەختکردنەوە لە بەردەوامی ئەنفالکردنی کورد لە ئاستی کردەیی و بە کۆیلەکردنی بوونی بەو ڕۆشنبیرییە باڵادەستەی داگیرکاران لە ئاگایی کورددا، گەڕانەوەی بەهای ژیان بۆ زیندووانی دوای ئەنفال، خوێندنەوەی ژنانە بۆ ڕەهەندەکانی ئەنفال، بەهای خودناسیی و ... تاد، لە خۆی دەگرێ. بەمجۆرە خوێندنەوەکانی کازیوە لە هەر یەك لەو تەوەرانەدا، بوار بۆ خوێنەر، نووسەرانی ترو لەوانەش خودی کازیوە ئاوەڵا دەکاتەوە کە لە داهاتوودا بتوانن لێکۆڵینەوەی تایبەتیی تیۆریی و مێتۆدیك لەسەر تاك تاکی ئەو تەوەرو ڕەهەندانە ئەنجامبدەن.

ئەوەی کە لێرەدا دەبێ جەختی لەسەر بکەمەوە ئەوەیە، کە کازیوە لەم کتێبەیدا چەند چەمکێك دەکاتە کۆڵەکەی ئاخافتەکانی، کە وێدەچێ لای ئەو چەمکانە کلیلی کردنەوەی ئەو بێدەنگییەی کوردە بەرانبەر کۆستی ئەنفال. چەمکە گرنگەکانی کازیوە بیریتین لە "مۆراڵێکی نوێ"، "خودناسیی"، "کۆهوشیاریی" و ... تاد. لە کن کازیوە بە هەند وەرگرتنی ڕەهەندیی ئاوابوونی مۆراڵ و گرنگی ئیشکردن و بەرهەمهێنانی تەرزە مۆراڵێکی نوێیی کوردیی، دەتوانێ ڕۆڵێکی کورد لەو خەوەی بەرانبەر پرسی ئەنفال بێدار بکاتەوە. گرنگی ئەو تەرزە ئەخلاقە لەوەدایە کە "مۆڕاڵ فەرامۆش کرا، بەرگری نامێنێت، چونکە مۆراڵ ماهیەتی بوونە، کە بەرگریش نەما پیرۆزی نامێنێت. ئەمڕۆ ئێمە گەشتووین بە ئاستی بێ بەها کردنی پیرۆزییەکانمان و داخلیسان لە واتای مۆراڵ و خودناسی، بۆیە بەرگریمان نەماوە نەك تەنها سەبارەت بە ئەنفال وەکو تاوانێکی هەمیشە زیندوو، بەڵکو هەموو کایە کۆمەڵایەتیەکانمان تووشی ئەو قەیرانە بووە، هەموو کایە کۆمەڵایەتیەکانمان پێویستی بە شۆڕشی مۆڕاڵی هەیە". لێرەدا، بە ڕای من، ئەگەر کازیوە لە بری

"مۆراڵ" جەختی لەسەر چەمکی ئێتیک" بکردبایەوە، خوێنەری لە ئەگەری ئەو هەستە مێتافیزکییی، ئایینییە رزگار دەکرد. چونکە "مۆراڵ"، هەستێکە لە ترنجانی داب و نەریتە بۆماوەکان و بە رێگای ئایینەوە نائاگایی مرۆڤ جڵەو دەکا. لێ ئێتێك، ئاکارو رەفتارگەلێکی بەهائامێزەو لە ئاکامی ئاگاییەکی باڵای پێکڤەیی مرۆڤەکانەوە بەرهەمدەهێنرێ. لێرەوە بۆ ئەوەی ئەو خەسڵەتە نزمەی مرۆی کورد بەرەو خەسڵەتێکی خەملێوی باڵا وەربچەرخێ، پێویستە کار بۆ پەروەراندنی ئەو ئێتیکە بکەین. بە رای من، یەکێك لەو هۆکرانەی کە رەوایەتی بە خەسڵەتی فەرامۆشکردن لە لای مرۆڤی کورد دەدا، ئەو مۆراڵە نزمەیە. لەوەش بترازێین، دەزانم کازیوە مەبەستی لەو "مۆراڵ"ە نییە، بۆیە دەخوازێ بە ئیشکردن لەسەر بەرهەمهێنانی کۆئاگایی و مۆراڵێکی نوێ، ئەو مۆراڵەی کە رەوایەتی بەو دیاردەی فەرامۆشکردنە دەدا رووتبکاتەوە. هاوکاتیش کاتێك کازیوە جەخت لە بەهای "خودناسی"ی دەکاتەوە، دەخوازێ ئاگاییمان بۆ ئەو نائاگاییە بە کۆیلەکراوەمان لە لایەن کولتووریی نەتەوە باڵادەستەکان و بە تایبەیبەتیش بەعسیزم مشتوماڵ بکا. لە کن کازیوە، مرۆڤی کورد کاتێك، بۆ نموونە، لە خۆیی و پرسێکی وەك ئەنفال دەهزرێ، ئەوە خۆی نییە کە دەهزرێ، بەڵکو ئەوە ئەو ئاوەزە باڵادەستەی داگیرکارانە کە لەناوماندا دەهزرێ. ئەمەش هەر بۆیە کورد هەمیشە لە پرۆسەی فەرامۆشکردنی مێژوو و کلتووریی کۆنینەی خۆیدا دەژیی.

بەمجۆرە کازیوە لە دووتۆوی کتێبەکەیدا بیرۆکەگەلێك دەورووژێنێ، کە ئەگەر زانستگایەکانی کوردستان هێندە کڵۆڵ نەبووان، دەبوو لە بەشی زانستە مرۆییەکاندا چەندان لێکۆڵینەوە لە ئاستی ماجێستەرو دکتۆرایان لەسەر بنووسرابایە. لە بەشێك لەو ئاخافتانەدا، کازیوە باسی مەترسییەکانی ئەو کوردکوژییە دەکا لە لایان رژێمی بەعسەوە. ئەو پێی وایە، پرۆسەی ئەنفالکردن نە بە دادگاییکردن و کوشتنی تاقمێك لە رژێمی شۆڤینی بەعس و نە خنکان لە "ئەخلاق"ی فەرامۆشکردن لە لایەن جڤاکیی کورد، حکومەتی کوردستان و بەغدا چارەسەر ناکرێت. ئەو "ئەخلاق"ە لە

فەرامۆشکردن و بێ بەهاکردنەی مێژووی تراژیدیی ئەنفال و ئەزموونەکانی تر کە ئەمڕۆ کۆی مرۆڤی کوردی باشووریی سیخناخ و دەعەجانکردووە، ڕەنگدانەوەیەکن لەو سیاسەتی گەندەڵاندن و بێکولتوورییەی کە حەڤدە ساڵە حیزبی کوردیی بە ئاگا و بێ ئاگا بەرهەمی دەهێنێ.

لێرەوە ئەوەی کە لە ڕەڤەکانی کازیوە سەرنجمان کێشدەکا، دەستپێوەگرتنە بە بەرهەمهێنانی ویستیی کۆئاگایی بەرانبەر ئەو یادەوەرییە بریندارەی کورد. بەرهەمهێنانی ئەو ویستەش، بە رای کازیوە، " گواستنەوەی چەمکی ئەنفالە لە بەزەییەوە بۆ ڕێز "مەبەستم لە ڕەهەندی بەزەیی ئەو میکانیزمە سۆزدارییەیە کە ڕۆژانە ڕۆحی پاشماوەکانی ئەنفالی پێ ملەما دەکرێت، بە سێبەری ووشە قورس و نەرێتیەکان دەیانهەژێنن و ئەوانیش جارێکی دی بە شێوەی جیاواز لە ناخی خۆیاندا بەرهەمی دەهێننەوە. ئەو بەرهەم هێنانەوەی ئەوان هەمیشە خۆیان بە قوربانی بزانن و حکایەتی بەزەیی هێنەر بن نەك شانازی".

کەواتە بە ویستکردنی کردنی ئەنفال لەئاستی ئاگایی کوردی و خودی ڕەهەندی ئەنفالیشدا، دەبێتە بەرهەمهێنانی گوتاری دەسەڵاتێکی کاراو پۆزەتیف. هەڵبەتە مانەوەی ئەنفال لەو ئاستە نزمەی هۆشیاریی کوردییدا، پەیوەندی بە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی، ئابووری سیاسی، مێژووی ... هتد، هەیە. پێکهاتەیەك کە تائێستا بە سۆز و هەستەکییەوە بەرگاویکراوە، کە ئەو چەشنە پێکهاتەیەش ئەوەندەی لەسەر ئاستی بەرپەرچدانەوەکان بەردەوامی بوونایەتییەکەی پاراستووە، هێندە لەسەر ئاستی ئاگاییەکی کارای ماریفییەوە لەو بووناتییە جیگیر نییە.

لەئاکامی ئەوەدا، کورد هەمیشە مێژووە تراژیدییەکانی خۆی بەرهەمهێناوەتەوە. مێژووی کورد پڕە لەو دەمەدەقە واوەیلائامێزانەی کە باسی ئەو فەرامۆشکردنەی یادەوەریی خۆی دەکا. لەلای مرۆی کورد ترس و نیگەرانی لەو فەرامۆشکردن و خەمساردییەی کورد بەرامبەر مێژووی بوونایەتیەکەی، لە ئەحمەدی خانیەوە تا ئەمڕۆش لە رۆشنبیریی کوردییدا ئامادەیەکی راشکاوی هەیە. بۆیە جەختکردنەوە

لەسەر ئەو بێدەنگییەی ئەنفال لەئاستی کۆمەڵگای کوردو دەسەڵاتی سیاسییدا، شتیکی تازە نییە. ئێمە دەبینین کە چۆن میدیاو مەکۆیە جودایەکانی ئەمڕۆی دەسەڵاتی کوردی، رووداوە مێژوویی و سیاسی و کولتووریی و بگرە ئەنفالیشیان لە ئاستێکی رووکەشی هەڵپەڕکێ/پرسەنامەو ئاهەنگێڕان/فاتیحەخوێندن و کۆمەڵێك دروشمی ساکار کورتکردۆتەوە کە لە هەستی خۆ بە قوربانیدان زیاتر تێناپەڕن.
لەوەش زیاتر، کازیوە بە راڤەکانی لە پاشخان و رەهەندگەلی ئەنفال تەنێ لە ئاستی راگەیاندنی پەرۆشخۆریی لە هەمبەر ئەنفال و ئەو یادەوەرییەدا ناوەستێ، بەڵکو خولیایەك لە وەرچەرخاندن، هزراندن و بە واتاکردنی ئەو یادەوەرییەش رادەگەیەنێ. بەمجۆرە، بە ویستێك لەو خولیایە، کازیوە هەوڵدەدا ئەو دەمامکانەی سەر رووی داگیرکاران هەڵماڵێ، کە هەوڵدەدەن بە رێگای ئیفلیجکردنی "ئەخلاق" و "هوشیاریی" کوردەوە پرۆسەی بەردەوامی ئەنفالکردنی کورد لە هەموو ئاستێکەوە پەرە پێبدەن. لەو دیدەوە، دەکرێ بێژین، دیاردەی گەندەڵاندنی ئەخلاق و روحی کوردو بێ بەهاکردنی ئەنفال و پرسە نەتەوایەتییەکانی تر لە لایەن حیزبی کوردیی و نووسەرانی وابەستەیانەوە، بەشێکە لە بەردەوامی پرۆسەی ئەو نەنفالکردنە. کەواتە بێئومێدبوونی کەس و کاری ئەنفالکراوەکان لەو ژیانەی دوای ئەنفال و خۆزگە خواردن بەوەی کە ئەوانیش ئەنفال بکرابان، یەکێکە لە کارەساتەکانی ئەو سیاسەتی بێ بەهاکردنەی ئەنفال و کردەی فەرامۆشکردنەی کە حکومەتی حیزبڕانی کوردستان بەردەوامە لە بەرهەمهێنانی.
بۆیە ئەگەر حکومەتێك لە بری ئەو بە بازاڕکردنەی ئەنفال، چارەسەرکردنی نەهامەتییەکانی ژیانی بەر کەوتووەکانی ئەنفال بە ئەرکی خۆی نەزانێ، ناتوانێ لە ئاستی دەرەکیشدا بە کردەوە کار بۆ ناساندنی ئەنفال بکا، هەروەك هەتا هەنووکەش نەیتوانیووە. ئەو نەتەوەی کە حکومەتێکی هەبێ هێشتا قۆناغی خشۆکی نەبڕیبێ و ئەو ویستەشی لێ چاوەڕوان نەکرێ، ناتوانێ ئەنفال لە ئاستی خەمێکی بێکۆتاییەوە بگوازێتەوە بۆ ژیانێکی بەهادار. گەلێك لە ژێر سایەی حکومەتەکەیدا هەرچی بەهای

زمان" ئێتیك" مێژوو" یادەوەریی و... هەیبووە بەرەو وێرانکردنی بە تەواوی بڕوا" شەرم لەخۆی بکا بڵێ کوردم، یان ویستی رزگار بوون لە قۆناغی خشۆکی خۆیی و گەیشتن بە قۆناغی لەسەر پێی خۆ وەستان و سەربەخۆ بوونی تیادا ریشەکێشبکرێ، ناتوانێ لە پێناوی بە واتاکردنی ئەنفال بیر لە خەملاندنی کۆهزرین و کۆیستی ئاییندەیەکی بەهەمداری بەهادار بکاتەوە.

کەواتە پرسی ئاییندەی ئەنفال و قەدەری کورد، بە واتای هەننا ئارێند، ئەوکاتە مانادار دەبێ کە برینی ئەنفال دەبێتە کردەیەك لە بیرکردنەوە، ژیاندۆستیی و لێبووردەیەکی جوامێرانە، کە کورد لەو نەگبەتییەی لێکرازان و فەرامۆشکردنەی یادەوەریی ئەنفالکراوەی خۆیی و لەو خەونە بازرگانیی و گەندەڵاندنەی ژیان، رزگار بوو.

لە کۆتاییدا ماوەتەوە بێژین، کازیوە بۆ ئەوەی هێڵی ئاخافتەکانی تۆکمەتر بکا، دەبوو باسی ئەوەمان بۆ بکا کە ئاخۆ لە روانگەی پێوانەکانی جێنوساید، قانوونی نێودەوڵەتیی سەبارەت بە مافی نەتەوەو ... تاد، دەکرێ ئەنفال بە جێنوساید ناودێر بکرێ؟ ئەگەر وایە، بۆچی ئەو ئۆرگانە جیهانییانەی کە دەمڕاستی مافەکانی مرۆڤ پرسی جێنوساید دەکەن، لە بەرانبەر ئەنفالکردنی کورد بێدەنگن؟ وەك دەزانین، لە جیهانی دیمۆکراتییدا، بۆردومانکردن و کوشتنی خەڵکی سڤیل، کارێکی "نائەخلاقی"یە، کەچی بۆردومانکردن شار، دێهات و کوشتنی هاووڵاتییانی سڤیل بەردەوام لە ئارادایە، وەك بینیمان بە بەرچاوی حکومەتی کوردستان و جیهانی دێمۆکراتییەوە، تورکیای کەمالیست چەندان گوند و پردی بناری قەندیل و دەڤەرەکانی دیکەی کوردستانی باشووری وێرانکرد و دەیان خەڵکی سڤیلی بێگوناهی کوردیی بریندارو کوشت، کەچی هیچێك لەو وڵات و ئۆرگانانەی کە دەمڕاستی مافی مرۆڤ و نەتەوە بندەستەکانن، نقەیان لێوە نەهات. ئایا دەکرێ ئەو بێدەنگیی و فەرامۆشکردنە لە ئاستی کوردستان و جیهانییدا، ئاکامێك بێت لەو "ئەخلاق"ە دووڕووەی

**کۆمەڵگای جیهانیی؟ ئاخۆ ئەوە بەردەوامییەك نییە لە پرۆسەی ئەنفاکردنی کورد بە دەستی داگیرکارانی کوردستانەوە؟**

**بەجۆرە ئەو کتێبەی کازیوە هەر تەنیا ئەو کۆستە فەرامۆشکراوەی ئەنفال نالەرێنتەوە، بەڵکو دوای خوێندنەوەی خوێنەر هاندەدا بەناو گۆشە نادیارییەکانی ئەو بێدەنگبوونە لە هەمبەر کۆستی ئەنفالدا رۆبچێ و بەمەش ریشەی ئەو "ئەخلاق"ە دووڕووەی جیهانی دێمۆکراتیی و ئاگاییە بە کۆیلەکراوو گەندەڵێنراوەی حکومەتی کوردستان و نووسەرانی کورد راچڵەکێنی و هەڵوەشێنینەوە.**

**٢٠٠٨,٣,٩**
**ستۆکهۆلم**

# دەقـــــی
# گــفتووگـــۆکـــــــە

**تەها سلێمان: چۆن خوێندنەوە بۆ ئـەنفال ورەهەنـدە جیاوازەکـانی بکـەین؟ پێت وایە کـورد لـە سـەر ئـاسـتی فکـری و سیاسـی و ڕونـاکبیری توانیویـەتی پـەلاماری ئەنفال بۆ سەر شوناسی کوردبوون بخوێنێتەوە؟**

کازێوە ساڵح: بەر لە خوێندنەوە پێویستمان بە ستراتیژەیەکی ئەخلاقیانەی نـوێ هەیـە بۆ پێداچوونەوەی مێژوومـان و تێگەشتنمان لـە تاوانـەکان، تێگەشـتنمان لـە ئـەخلاقی بکەر وئایـدۆلۆژی و سـتراتیژی کارکردنیـان، خوودهۆشـیاری ووررووژانـدنی پرسـەکانی خوودناسی، ساکارتینیان بەرانبەر ڕەوشی بەعسیزم، ئایە ئاکری بەعـسیزم پاسڤە یـان ئاکتیڤـە؟ لـەوێوە تێگەشـتنمان لـە تراژیـدیا، ئێمـە هـەژاری مـەعریفین بەرانبـەر بـە چـەمکی تراژیـدیاو ڕووبەڕووبوونـەوەی تراژیـدیاو چـەمکی ژیـان پـاش تراژیـدیا، ئـەو هەژاریـە وای کـردوە پۆلینکردنمـان بـۆ جـۆری تراژیدیـەکان و کارەسـاتەکان لاوازو ئەبستراکت بێت. بە دەوڵەمەند کردنی ئەو هەژاری یە واتە خوێندنەوەی ئـەخلاقیمان لـە چەمکی ژیاندا بەرجەستە کرد، ئەو خوێندنەوەش ئەنفال دەکات بە ئـەرکێکی ئـەخلاقی سەپێندراو نەك داواکراو، ناکرێت چـاوەڕوانی ئـەوە بکـەین یـان داوا لـە خـەڵك بکـەین ئەرکی ئەخلاقی بەرانبـەر ئـەنفال تێـدا بێـت، پێویـستە بکرێـت بـە ئـەخلاقی هـەموو تاکێك و بە سەریدا بسەپێت وەکو مەرجی ژیان و مرۆڤ بوون، ببێت بە یاسای بـەردەوام بـوونی ژیـان لـە کوردسـتاندا. ئـەو ئەرکـە ئەخلاقیـەش لـە خۆیـدا بـە بـێ داواکـردن ئۆتۆمـاتیکی خوێندنـەوەی کـەلتووری، سیاسـی، کۆمـەڵایـەتی وئـادۆلۆژی و مرۆیـی دەکات بە بەشێك لـە دیـاریکردنی واتاکـان. ئـەو کـات ئـەخلاقی زمانـەوانی چـەمکی ئەنفال لە میکانیزمی قوربانی وبەزەییەوە دەگۆێزێتەوە بۆ چەمکی ڕێـزو شـانازی، لـە داسـتان و حیکایـەتی دەرۆزەکردنـەوە دەگوێزێتـەوە بـۆ چـەمکی ئاواڵـا بـوونی پرسـی مرۆیـی، پرسـیەك گواسـتنەوەی ڕزگـاربووانی ئـەنفال لـە دەرەوە بـۆ نـاوەوەی کایـە کۆمەڵایەتیەکان بەرجەستە بکـات، بیرمـان نەچـێت لـە سـتراتیژی لۆکاڵـدا کەسـی لـە ئەنفال ڕزگار بـوو لـە نێـو کۆمـەڵی کـورددا و لـە ژێـر سـایەی بـەڕێوەبردنی کوردیـدا خەڵکانێکی پەراوێزخراوی کۆمـەڵایەتین لە هەمـوو ڕووەکانەوە، ڕۆشنبیری، فەرهـەنگی،

خوێندەواری، هاورکاری و گـوزەرانی رۆژانــە، ژیـانی هاوسـەری و هـەبوونی ڕەچـەڵەك، کایە خزمەتگوزاریەکان و.. تد . هەر یەك لەو خاڵانە مرۆڤی ڕزگـار بـووی ئـەنفالی لـە مرۆڤێکـی کۆمـەڵایەتیـەوە گواسـتوەتەوە بـۆ مرۆڤێکـی گۆشـەگیرو پـەراوێز، ئـەوەش خوێندنــەوەی دەروونــی کۆمــەڵایــەتی و سیاســی زۆر هەڵــدەگرێت، لــە ئاکامــدا ئــەو گوومانەمان لا دروست دەکات گەر ئێمە کورد بـە گـشتی و دەسـەڵاتدارانی کـورد بـە تایبەتی گەر لە ستراتیژی لۆکاڵدا دۆڕابین بەرانبەر بەهای لـە ئـەنفال جێماوەکـان چـۆن دەتوانین لە نەخشەی ستراتیژی دەرەکی بۆ بکێشێت ، لە کاتێکدا لـە بـێ بـەهاییان لـە نێو کایە کۆمـەڵایەتی و ژیانیەکاندا زۆر لە ئەنفال بـەجێماوو تەنانـەت ئامـادەی ئـەوەی نەماوە لە دیدارێکدا باس لە تانانی ئەنفال دژ بە خـۆی بکـات، چـونکە چیدی ئامـادە نیــە تــەنها ئــامرازی ئەدڤــەرتایزو ڕاگەیانــدن بێــت. لــە بەرژەوەنــدی کــەس، دەزگــاو ڕاگەیاندنە جیاوازەکان بەکار بهێنرێت، بـێ ڕەچـاو کردنـی بەرژەوەنـدی خـۆی. هـەردوو ستراتیژی لۆکاڵی و دەرەکی پێویستیان بە هێڵ کێشانێکی هونەریانەی سیاسـی هەیـە بۆ یەکگرتنی ئەرکە ئەخلاقیەکانی کورد ، هێڵکێـشانێك لـە شوناسـی جیـاوازی نێـوان لادێ و شارەوە دەیگوێزێتەوە بۆ شوناسی گشتی، ئەو ڕەهەندە لە هەموو ڕەهەنـدەکانی دی گرنگترەو تەنها بەشێکی کەم باوەڕیان پیەتی، چەمکی شوناسـی گـشتگیر وغـەمی گشتگیر نەك شوناس و غەمی تاکڕەهەنـد، سـەلماندنی مێـژووی تاوانێـك و تێپەڕانـدنی لە پرسی لۆکاڵەوە بۆ پرسی دەرەکی پێویستی بە گـشتگیرکردنی شوناسـی ئـەو تاوانـە هەیە، ناکرێت ئەنفال خاوەنی چەند شوناسی جیاواز بێت لـە نێـو کایـە کۆمـەڵایـەتی و سیاسـیەکانداو بـشمانەوێت وەکـو جولەکـە شوناسـی نیـشتمانیمانی لـێ بەهرەمەنـد بکەین. ئەنفال هەر تەنها لە کوشـندەیی و هـەژاری بـەرێوەبردنی دەسـەڵاتی کوردیـدا گورزی کوشندەی بەر نەکەوتووە، ڕۆحی جوداخوازی و ئەتك و خۆبەبەرپرسیار نـەزانیش گەورەترین گورزی بەر ئەنفال و چەمکەکانی دی کوشـتن و قڕکـردن و شـەهیدداوە، لـە قسە کـردن و ڕەفتـاری تـاکی کـورد بڕوانـە هـەتا ئێـستاش بـە بەشـەکانی کوردسـتان دەڵێت کوردستانی عێراق ، ئێران، تورکیا و سوریا، نەك باشـور، بـاکور، ڕۆهـەلات و

ڕۆژئاوای کوردستان. هەتا ئێستا هەر پارچەیەك بە جیاوازی بەرگری لـە خـەباتی خـۆی دەکات و یەك دەنگی نەبڕاوە بـە بـەر ئـەو تاوانانـەی دژمـان کـراون، ژمارەیـەکی زۆری بەشەکانی دی کوردستان بە باشی ئاگایان لە تاوانی ئەنفال نیە، کە باس لـە تاوانـەکان دەکەن تەنها باس لە تاوانەکان دژ بەو بەشـەی خۆیـان دەکـەن و لـە ئەجنـدەی کاریانـدا ئـەنفالیان دانەڕشـتووە، تـا ئێـستا غـەمێکی گـشتگیر نیـە بـۆ لایـەنی زمانـەوانی و تێگەشتنمان لە یەك، هەژارترین میللەت لە ڕووی فەرهـەنگی و سیاسـیەوە، هـەژاریان ناگـات بـە ئاسـتێك نـەتوانن چـەند خـولێکی زمانـەوانیان هـەبێت بـۆ دیالکتیکـە جیاوازەکان و فێر بـوون و تێگەشـتن لـە یـەکتری، تـا ئێـستا لـەو بەشـەی کوردسـتانی ئەنفالکراویشدا مەسەلەی جیاوازی نێوان سـۆرانی وکرمـانجی ڕەواجـی هەیـە، بـە یـەك چاو سەیری ئەنفالکراوەکان و لە ئەنفال ڕزگار کراوەکان ناکرێت . ئەوانەش تـەنها غـەم ساردی بەرهەم نەهێناوە ، بێ بەها بوونی مرۆڤ و بـێ بـەها بـوونی کوردیـشی بەرهـەم هێناوە ،ناکرێت ئێمە خۆمان بەها بۆ خۆمان دانەنێین و داوای بەها لە بەرانبەر بکـەین .هەر غـەمی ئەخلاقی و زمانەوانی داوای گۆڕینی کلێـشەی ئـەنفال دەکـات لـە قـسەی سەر زارەکییەوە بۆ فیلمی دۆکۆمێنتار، ئەوەی تا ئێستا دەربارەی ئەنفال دەگووترێت ،زیاتر قسەی سۆزداین ، نـەك لێکۆڵینـەوەی ئـەکادیمی ، زیـاتر سـۆز ورۆژاندنـە ،نـەك پیشاندانێکی واقعیکی کاریگـەر، بـە تایبـەت لـە سـەر دەرەوەی کوردسـتان هـەروەها دەبێـت بـە بەڵگـەی مێـژووی و سەرچـاوەی مێـژووی بـۆ داهـاتوو. ئـەو خوێندنـەوە ئەخلاقیەش بە زاکیرەی کاڵی سیاسی و دەستی باڵای میللیگـەرایی کـەلتوور فەراهـەم نابێـت ، ئـەنفال تـەنها ڕەهەندێکـە لـە هـیچ ڕووەیەکـەوە تاکڕەهەنـدی پەسـەند نیـە و کۆمەك و یەدەستی هەردوو بەرەی سیاسی وکۆمەڵ دەخوازێ ، ئەوەی کایـە سیاسـیەکە خستوویەتە دەرەوەی ئەرکی خۆی بە کایە کۆمەڵایەتێکە هەڵناسـوورێت، ئـەوەش کایـە کۆمەڵایەتێکە هەڵیواردووە بە کایە سیاسیەکە ناکرێت، لادانی هەر لایەك لـەو ئەرکـە ،لادانە لە مۆراڵی مرۆیی و نیشتمانی ،دیارە هاوکێشەی ئەو مۆراڵە لە ئێستادا تـەواو لاسەنگە، هاوکێشەی لاسەنگیش کێشەی هۆشیاری خـوود ناسـین وکێـشە فکریـەکانی

هەیە، هەردوو کایەی سیاسی وسیڤلی کورد خاوەنی هۆشیاری خوودناسی نیە، ئەو ناهۆشیاریەش جگە لەوەی ڕووبەڕووی زۆر کێشەی دی ناوەکی ودەرەکی کردوەتەوە، ڕێنیشاندەریشی نەبووە بۆ دروستکردنی شوناسی نیشتمانی خۆی ،مرۆڤی بێ شوناس نازانێت ئالۆزیەکانی شوناسێکی نادیار ومەترسیەکانی شوناسیەکی ئەتك کراو چی یە، تا بتوانێت خوێندنەوەی دروست هەبێت و پەلاماریەکی مەعریفیانەی کارەساتەکانی بدات، ئەو کێشانەی باسمان کردو نەبوونی باوەڕی تەواو لای هەردوو کایەی سیاسی وکۆمالآیەتی بۆ پەلاماردانی ئەو کارەساتە وزیندوو ڕاگرتنی ئاکتیڤ بوونی ئەخلاق و سیماکانی بەعس دەسەلمێنێت، هەتا ئەو سیمایەش لە دەروون ومۆراڵی گشتی تاکی کورددا بزر نەبێت، جگە لە هەڵوەشانەوەی کایە مۆراڵی و سیاسی وکۆمەڵآیەتیەکانمان، سەرجەم کێشە و کارەساتەکانیشمان بە هەڵواسراوی دەمێنێتەوەنەك تەنهاك تاوانی ئەنفال.

**تەها سلێمان: من مەبەستم بوو یەکەم پرسیارە بەو شێوە گشتگیرە بخەمە ڕوو، چونکە پێم وایە ئێستا دەتوانین ووردترو بابەتیانەتر پرسیار بکەین: ئایا کولتووری بەعسیزم بە دیدی تۆ تەنها پەیوەندی ئاشکراو شاراوەی لە گەڵ کۆنەستی بەعسیەکاندا هەیە بۆ سڕینەوەی بەرانبەر لە نموونەی پەلاماری ئەنفال، یان بە پێچەوانەوە ئەم کولتوورە پانتاییەکی بەرفراوانی لە پێکهاتەی کۆمەڵگای رۆژهەڵاتیدا داگیر کردوە؟ دواتر کاریگەرییە ترسناکەکانی ئەم کولتوورە لە کوێدا چڕو ترسناکتر دەبێت؟**

<u>کازێوە سالّح:</u> بەعسیزم تەنها پابەند بوونی واژوویی وپەڕاوو کۆنتراکتی وابەستەبوونی کارەکتەری یەکەم نیە بە دووەمەوە، ئەوە وابەستەبوونی هەڕەمکیانەیە، بەعسیزم لە سەر بنەمای هێچگەرایی ومیکانیزمی هەڕەمەکیانە خۆی ڕێنوما نەکرد، بە پرۆگرامێکی چڕوپڕی مەبەستگەر بۆ نێو کایە کۆمەڵایەتی و سیاسی و کللتووری و ژیانیەکان ئاراستەی خۆی نیشان کرد. دەستنیشان کردنێك شۆڕ بێتەوە بۆ نێو هەموو

پنته ئاكاری وئەخلاقیەكانی مرۆڤ. (سەدام حسێن) یش داهێنەری ئەو پرۆگرامە نەبوو، سەدام ئامراز بوو بۆ ئامانج. هەتا ئەو كاتەی بوو بەهێزو لەوێوە بەكەڵك وەرگرتنی نەریتیانە لەو هێزو دەسەڵاتە هەندێ جار پلانی جەوهەری و بوونیادگەری بەعسیزمی پشت گوێ دەخست، تەنها ئەو پشت گوێ خستنە ودڵنیا بوونیش لەوەی چیدی بەعس لە ناوچەكەدا بوو بە ئەخلاقی گشتگیر وپێویستی بە گەیەنەرو واعزیەك نیە، سەدامی بەرەو لە ناوبردن برد، چونكە نە سەدام و نە پلان و پرۆگرامەكانی تەنها بەرهەمێكی ناوەكی نەبوون، هاوردەیەكی دەرەكیش بوون، با خۆمان بەوە نەخەڵەتێنن وا بزانین هیچ هێزیەكی ناوەكی لە ڕۆژهەڵاتدا بە بێ پاڵپشت و دروستكردنی هێزی دەرەكی دەگات بە سنووری هێزی سەدام وبن لادن. بەڵام هێزە ناوەكیەكانی داهێنەروپاڵپشتی بەعسیزم دڵنیا بوون لەوەی ئایدۆلۆژی بەعسیان لە تەمەڵخانەیەكی بەرهەم هێنەری جەهل و سەلەفیەت، بێ تیرامان وتەژی بە ڕۆحی شەڕانگێزی وخوود نەناسی وەكو عەرەب و ڕۆژهەڵات نمایش دەكەن، هەبوونی ئەو فاكتەرانەش پاڵنەرێك بوون بۆ داهێنانی ئایدۆلۆژیای بەعس، ئەو ئادۆلۆژەیەش یەك سەرچاوە نیە پێشتر ڕەگ وریشەی لە مێژو و ئاینە عەرەبیەكاندا هەبووە، بەڵام لە كاتی پۆلینكردنیەوە بە ناو بووە بە پرۆسەیەكی دەسەلاتخوازی، دەسەلاتخواز لە هەموو كایە عەقڵی و ئاكاری وئەخلاقیەكان، ئەوە جۆرە دەسەلاتە لە مێژووی دەرەوە بوونی هەبووە، لە شێوە دەسەلاتی هیتللەرو ستالین، بەڵام درێژبوونەوەی كاریگەری بەعس لەوەدا بوو، كە دەسەڵاتێكی بۆماوەولە باوكەوە وەرگیراو نەبوو، ئەزموونێكی تاقیكراوەی ناوخۆ نەبوو، تا خەڵكی عەرەب بە گوومان و گریمانەی دۆڕان لێی بنوارن، ئەوەش یەكێك لە نهێنیەكانی بە دەستهێنانی هێز بوو. ئەو تاقیكردنەوەش لە هیچەوە دەستەبەر نەهاتبوو، بەڵكو لە توانای جیهانبینی دامەزرێنەرانی بەعسەوە بوو، بۆ داهێنانی چەمكێك لە دەرەوەی چەمك و هێزی تەقلیدی ناو كایە كۆمەڵایەتیەكانی عێراق و سووریا، چەمكی گەمەكردن لە ناو میكانیزمی دەسەلاتسازی ودەسەڵاتخوازی، بە شێوەیەك لە سەرەتادا بەراورد بە دەسەلاتەكانی

پێشوو زنجیرەیەك بەرەوپێشچوونی شاگەشکەکاری بە خۆوە بینی، ئەو پێشەوەچوونانەش متمانەی گەمە دەسەڵاتخوازیەکانی زیاتر دەکرد، لێرەوە هێزی جەماوەر لە کایەی بەعسدا بوو بە ئامرازو سیسماتیزەکردنی لە بەرژەوەندی پرۆگرامی بەعسیزمدا بوو بە ئامانج، ئەو شێوە بەڕێوەبردنەش حوکمڕانی تۆتالیتاری" شمولی " لێ دەکەوێتەوە، سیستمی تۆتالیتاری ڕەوایەتی دان بە دەست وەردان لە هەموو کاروبار وژیان وتەنانەت نەستی هاوڵاتی و یاساغ کردنی پرسی ' بۆ؟ ' خۆی چی دەکات، هەموو پرەنسیپەکان لە ئاستی بەرژەوەندی دەسەلاتەوە گەڵاڵە دەبن و لە ئاستی بەرژەوەندی هاولاتیشەوە دەکوژێنەوە، ئەو ڕەوتەش لە گەڵ کاتدا دەبێت بە ڕەوایەتی دانێکی سرووشتی و پاشان ئەخلاق و نەریتی کۆمەڵایەتی. ئەخلاق و نەریتێك داهێنەر لە جۆریەتیچەوساندنەوەو شەڕانگێزی و مەرگ دۆستی و بابەتی پەسەندکردنیدا.
لە سەر ئەو بنەمایانە دەسەلاتی بەعس بوو بە ئەخلاقێکی کۆمەلایەتی و کولتووری کە تاك و کۆی عێراق و ناوچەکە هیچ دەسەڵاتێکی لە فۆرمەلاکردنی ئە ئەخلاقەدا نەبووە، وەرگیراوی دەرەوەی درك و هۆشیاریش هەمیشە دەبێت بە هۆی هەرەس هێنانی بنەمای دەروونی دروست، لەوێوە بەعسیزم وئاکارەکانی جگە لەوەی بووە بە ئەخلاقێکی کۆمەڵایەتی بووە بە دەردێکی دەروونی و ئامادەباشی خۆی لای هەموو تاکێك دووپات دەکاتەوەو، ئەوەی تێدا بە دی ناکرێت بە پێی ئاستی هۆشیاری خۆی چارەسەری بۆ ئەو ئالوودە بوونە دۆزیوەتەوە، واتە هۆشیری گەیاندویەتی بە ئاستێك بزانێت بەعس ناسی واتە خوود ناسی و لەوێوە کەلێنە دەروونیەکانی خۆی چارەسەر دەکات، بەلاّم ئەو هۆشیاریە گیانێکی مردوو داهێزراوە لە ناو کۆمەڵی کوردیدا کە لە سەرجەم تاك و کۆمەڵەکانی ژێر دەستی بەعس کارلێکراوترو بە بەرنامەتر کاری لە سەر کردووە. ترسناکی ئەو دیاردەیە لەوێدا چڕ دەبێتەوە کۆمەڵی ئێمە هەست بە قورسی ئەو کاریگەریە ناکات و تا ئێستا بەعس ناناسێت و ئاکارەکانی لە ئەخلاقی خۆێدا ناناسێتەوە، تەنانەت هەندێك لەوانەش زۆر بە سەختی دژی بەعس و ئاکارەکانی دەوەستنەوە لە زۆر خاڵدا نەیانتوانیوە، کاریگەری بەعس و کارکردنەکانی لە سەر

بیرکردنەوەو کرداری ڕۆژانەیدا بنبڕو ڕیشەکێش بکات، ئەوەش فۆرمێلای خولانەوەی لە یەك بازنەدا دروست کردوە کە نە ڕێگەی ڕزگار بوونی یەکجاری دەزانێت نە مل دانی تەسلیم بوونی یەکجاری. بازنەیەك جگە لە داڕووخانی سەرخان وژێر خانی کۆمەڵایەتی وئەخلاقی و شارستانی هیچ ئاکامێکی دی بە دوای خۆیدا ناهێنێت، واقعی ئەمڕۆی جیهانی کوردیش ئەو گوومانەی کردوە بە یەقین و وەکو حەقیقەتێکی حاشاهەڵنەگر ئامادەیی خۆی دیاری دەکات.

**تەهاسلێمان: لە وەڵامی پرسیاری یەکەمدا باسی بێ ئاگای کۆمەڵگای کوردیت لە ئەنفال کردووە، هۆکاری ئەم بێ ئاگایە بۆچی دەگەڕێنیتەوە ؟ ئایە بە لێکدانەوەی بابەتیانە ئەمە خوێن ساردی تاکەکانی کۆمەڵگا نییە بەرامبەر ئەو تراژیدیایە وەکو پەنجەت بۆ ڕاکێشا بوو ؟ هەمان ئەو خوێن ساردیە نیە کە بوەتە هۆکاری زاکیرەیەکی پەرت و نائاکتیڤ بەرامبەر خودی تاوانەکان لە دژی بە ئەنفالیشەوە؟**

کازێوەساڵەح: بە بڕوای من ژیانی پاش مەرگ جوانترە لە ژیانی ئاسایی، بۆ بینینی ئەو جوانیەو زیندووتیەکانی پێویستمان بە هۆشیاری، عەقڵانیەت، ئیرادەو خواستی خوود ناسی هەیە. ئێمە کۆمەڵی پاش مەرگین، دەبوو زیندوویەتییە دەربازبووەکانی پاش مەرگ ژیانی جوانتر بکردینایە، بەڵام لە بەر ئەوەی خاوەنی کۆمەڵێکی ناهۆشیارین و خواستی خوودناسیش لە بۆتەی بەعس نەناسیدا بزرکراوە، ناتوانێت پەیژەی ئیرادە بکات بە ئامراز بۆ سەرکەوتن بەرەو چیای هۆشیاری وعەقڵانیەت .

وەکو پێشتر گووتم کۆمەڵی ئێمە کۆمەڵێکی هەژارە لە ڕووی تاواناسی و پێناسەکانی بۆ تاوان، نەزانینیش خەم ساردی بەرهەم دەهێنێت، بەڵام ئەوە تەنها ئاکارێك نیە بە ڕووی چەمکی تاواندا خۆی بەرجەستە کردبێت، بەڵکو مامەڵە لە گەڵ هەموو فاکتەرەکانی ژیاندا دەکات و ژیانی کۆمەڵی کوردی بە گشتی خستووەتە بەر لێپرسینەوەی ئتیکی و مێژووی. کێشەی سەرەکیش خوود هۆشیاری و خوود ناسییە،

ناتوانین خۆشمان بناسین هەتا ئەنفال و بکەرانی نەناسین، ئەنفالناسی گرنگترین خاڵە بۆ ئەوەی شرۆڤەی ناسینە خودیەکان سەرچاوە بگرن. مرۆڤیش کە خۆی نەناسی خاوەنی شوناسی مرۆیی خۆی نیە، خاوەنی ئیرادەو هۆشیاری و زاکیرەو هزر نیە، مرۆڤ کە خۆی ناسی واتە هۆشیار بووەتەوە، کە هۆشیاریش بوو ئیرادەی دەبێت، خاڵی بەرگرکردن وڕووبەڕووبونەوەش لەو کۆنسێپتەوە دەست پێ دەکات، ئەوە بۆچوونیەکی فۆکۆیانەیە کە" بەرگری نەما دەسەڵاتیش نامێنێت " من ئەودەسەڵاتە تەنها لە دەسەلاتی ڕامیاریدا نابینمەوە، لە هەموو ئە فاکتەرانەدا دەبینمەوە پێویستە لە ژێر کۆنترۆلێ مرۆڤدا بێت و دەسەڵاتی مرۆڤ بەرجەستەی دەکات، وون کردنی هۆشیاری بەرگریش دەبێت بە هۆی بزرکردنی هۆشیاری مانەوەی ، نەك تەنها مانەوەی جەستە. مانەوەی ڕۆح، مانەوەی کولتوورو مانەوەی شرۆڤە شارستانیەتەکانی خۆمان. کاتێك هەستی مانەوەمان لا دروست بوو، هەولی جێگیر کردن و سەلماندنیش دەبێت بە خەمان، هەر ئەو خەمەش بەرەو ئاراستەی خود ناساندنمان دەبات، ناساندن و جێگیرکردن و پاراستنی سەرمایەیەکی نەتەوەیی و کولتووری خۆماڵی لە نێو کەلتووری جیهاندا، بەڵام ئەو هەستانەمان زۆر لەوە لاوازترە رێگە پیشاندەرمان بێت بۆ خۆ چەسپاندن و جێگەبوونەوە. ئەو هەست هەژاریەش ناتوانێت لە ئاستی تاوانە گەورەکاندا رێچکە شکێن بێت. مرۆڤ بۆ ئەوەی خاوەنی هۆشیاری خوودناسی و هۆشیاری کەلتووری بێت، پێویستە خاوەنی هۆشیاری ئازادیش بێت، بە واتای دەرچوون لە گۆشەگیری، کە پرۆژەی خوود خۆشویستنی بۆ دەگێڕێنێتەوە، خودخۆشویستن بە مانای ئیگۆیزم نا، بە واتای خۆشویستنی نیشتمان وهاونیشتمانی خۆت، خوود خۆشویستنیش بەشێکی لە پاراستنی ئازادیە تاکێکاندا فەراهەم دێت، بەشەکەی دی لە بینینی نەتەوەی خۆو جیهان بە زیندووی. لە گەشبینی، گەشبینی بەوەی کۆمەڵ دەتوانێت بەشە مردوەکان زیندوو کاتەوە، یان لانی کەم دەتوانێت بەشە زیندوەکان بە زیندووی بهێڵێتەوە، مرۆڤی دروست لە سەرەتادا بە هەست خۆی ئازاد دەکات، کوشتنی هەر فاکتەریەك لە فاکتەرە گەورەو بچووکەکانی ژیان بە هەموو

چەمك و پرەنسیپەکانەوە واتای کۆیلەی دەکات و مرۆڤی کۆیلەیە. کۆمەڵی ئێمە هێشا کۆیلەی کولتووروموڕاڵی بەعسە، هێشتا بەعس ناناسێت و هێندەش دوورە لە ناسینی خۆیەوە نازانێت ئاکارەکانی بەعسیانەیە یان کورددانە، هێشتا عەقڵ و دەروونی ئازاد نەبووە، کۆیلەش مرۆڤی سست و پاسیڤە، نازانێت هیچ بژیەنێتەوە، کۆیلە ناتوانێت ئازاد بێت، مرۆڤ گەر جەستە وزمانیشی ئازاد نەبوو عەقڵ و ڕۆحی ئازاد بوو له هەموو شت کەمتر بیر لە مردن دەکاتەوە، دانایشی لە بیرکردنەوەدایە لە ژیان و زیندووکردنەوەی بەشە مردوەکان نەك مردن، بەڵام کۆمەڵی ئێمە هێشتا لە گەڵ ئەو دانایەو هەل و مەرجەکانی کۆك نیە.

**تەها سلێمان: لە جێگایەکی وەڵامی یەکەمدا باست لە قوربانی کردوە، هەروەها باس لەوە دەکەیت پێویستە ئەنفال لە میکانیزمی قوربانیەوە بگوێزرێتەوە بۆ چەمکی ڕێزو شانازی، ئەمەش لای من پرسیاریەکی بێ وەڵامە تا ئەم ساتە، نزیك بوونەوە لە بیست ساڵ تێپەڕبوون بە سەر ئەنفالدا دروست دەکات بەم شێوەیە: بۆچی تا ئێستا قسەکردن لە سەر ئەنفال تەنها ئەرکی بە جێماوانی قوربانیەو دەبێ قوربانی ئەم ئەرکەی لە ئەستۆ بێت وەکو مامۆستا ڕێبوار سیوەیلی لە نووسینێکدا ئیشارەتی پێدەکاو ڕەخنەی دەکا؟ ئایا ئەمە نائامادەیی پرۆژەی ئەنفالناسی ناکات لای ئێمە، بەشێك نیە لە کورتهێنانی ئێمە لە بەرامبەر تاوانی ئەنفالدا؟ یان بە پێچەوانەوە ئەم ڕاستیە تاڵە بێ ئاگای ئێمە لە باگراوندی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی ودەروونی و ئاستی تێکشکانی قوربانیان و دووربوون نیە لێیان؟؟**

<u>کازێوە ساڵح</u>: نووسینکەی سیوەیلیم نەبینیوە نازانم جەختی لە سەر کام لە قوربانیان کردوە، من پێم وایە سێ جۆر قوربانی لەو مەیدانەدا دەبینرێت، یەکێك کە بەجێماوی قوربانیە، کە لە ئەنفال ڕزگاربوانیش دەگرێتەوە، دووەم ئەو قوربانیانەن ئامادەن

ئەوانیش وەكو قوربانیانی ڕابردوو، ببنـەوە بـە قوربـانی (نیـشتمان و خـاك )، چـونكە ئەوە بەشێكە لـە شوناسـی قوربـانی، سـێهەم ئـەو قوربنیانـەن كـە مرۆڤـی ئایـدیاڵن و تیۆری ژیانیان لە گەڵ بەرژەوەندی خۆیان وبەرژەوەندی دەسەڵاتداراندا دابەش نـەكردوە، وەكو بیروباوەڕ هاتوونەتە مەیدانی قسە لـە سـەر كـردن، بـەڵام تـەنها بـواری تیۆریـان پێدراوە نەك پراكتیكی، لێرەوە قسە كردن لە سەر ئـەنفال دەگۆڕێـت و تـەنها قوربـانی قـسەی لــە ســەر دەكــات، چــونكە بەشــەكانی دی قــسەكردنی لاوێـژن"مجـاز" یـان هەڵوێستگەرین، راستە نائامادەیی پرۆژەی ئەنفالناسی بەشێكە لـە كێـشەی بـە لاوێـژ بوونی گووتاری ئەنفال، بـەڵام كێـشەی سـەرەكی ترسـە لـە ئەنفالناسـی نـەك نـەزانینی هـەبوونی پـرۆژەی ئەنفالناسـی. ئـەو ترسـەش گوومـانی زۆر بـە دەوری دەسـەڵاتداراندا دەكێشێت، گوومان لە ئێستاو ڕابردوو، دەسەلاتێك نەیتوانیبێت بێ گووناهی خۆی لـە تاوانەكاندا نیشان بدات، هەوڵ نادات بۆ ناسینی، هـەوڵ دەدات گـەورەیی تاوانەكـە بـە شێوەیەك بشێوێنێت كە جەللادو قوربانی، ئەنفالكراوو ئەنفالچی، شۆڕشـگێڕو جـاش، ئەتككراوو ئەتككار، دڵسۆزو گەندەڵ یەك واتـاو یـەك بـەهایان هـەبێت، وەكـو ئـەوەی ئێـستا لــە جیهــانی كــورددا بــووە بــە ڕەوتــی ژیــان، تێكڵــاوبوونی ئـەو چـەمكانە و پەراوێزخستن و كپكردنی ئەوانەی ئایدیالیانە لە ئەنفال دەدوێـن گـەواهی تێوەگلانیـان دەدات. .

كێـشەیەكی دی نــەبوونی پــرۆژەی ئەنفالناســی تەنانــەت لای قوربانیــانیش، كێـشەی هــەژاری خوودناســی و خــوود هۆشــیاریە، وەكــو پێــشتریش ئامــاژەم بــۆ كــرد، دیـارە خوودهۆشیاری پاسپۆرتی خوود ناسی یە، ئێمە خۆمــان نەناسـین نـاتوانین بەرانبـەریش بناسـین، نـاتوانین پـۆلینی تاوانـەكانمان بكـەین، نـاتوانین لـە گـەلێكی حەپەسـاوەو بـە كولتووری داگیركار ببین بە گەلێكی خاوەن كولتوور و شارسـتانیەت. ئـەوە چـەمكێكە پەیوەندی بتەوی بە سەرخان وژێرخانی ڕۆشنبیری و شارستانیەتی ئێمەوە هەیە، ئێمە تـا ئێــستا شارســتانیەت و كولتــووری خۆمــان نەناســیوەو بــە شارســتانیەتی بــەدەوی و كەلتووری داگیركەرانەوە دەمانەوێت بونیادی سەرخانێكی مـەعریفی بنـێین لـە ئاسـتی

تاوانە باڵاکانماندا بێت، لە کاتێکدا خاوەنی شارستانیەتی میزۆپۆتامیاو میدیاو خاوەنی زەپۆشە ئاینی و ڕێبازەکانی زەردەشتی و ئێزیدی و کاکەیی و حەقەین، خاوەنی ئیمارەتەکانین کە کۆمەڵێ کەلەپووریان بەرهەم هێناوەو شارستانیەتیان بە جێهێشتووە، پێویست بوو کولتوورمانی پێوە گرێ بدرێت، شارستانیەتمانی لە سەر بونیاد بنێین، بەڵام نەك هەرهەژاری زانیارین دەربارەیان، بەڵکو هێندە سەرسامی کولتووری داگیرکەرانمان بووین، کەلتووره ڕاستەقینەکەی خۆمان بە بێگانە دەزانین، ئەوەی خۆشمان کردوەتە گیرفانی بێگانەوە. هەر میللەتێکیش خاوەنی کولتووری خۆی و بنەمای خۆناسی نەبوو، خاوەنی کایەی کۆمەڵایەتی دروست و گرێ بەندی کۆمەڵایەتی نوێش نابێت. لە نێو ئەو ژاوە ژاوی کەلتووری عەرەبی و ئاینی ئیسلامی و مامەڵەی کورد لە گەڵ پێشکەوتنی تەکنەلۆژی بە عەقڵ و مۆڕاڵی میللیەوە، فەرامۆشکردنی مۆڕاڵ و ڕەوشتی ڕاستەقینەی مرۆڤانەمان بەرهەم دەهێنێت، کاتێکیش مۆڕاڵ فەرامۆش کرا، بەرگری نامێنێت، چونکە مۆراڵ ماهیەتی بوونە، کە بەرگریش نەما پیرۆزی نامێنێت. ئەمرۆ ئێمە گەشتووین بە ئاستی بێ بەها کردنی پیرۆزییەکانمان و داخلیسان لە واتای مۆراڵ و خودناسی، بۆیە بەرگریمان نەماوە نەك تەنها سەبارەت بە ئەنفال وەکو تاوانێکی هەمیشە زیندوو، بەڵکو هەموو کایە کۆمەڵایەتیەکانمان تووشی ئەو قەیرانە بووە، هەموو کایە کۆمەڵایەتیەکانمان پێویستی بە شۆڕشی مۆڕاڵی هەیە. لێرەویە من هەندێ لە بەرهەمەکانمدا جەختم لە سەر ئەخلاقناسی کردوە وەکو بنەمایەك بۆ ئەنفالناسی. هیچ میکانیزمێك ناتوانێت گرەنتی زیندووهێشتنەوەو ئەنفالناسی بدات بە بێ ڕزگار بوونمان لە سەرسام بوون بە کولتووری داگیرکەران و بکەرانی ئەنفال، بکەرانی ئەنفال تەنها بەعس نیەو بەعسیش قالبێکی کۆنکریتی نیە، بە شکاندنی کۆتایی بە ئالوودەبوونی بەعسیانە بێت، کورد گەر خاوەنی چەکوشەکەش بێت، خاوەنی فکری بنبڕکردنی پیس نەبوونی ژینگەی نیە بە تەپ و تۆزەکەی، جگە لەوەی ئەو چەکوشە تەنها بە دەستی دەسەلاتدارانە، ئەوەش هەڵەیە، تاوانی ئەنفال تەنها تاوانێك

تاکرەهەندی پەسەندناکات و پێویستە هەوڵی گشتگیری بۆ بدرێت و بریێتە ئاستی جینۆسایدی جولەکە، ئەوەی بە ڕۆشنبیرو مرۆڤی ئایدیاڵ دەکرێت لە مەسەلە ڕاڤەییەکاندا بە دەسەلاتداران ناکرێت، ئەوەشی بە دەسەڵاتداران دەکرێت بۆ چەسپاندن و کارکردن بە تیۆرەکانی ئەوان بە تاکەکان و مرۆڤە ئایدیاڵەکان ناکرێت، چونکە دەستبردن بۆ هەر چەمکێکی ئەنفال دوو چەمکی دی بە دووی خۆیدا ڕادەکێشێت بۆ تەواو بوون، ئەوانیش چەمکی بڕیاری سیاسی و هاوکاری مادییە، پرەنسیپی نزیك بوونەوە لە ئەنفال یەکخستنی تیۆورو پراکتیکی دەوێت. ئەو مەرجەش کێشەی گەورەی تەنها بۆ ئەنفال دروست نەکردووە، بۆ تاکە ئایدیالەکانیشی دروست کردوە کە لە ئەنفالناسی وبەعسناسی وئەخلاقناسی گەشتوون، چونکە هەرەمی پراکتیك کردن کە دەسەلاتداران گرتوویەتی نەیتوانیوە خۆی لە کاریگەری فەرمانڕوایی بەعسیانە بچنە دەرێ و ڕۆژانە نەخزێتە نێو مەداری گووتارە سیاسی و ئاکارە کۆمەڵایەتی وسیاسیەکان.

**تەها سلێمان: کە وابوو ناتوانین بڵێین شووناسی کوورد بوونمان خاوەنی کولتوورێکی جدیییەو لە هەمانکاتیشدا ناتوانێ روو بە رووی تاوان بێتەوە؟ نموونەمان تاوانی ئەنفال، و ئاراستە فرە رە هەندەکانی وەك کاریگەری ئەنفال لەسەر لایەنی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و دەروونی؟ چۆن ببینە خاوەنی کولتوورێکی واهی؟ پێت وانییە تێکڕای چین و توێژەکانی کۆمەڵگای کوردی لەئاست وزیفەیەکی وادا تەواو نابەرپرسیار بن بە تاییەت رۆناکبیران؟ ئا یا هۆکاری ئەم نا بەرپرسیارێتییە بۆ چیدەگە ڕێتەوە؟**

کازێوە ساڵەح: من پیم وایە بەشێکی گەورەی داڕوخان ویەکنەگرتنی کولتووری ئێمە کێشەی دەروونی ئابلۆقەیداوە هەر ئەو قەیرانە دەروونیە تووشی قەیرانی هۆشیاریشی کردوە، یاخود لە هەندێ دۆخدا تەنانەت هۆشیاریش دادی دروستی دەروونی یان ئاکاریی تاکێکی نەداوە بۆ نموونە لە ئەخلاقی کۆیلە بهێنێتە دەرەوە. بۆ ئەوەی

کلتووریەکی دروست بەرهەم بهێنین، یەکەم هەنگاو پیویستە بایەخیەکی تەواو بە هەردوو زانستی دەروونی و کۆمەڵایەتی بدرێت، چ وەکو هاندان ودانی: امتیاز" بۆ ئەوانەی ئەو دوو بوارە هەڵدەبژێرن لە زانکۆکاندا، چ وەکو پەیڕەو پرۆگرامی دەزگا بەرپرسە کۆمەڵایەتی و دەروونیەکان، لەوانە گرنگتر باگراوەندی ریفۆرمخواستی حکومەتە بۆ ئەو دۆخە، گەر حکومەت نە بزانێت چۆن کۆمەڵێك لە هەڵدێر بپارێزێت و نە خەمی زانینیشی، هەموو مەتەڵەکانی دی بەتاڵن و بەهانە هێنانەوەن، گۆڕانە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکانی پێویستی فەرمانڕەوایی هۆشیارە بۆ جێگیرکردن و پاراستنی، ئێمە ئەزموونی سەرجەم وولاتانی جیهانمان بە دۆکۆمێنت و نووسین وڤیدیو لە بەردەستدایە دەزانین کۆمەڵانی پاش شەڕو نائارامی بەرەو چ ئاراستەیەك ئاقار دەگرن، سیستمێك بەرژەوەندی هاولاتیان کردبێ بە ئامانج لە دووبارە بوونەوەی ئەزموونی داڕووخانە کۆمەڵایەتی ومرۆڤایەتیەکان بپارێزێت بە سوود وەرگرتن لە لایەنی ئەرێنی و نەرێنیەکانی ئەو کۆمەڵ وسەردەمە، یان لانی کەم کالتر ڕوودانی چونکە کاریگەریەکانی پاش شەڕو گۆڕینی دەروونی کۆیلە بۆ ئازاد کارێکی یەك هەنگاوە نیە، بەڵام ئێمە لە بری ئەوەی بۆ نموونە ئەزموونی ئەرمەنیەکان و جوولەکە دووبارە بکەینەوە، ئەزموونی گریکەکان دووبارە دەکەینەوە. سەرجەم شارستانیەت وزانست وفەلسەفە لە وولاتی گریکەکانەوە سەرچاوەی گرت، شارستانیەتی و سیستمی ڕۆژئاوا لە سایەی بیرمەندی ئەواندا بەرهەم هات و بوونیادنرا، بەڵام عەقڵ بوونیادگەری گریك خۆی پاش ڕۆژگاری شەڕ لەوە لاوازتر بەهرەمەند بێت لەو سامانە فکری وزانستیەی هەیەتی. کورد میللەتێك نیە خاوەنی سەرمایەی فکری وزانستی بێت، بەڵام وەکو ئەرمەنی و جولەکە خاوەنی سەرمایەی قوربانیە. لەمەشدا نەیتوانیوە بە کەڵك وەرگرتن لەو سەرمایە بوونیادی خۆی بنێت لایەنی کەم لە ئاستی لۆکاڵدا.

ئەرمەنیەکان سێ ملیونن خاوەنی دەولەتی سەربەخۆی خۆیانن، نەك لە بەر ئەوەی سۆڤیەت هاوکاری کردن کە زۆر لە ئەمەریکا لاوازترە، لە بەر ئەوەی دبلۆماتیەتی سیاسی و هۆشیاری خۆبەڕێوەبردن و ڕۆحی یەکگرتنیان تا ئاستی سەرسامی بەرزە،

بەو ژمارە کەمەشیان لە شاری تۆرۆنتۆی کەنەدا سێ هۆڵ و دوو بینایان بۆ ڕەوەندی ئەرمنی هەیە، ئەوەی کراوە لە گیرفانی هاوڵاتی و دەسەڵاتدارانی کەنەدیش نەکراوە، لە بوودجەی حکومەتی ئەرمینیا کراوە، کە لەگەڵ ئەرمەنیەك قسە دەکەیت چۆن گەشتن بەو ئاستە، بە متمانەوە پێت دەڵێت فەرمانڕەواکانمان بۆ ئەرمینیا کاریان کرد نەك بۆ خۆیان، ئێوە کەستان نیە بۆ کوردستان کار بکات نەك بۆ خۆی، ئەمە ئەو حەقیقەتە تاڵەیە چووەتە نێو باسی کۆمەڵە نێو دەوڵەتێکانەوە. کاتێك دوو کورد بوون بە باڵوێزی عێراق، پێم وابوو لانی کەم ئەمانە لە دەرەوە جیاواز کار دەکەن، سوود لە ئەزموونی وڵاتانی دی دەبینن، تەنها جارێك ئەم عێراقی بوونەیان بۆ کورد دەقۆزنەوە، بۆیە لە میانەی نارەزاییمان دژ بە کچە ئەنفالکراوە فرۆشراوەکان، سەردانی ئەویشمان کرد، داوامان لێکرد سەردانی کوردەکانی تۆرنتۆ بکات و گفتووگۆیان لە گەڵدا بکات، گەرچی نەدەبوو پێویستی بەو پێشنیارە بێت، گرنگ نیە ئەم پێشنیارە سەرەتای بە پەیمان و دوای بە خۆشاردنەوە کۆتایی هات، بەڵام من لای خۆمەوە وام پێشنیاز دەکرد، لە هەبوونی هۆڵێکی وەکو ئەوەی ئەرمەنیەکان بۆ کورد بپرسم، بەڵام بووین بە خاوەنی چەندین باڵوێز کوردی عێراقچی ونەبووین بە خاوەنی هۆڵێك لە هیچ کام لەو وڵاتانە لە سایەی ئەو سامانەی عێراق لە ڕێگەی باڵوێزخانەکانی بە هەدەر دەدرێن، ئەوە ڕۆحی خۆپارێزی و خودناسی فەرامانڕواییان کوردە، چۆن بتوانین داوای کرداروبۆچوونی ئایدیاڵ لە هاوڵاتی بکەین بەرانبەر تاوانەکان کە لەدژی ئەنجامدراوە..

**تەها سلێمان: چەمکی قووربانی و قووربانی دان بە دیدی من لە چوارچێوەی پەلاماری ئەنفال لە کۆن و نوێدا چەمکێکی بەرفراوانی هەیە، من لەو پرسیارەمدا خوودی قووربانی نێو پەلامارەکەم مەبەست بوو(ئەنفال) کە تا ئەمرۆ تەنیایە لە ناسینی دیوی ناوەوەی ئەوەی بەسەریدا هاتوە، چۆن بتوانین ئەمە بۆ رای گشتی و میلی بگوێزینەوە؟**

کازێوە ساڵەح: ئەوە پرۆسەیەکی ساکار نیە تەنها لە سەر ئاستی تیوری یان جەماوەری فەراهەم بێت ،پێویستی بە ناساندنی قوربانی بە خودی خۆی، پاشان نەك تەنها ناساندن زیندوو هێشتنەوەی لە ئاستی لۆکاڵ دەوێت ولەوێوەناساندنی بە جیهان بۆ ئەو مەبەستەش دەیان هەنگاو داوای جێ بەجێکردن ئەکەن و لە هزر و دیدەبینی کورددا زۆر کاڵن، هەندێکیان لەم چەند خالەدا خۆیان دەبیننەو:-

**یەکەم:** خودهۆشیاری لای کەسی قوربانی: هەبوونی دەزگای لێکۆڵینەوەی دەروونی و کۆمەلاّیەتی وچالاکسازی روونـاکبیری سەبارەت بە فاکتەرە ئەرینی و نەرێنیەکان چەمکی قوربانی و مەرگ پەسەندی لە سەر دەروون و ژیانی کۆمەڵایەتی کەسی قوربانی. بە تایبەت ئەوانەی ئەو کات منالّ بوون لە سایەی ئەو دۆخە نائاسییەدا گەورە بوون.

**دووەم:** گۆڕینی مێژوو وکاتی ئەنفال لە ڕۆژمێرەکانماندا: ئەنفال و هەڵەبجە بوون بە درەختێکی بەرداری بەهاری، لەو وەرزەدا بەری هەڵوێست بۆ زۆربەی ڕاگەیاندن ولایەنەکان دەگرێت و میللیانە دەچاتە نێو پرۆگرامی یادکردنەوەیە، دەرگای زاکیرەی لە سەر دادەخات تا بەهاری داهاتوو.

**سێیەم:** ئەنفال بکرێت بە ئەرکێکی ئەخلاقیکی سەپێندراو نەك داواکراو، ناکرێت چاوەڕوانی ئەوە بکەین یان داوا لە خەڵك بکەین ئەرکی ئەخلاقی بەرانبەر ئەنفال تێدا بێت، ئەوەشی بۆ بکەین بە مێژوویەکی نایاب یان بە هەڵوێست لێرەوە ژمارەیەك جاش وبەعسی بە ناوی ئەنفال ڕابردوویان ڕووناك دەکەنەوە. ئەنفال هەڵوێست نیە ئەرکە، پێویستە ئە ئەرکە بکرێت بە ئەخلاقی هەموو تاکێك و بە سەریدا بسەپێت وەکو مەرجی ژیان و مرۆڤ بوون، ئەویش لە چەندین ڕێگەوە هەندێکیان خۆی لە ڕێگەی بە مێژوو سەپاندنەوە دەبینێتەوە، وەکو ئەوەی بکرێت بە سەبجێکتی خوێندن لە هەموو قۆناغەکانی خوێندندا لە سەرەتاییەوە هەتا زانکۆو بە پێی قۆناغ و تەمەنەکان گرێ بەندی بکرێ، ببێت بەشێك لە ژیانی زانستی. وەکو شوناسیش بکرێت بە تاقیکردنەوە بە نووسین و بە زمان بۆ ئەو کەسانەی کورد نین و دەیانەوێت لە ماوەی ٢

ساڵ زیاتر لە کوردستاندا بژین، بوکلێتێکی تایبەت دەربارەی ئەنفال دروست بکرێت و هەر کەسێکی بێگانە یان تەنانەت ئەو منالە کوردانەی لە رۆژئاوا لە دایك بوون دەیانەوێت بێنەوە کوردستان بژین ئەو بابەتەیان بدرێتێ و ماوەیەکی دیاری کراویان بۆ دابنرێت تاقیکردنەوەی بە نووسین و بە قسە کردن تێدا بکەن، واتە ئەنفال بکرێت بە تاقیکردنەوەی کورد بوون و لە وولاتی کورددا مانەوە بۆ کورد بۆ بێگانە، گەر دەرچوون ئەوجا مافی مانەوەیان لە کوردسانندا هەبێت. ئەمە مەرجی ژیانە لە هەموو وولاتانی جیهاندا. لە رێگەی کەنالەکانی ڕاگەیاندنەوە بایەخی تەواوی پێ بدرێت و نەخرێت نێو یەك ڕۆژی رۆژمێری یادەوەریەوە سالانەوەو هیچی دی، بەڵکو یان کەنالێکی تایبەت بەو مەسەلەیە بکرێتەوە، یاخود هەریەك لە تەلەفزیونەکان هەفتەی رۆژێك بۆ ئەو مەبەستە تەرخان بکەن، گرنگ نیە ئەگەر یەك بەرنامەش بێت و هەفتەی رۆژێك لە تەلەفزیونەکانەوە نمایش بکرێتەوە، زۆر گرنگە خەڵك ناچار بکەیت گوێ لە ئەنفال بگرێت، لێیی بڕوانێت، گەر خۆشی نەیخواست بکرێت بە بەشێك لە کاتی وناچار بکرێت ئەنفال بەشێك لە کاتی بگرێت، لەوانەیە بلێت ئەوە سیستمێکی دیموکراتی نیە، بەڵام گەر سەیری سیستمی جیهانیش بکەیت خاوەنی ئەنفالیش نین، تەنها خاوەنی دانی مافی پەنابەرین بۆ بەستنەوەی هەستی پەنابەر بە وولاتەکانیانەوە وەکو هەستی هاوڵاتی ئەسڵی بە شیوەیەك لە شیوەکان پابەندی ئەو جۆرە پرۆگرامەن.

کردنەوەی دەیان ماڵپەڕ و گرووپ و تۆڕی ئنتەرنێتی بەو مەبەستە، من لەوە سەغڵەت نابم گەر سەدان رێکخراو بە ناوی ئەنفال بکرێتەوە، هەموو ماڵێك ڕێکخراوێك بە ناوی ئەنفالەوە بکاتەوە، بەڵام لەوە سەغڵەتم ئەمڕۆ ئەنفالکراوە بە باشترین کاسیی پارەکۆکردنەوە، ناودەرکردنی بێ بەهرەکان و سیمای هەلۆیستگەری. بەڵام زۆر گرنگە لەوە سەغڵەت نەبین کە ژمارەی رێکخراوەکان نەك هەر زۆربن، بەڵکو هەموو تاکەکانی کورد لە چواچێوەی رێکخراوە جیاوازەکانی ئەنفال جێگە بکرێتەوەو وابکرێت هەموو کورد سەرقاڵ، بەشدارو کارا بێت لە چەمکێکی ئەنفالدا.

**چوارەم:** هێڵ کێشانێکی هونەریانەی سیاسی بۆ یەکگرتنی ئەرکە ئەخلاقیەکانی کورد: ئەنفال هەر تەنها لە کوشندەیی و هەژاری بەڕێوەبردنی دەسەڵاتی کوردیدا گورزی کوشندەی بەر نەکەوتووە، ڕۆحی جوداخوازی و ئەتك و خۆبە بەرپرسیار نەزانیش گەورەترین گورزی بەر ئەنفال و چەمکەکانی دی کوشتن و قڕکردن و شەهید داوە، لە قسە کردن و ڕەفتاری تاکی کورد بڕوانە هەتا ئێستاش بە بەشەکانی کوردستان دەڵێت کوردستانی عێراق، ئێران، تورکیاو سوریا، نەك باشور، باکور، ڕۆهەلاّت و ڕۆژئاوای کوردستان. هەتا ئێستا هەر پارچەیەك بە جیاوازی بەرگری لە خەباتی خۆی دەکات و یەك دەنگی نەبڕاوە بە بەر تاوانەکانی دژمان کراون، ژمارەیەکی زۆری بەشەکانی دی کوردستان بە باشی ئاگایان لە تاوانی ئەنفال نیە، هەر وەکو چۆن ژمارەیەکی بەشەکەی ئێمەش ئاگایان لە تاوان و ڕووداوەکانی لای ئەوان نیە، کە باس لە تاوانەکان دەکەن تەنها باس لە تاوانەکانی ئەو بەشەی خۆیان دەکەن و لە ئەجندەی کاریاندا ئەنفالیان دانەڕشتووە، تا ئێستا خەمێکی گشتگیرنیە بۆ لایەنی زمانەوانی و تێگەشتنمان لە یەك، هەژارترین میللەت لە ڕووی فەرهەنگی و سیاسیەوە، هەژاریان ناگات بە ئاستێك نەتوانن چەند خولێکی زمانەوانیان هەبێت بۆ دیالکتیکە جیاوازەکان و فێربوون و تێگەشتن لە یەکتری، تا ئێستا لەو بەشەی کوردستانی ئەنفالکراویشدا مەسەلەی جیاوازی نێوان سۆرانی وکرمانجی ڕەواجی هەیە، بە یەك چاو سەیری ئەنفالکراوەکان و لە ئەنفال ڕزگار کراوەکان ناکرێت. ئەوانەش تەنها خم ساردی بەرهەم نەهێناوە، بێ بەها بوونی مرۆڤ و بێ بەها بوونی کوردیشی بەرهەم هێناوە، ناکرێت ئێمە خۆمان بەها بۆ خۆمان دانەنێین و داوای بەها لە بەرانبەر بکەین.

**پێنجەم:** گواستنەوەی ڕزگاربووانی ئەنفال لە دەرەوە بۆ ناوەوەی کایە کۆمەڵایەتیەکان: کەسی لە ئەنفال ڕزگار بوو لە نێو کۆمەڵی کورداو لە ژێر سایەی بەڕێوەبردنی کوردیدا خەڵکانێکی پەراویزخراوی کۆمەڵایەتین لە هەموو ڕووەکانەوە، ڕۆشنبیری، فەرهەنگی، خوێندەواری، هاورکاری و گوزەرانی رۆژانە، ژیانی هاوسەری و

هەبوونی ڕەچەڵەك و کایە خزمەتگوزاریەکان و ..تد. هەر یەك لەو خاڵانە مرۆڤی ڕزگار بووی ئەنفالی لە مرۆڤێکی کۆمەڵایەتیەوە گواستوەتەوە بۆ مرۆڤێکی گۆشەگیر و پەراوێز، ئەوەش خوێندنەوەی دەروونی کۆمەڵایەتی و سیاسی زۆر هەڵدەگرێت لەم دیداردا بس ناکرێت، بەڵام دەکرێت ئاماژە بەوە بکەین، ئێمەی کورد بە گشتی و دەسەڵاتدارانی کورد بە تایبەتی گەر بەها بۆ ڕزگاربووانی ئەنفال دانەنێت، چۆن دەتوانێت بەها بۆ تاوانەکە دابنێت و بیکات بە تاوانێکی زیندوو زیندوو، لە کاتێکدا لە بێ بەهاییان لە نێو کایە کۆمەڵایەتی و ژیانیەکاندا زۆر لە ئەنفال بەجێماوو تەنانەت ئامادەیی ئەوەی نەماوە لە دیدارێکدا باس لە تاوانەکە لە دژی خۆی بکات، چونکە چیدی ئامادە نیە تەنها ئامرازی ئەدڤەرتایزو ڕاگەیاندن بێت. لە بەرژەوەندی کەس و دەزگاو ڕاگەیاندنە جیاوازەکان بەکار بهێنرێت، بێ ڕەچاو کردنی بەرژەوەندی خۆی.

**شەشەم:** جارێکی دی پێ لە سەر گواستنەوەی چەمکی ئەنفال دەکەم لە بەزەییەوە بۆ ڕێز:، مەبەستم لە ڕەهەندی بەزەیی ئەو میکانیزمە سۆزدارییەیە کە ڕۆژانە ڕۆحی بە جێماوانی ئەنفالی پێ ملەما دەکرێت، بە سێبەری ووشە قورس و نەرێتیەکان دەیانهەژێنن و ئەوانیش جارێکی دی بە شێوەی جیاواز لە ناخی خۆیاندا بەرهەمی دەهێننەوە. ئەو بەرهەم هێنانەوەی ئەوان هەمیشە خۆیان بە قوربانی بزانن و حکایەتی بەزەیی هێنەر بن نەك شانازی هێنەر، داستانی درۆزەکردنی سۆز بن نەك دەستەبەرکردنی ماف، نموونەی مرۆڤی ساویلکەو نەزانی لادێ بن و نەویتر لە چەمکەکانی شاری و شارنشینی بوون، نەك مرۆڤی شۆڕشگێڕو پارێزەری شار. ئەو سێ چەمکە، بەزەیی و سۆزو لادێی بوون لە نەستی مرۆی ڕزگاربوو لە ئەنفال و تاوانی ئەنفالدا کراوون بە تایتڵی سەرجەم تاوانەکەولە یادکردنەوەوە هەتا ناساندنی وەکو تاوانێکی مێژووی و ستراتیژی سیاسی و مرۆیی، هەمووی تا ئێستا خۆی لەو سێ خاڵەدا بینیوەتەوە،ئەوەش ئەگەری گەورەتری لە بەردەم زیندوو هێشتنەوەو ناساندنی ئەنفال دروستکردوە.

**حەوتەم:** گۆڕینی کلێشەی ئەنفال لە قسەی سەر زارەکییەوە بۆ فیلمی دۆکۆمێنتاری: دەستبەردار بوون لە ژمارەیەکی زۆری لە ئەنفال ڕزگاربووان نەکردنیان بە فیلیمی دۆکۆمێنتی بەر لە مردنیان. ئەوپەڕی کەمتەرخەمی نەشارەزایی دەدرکێنێ بە گوێی ئەو تاوانەدا، پێویستە هەموو بستە خاکێك، هەموو تاکێکیان، هەر شتێك بچووکترین پەیوەندی بە تاوانی ئەنفالەوە هەبێت، وەکو فیلمی دۆکۆمێنتی ئەرشیف بکرێت، وەربگێڕدرێت بۆ زمانە زیندوەکان بنێردرێت بۆ میدیاکانی جیهان.
**هەشتەم:** گۆڕینی لەحکایەتەوە بۆ تاوان: خەریکە ئەنفال لە هزری خەڵکدا دەبێت بە حکایەتێکی سواو، حکایەتێکی تراژیدی، کە نایەوێت دووبارە گوێی لێ بگرێت بۆ ئەوەی هەموو ئازارەکانی خۆی بیر نەهێنێتەوەو حکایەتێك تەنها حکایەتخوان گوێ گرو بێژەرە، ئەمەش تەنها لە بێ دەربەستی خەڵکەوە فەراهەم نەهاتووە، لە نەمانی متمانە بە دەسەڵات و بەڕیوەبردن لە ناوچەکەداو متمانە بەخشینی ئەوان بە ئەنفالچیەکان و نەبوونی خوێندنەوەی دروست بۆ ئەو تاوانە بە ئاستێك کاریگەری لە لایبەرانبەر جێبهێڵێت. جگە لە نەفرەت لە خوود کردن، ئەو کاتەی قوربانی لە خۆی دەپرسێت قوربانیم بۆ کێ دا، کێ بردییەوەو کێ دۆڕانی، کۆدەکانی نیشتمان و شۆڕش دەکەونە بازنەی گوومانەوە، گوومان نەفرەت بەرهەم دەهێنێت، نەفرەتیش ڕووداوی لۆژیك دەکات بە خەیاڵ و حیکایەت.
**نۆیەم:** هەبوونی دەزگایەکی گشتگیر بەو تاوانە نەك وەزارەت ئەنفال: بە هۆی دەستنیشانکردنی ئەرکی حکومەت و دەزگاکانی بەرانبەر بە هاوڵاتی و تێکڵاوکردنیان کاری حزب وکاری حکومەت، هەمان کێشەی کاریگەری تێکەڵاوکردنی دین لە دەوڵەتی دروست کردوە. ئەو کێشانە بۆشایەکی گەورەی دروستکردوە بۆ سازشکردن لە سەر ئەنفال، ئەو تاوانە پێویستی بە دەزگایەکە ئاستی لێپسراوێتی و ستراتیژی کارکردنی لە وەزارەت بەرفراوانتر وزانستی تربێت، هیچ پەیوەستێکیش کارەکانی سنووردار نەکات، جگە لەوەی لەم دەزگایەدا هەموو بەشە

دەروونی، کۆمەڵایەتی، سیاسی ولێکۆڵینەوەو ڕوناکبیری تێدا بێت، واتە هێند گشتگیر بێت، لە ناوەڕۆکدا هەڵگری شوناسی جەندین دەزگای جیاوازیتر بێت.

**دەیەم:** یەکخستنی کارەکان لە ناوەوو دەرەوەی کوردستان: لامان ئاشکرایە ئەوەندەی دەسەڵاتی کوردی خۆی بە جیهانی دەرەوە ناساند، دەهێندە ڕەوەندی کورد لە دەرەوە دەسەڵات و کارەساتەکنای ناساند، بتەوکردنی پەیوەندی ئەوانەی ناو کوردستان بەوانەی دەرەوە، لەو ڕێگەیەوە هەوڵدان بۆ بەجیهانی کردنی ئەنفال، ئەوەیان زیاتر بەوانەی دەرەوەی کوردستان دەکرێت، بە بەستنەوەیان لە گەڵ فاکتەرە زیندوەکانی ناو کوردستان. ناکرێت خەڵك بە بەپێی کات و تەنها بە هۆی پاڵنەری دەروونی خۆی لە ئەنفال بکۆڵێتەوە، پێویستە ئەو کەسانە ژیانیان دابین بکرێت و تەرخان بکرێن بۆ ئەو مەسەلانە.

**یانزەیەم:** کۆکردنەوەی هەموو ئەو بەرهەمانەی لە سەر ئەنفال نووسراوون: دانانیان لە سەر ڕەفەی تایبەت بەو مەسەلەیە لە هەموو کتێبخانەکانی جیهاندا، جا نازانم لە کتیبخانەکانی کوردستان خۆیدا تا چەند ئەوە کراوە، هەر وەها دانانیان لە ماڵپەڕی تایبەت بەو مەسەلەی ئەنفال، گەرچی دەبوو هەموو ماڵپەڕێك بەشێکی تایبەتی بە ئەنفال هەبێت.

**دوانزەیەم:** جێگە کردنەوەی ئەنفال لە بەیتە میللیەکاندا: کۆمەڵی ئێمە کۆمەڵێکی زۆرینە نەخوێندەوارە، لە هەمانکاتدا کۆمەڵێکی دۆستخوازو ئارەزووکاری لاوانەوەو بەیتە کێش وسەرواداره‌کانە، ئەو خواستەش وای کردوە تەنانەت بە ساڵاچووە نەخوێندەوارەکانمان دەیان هۆنراوەو بەیتی شیعریان ئەزبەر کردبێت و لە کاتی پرسە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ژیانیەکاندا بیلێنەوەو بیکەن بە وەڵام، پێویستە ئەو نەوەیەو ئەو چینە نەخوێندەوارە لە یاد نەکەین لە مەسەلەی ئەنفالدا، لە بری فەلسەفەو فکر گەر هەمانبێت لە ئاستی تێگەشتن و خواستی خۆیانداوەڵامیان بۆ بەرهەم بهێنین. بەداخەوە وەکو چەندجاری دی ئاماژەم بۆ کردوە ئێمە خوێندنەوەی کۆمەڵایەتی و دەروونیمان ئێجگار لاوازە، ساڵی ڕابردوو، دەقێکی لەو بابەتم دەربارەی کچە

ئـەنفالکراوە فرۆشـراوەکان نووسـیبوو، هەنـدێك لەوانـەی بـە داکـۆکی کـاری ئـەنفال دەناسرێن داوای وتاریان لێ دەکردم و تەنها ووتاریان بە پەسەند دەزانی، کەسـێك لێـی پرسیم بۆ شیعر کە تۆ هەرگیز شیعر بڵاو ناکەیتەوە "پێم گـووت بپرسـە بـۆ شـیعر بـۆ ئەنفال، وە بۆ شیعری کێش و سەروادار ئـەو کـات وەڵامـت چـنگ دەکـەوێت. زینـدوو هێشتنەوەو ناساندنی ئەنفال لە دەرەوەی ئەو توێژە نەخوێندەوارە لە ناسـاندنی فاشـیون دەچێت بە لاوان نەك کارەسات.

**سیانزەیەم:** تەرخان کردنی بوودجەی تایبەت بۆ وەرگێڕان: وەرگێـڕان شوناسـی هـەر نەتەوەیەك دەکات لە جیهانداو دەرگایەکە بۆ جیهانی ناساندن، تەرخانکردنی بوودجـەی تایبـەت بـۆ وەرگێڕانـی سـەرجەم نووسـراوانەی لـە سـەر ئـەنفال نووسـراوون بـۆ زمانـە زیندوەکانی جیهان. بەشێکە لە پرۆسەی بە زیندوو هێشتنەوە و بە جیهانی کردنی.

**چواردەیەم:** کردنەوەی مۆزەخانە لە هەموو شارە گەورەکانی کوردسـتان و دەرەوە: لـە پارچەکانی دی کوردستانیش، ئەوانەی مۆڵەتیان دەدەن، هـەروەها جیهـانی ڕۆژئـاواش، دیارە رۆژئاوا مۆڵەتی ئەوە دەدات گەر دەسەڵاتی کوردی مۆڵـەت بـە خـۆی بـدات کـار بـۆ ئـەو مەسـەلەیە بکـات، یـان لایـەنی کـەم هەوڵـدان بـۆ دابـڕینی بەشـێك گەرچـی بچووکیش بێت لە مۆزەخانە نێو دەوڵەتیەکان. جوولەکـەکان یـەکێك لـەو خاڵانـەی لـە مەسەلەی جینۆسایدی خۆیانـدا بایـەخیان پێـدا مۆزەخانـە بـوو، لـە زۆربـەی وولاتـانی ڕۆژئاوادا مۆزەخانەی تایبەتیان بەو کارەساتەی خۆیان کردوەتەوە، ئەوە مێژوو کـردن و زیندوو هێشتنەوە دەگەیەنێت.

**پانزەیـەم:** هـەبوونی دەزگـای ئەرشـیفی تایبـەت: دروسـت کردنـی ئەرشـیف و ئەرشیفکردنی هەموو ئەو دۆکۆمێنتانـەی ژێـر چـنگ کـەوتوون لـە گـەڵ هـەموو ئـەو کارانەی بۆ ئەنفالکراوون، کـۆپی کـردن و پاراسـتنیان لـە شـوێنی جیـاواز لـە دەرەوەو ناوەوەی کوردستا، نەشاردنەوەیان لە نووسەر و لێکۆڵیـار، هـەتا ئێـستا تـەنها هەنـدێ بەڵگەنامەی کەم دەستی خەڵکانی حزبی نـاو دەزگاکـان دەکـەون و بابـەتێکی بـە دڵـی دەزگا لە سەر دەنووسن، نەك لە ئاستی کارەساتەکەدا.

**تەها سلێمان :( ئەو ئادۆلۆژەیەش یەك سەرچاوە نیە پێشتر ڕەگ وڕیشەی لە مێژوو و ئاینە عەرەبیەکاندا هەبووە ) ئەمەی نێو کەوانەکە قسەی بەڕێزتە ئەکری ووردتر باس لەڕەگ و ریشە مێژووییەکانی ئامادەبوونی هاوشێوەی کولتووریی بەعس لەلای عەرەب و ئسلام بکەین؟ ئەگەر وابێ و بەعس وەك میکانیزمی کوشتن و سڕینەوەی بەرامبەر بەرهەمی ئەو ڕەگوریشە مێژووییەیی ئامادەبوونی کولتووری سڕینەوەی بەرامبەرو لەناوبردن بێ، کەلای عەرەب و ئیسلام ڕەگێکی قوولی هەیە، ئێمە چۆن بتوانین مەترسییەکانی ئە نفال دوور خەینەوە؟ ئایا ئەنفال دوێنەو ئەمڕۆو ئایندەش هەرەشە نییە لەسەرمان؟**

<u>کازێوە ساڵح:</u> بەعس کۆلاجێکی کێشراوی نەتەوەی عەرەبە لە ڕۆژگاری پێش ئسلام وپاش ئیسلام وژیانی هۆزگەری نیمچە دوورگەی عەرەبی تا ئەمڕۆ، بەعس بە تەواوی لە میکانیزمی کارکردنی ئەوان و سەدامیش لە سەرۆك هۆزەکان وڕێبەرانی ئیسلام بەهرەمەند بوون. تاڵان وکوشتن و جینۆسایدکردن لە کرمۆسۆماتی عەرەبدا هەیەو لە هاوکێشەی مەرگ دۆستیەوە بوونی خۆیان دارشتووە، ئەوەش مێژوو دەیسلمێنێت نەك سۆزی چەوساوە بەرانبەر چەوسێنەر، مێژووی عەرەب لە میانەی تاڵانکردنی تیرەکانیانەوە لە ناویەکدا چەسپی، ئەو تیرانە سەرەتا یەکتریان تالان دەکردو بەهێزیان ژن ومناڵ و سەروەت و سامانی لاوازیانی دەبرد، لە ناویاندا قورەیشەکان خۆیان بەهێزتر دەزانی و بەشی شێریان بەردەکەوت، تا ئەو پرۆسەی کوشتن و تاڵانکردنەیان پەرە پێدا بۆ تاڵانکردنی ئەو بازرگانانەی لە هیندەوە شمەکیان دەهێنا بۆ سوریا وفەلەستین و میسر، واتە چەتەیی سەر ڕێگەی بازرگانە هندییەکان بوون، لەوێوە سووکایەتی بە ژن و مناڵیان داهێنا تا ئاستێك بازرگانەکانی عەرەب کە قەرزداری یەك دەبوون زۆر جار ژن ومناڵیان لە بری قەرزەکە داوەتەوە، ئەو بارودۆخە بە هاتنی ئیسلام پەرەی سەند بۆ باندی چەتە گەری گەورەو بە سەردەستەی ڕابەرانی ئیسلام گەشت بە لووتکە، بۆ هەموو چەتەکردنێك و ئەتکردنی ژنان ومناڵان بەهانەیەکی

ئاینیان بۆ دەدۆزییەوەو عەقڵی ساکاری خەڵکی ئەو کاتەیان پێ کۆنترۆڵ دەکرد ، وەکو ئەو تاڵانیەی لە نێوان شاری مەککەو تاییف بە سەردەستەیی عەبدوڵای کوڕی جەحش چەند وووشترو باری وشتر پێستەی خۆشکراویان لە تیرەی قورەیش زەوتکردو لەم تاڵانیەدا وەکو ڕەوشتی تاڵانی لای خێڵ وتیرەکان کوڕی جەحش پێنج یەکی دەدات بە موحەمەدی پێغمبەری عەرەب و پاش ئەو تاڵانیە لە تاڵانی و ئەتکردنی " بەنی قەینقاع " ەوە ئیتر مافی خۆی بە فەرمی لە تاڵانیەکاندا دەچەسپێنێت بە بەهانەی ئەم ئایەتە "فاعلموا انما غنمتم من شی فان لله خمسە و لقربی والیتامی و والمساکین و ابن السبیل "، دیارە ئەوەیان تەنها بۆ ئەو تاڵانیانە بوو کە بە شەڕ بەدەست دەهێنران ودەنا تاڵانیە تاکیەکانی نێو تیرەکان، تەنها بۆ تاکی تاڵانکار بووە، ئەو سیستمە لە دەرەوەی ڕابەرانی ئیسلامیانەوە نەبوو، تاڵانکردنی سەروەت وسامانی " بنی نزیری " تەنها لە لایەن پێغمبەری عەرەبەوە قۆرغ کراوەتەوە، هەر ئەو جۆرە تاڵانیە تاکڕەویانە شەڕی قەوامیەکانی بەحرەین و زنجیەکانی بەسرەی بەرپاکرد. سەدان جۆری دی تاڵانی و بەهانە هێنانەوەی ئاینی و خوێن ڕەشتن و ڕەوایەتی دۆزینەوە بۆ مەرگ دۆستی هەتا تاڵانی بەدر ئەو تاڵانیەی چەمکی ئەنفالی تێدا داهێنرا، ئەنفال وشەیەکی عەرەبییە کۆی ( نفل)ە کە بە واتای ( غنیمە) یان تاڵانی دێ. ئەنفال ناوی سورەتی هەشتەمە لە قورئان دا کە پیکهاتووە لە ٧٥ ئایەتی (مەدەنی) لە مانگی رەمەزان ساڵی دووەمی کۆچی، لە شەڕی گەورەی بەدر دابەزیوە، لە ئەنجامی ئەم شەرەدا موسڵمانەکان بە بەهانەی دینی سەروەت وسامان و ژن ومناڵی کافرەکان تاڵان دەکەن و جگە لە بوحرانی خوێن ڕشتن وکوشتن و موسڵمانەکان دوای سەرکەوتنیان لەو شەڕەدا تووشی هەندی گیروگرفت بوون لەسەر دابەشکردنی دەسکەوتەکان لە پێناو قۆرخکردنی ئەو تاڵانیەدا بە ئایەتێکی جیاواز لە ئایەتەکانی پێشووی رەوایەتی دان بە کوشتن وتاڵانی، بە ئایەتی ( ویسالونك عن الانفال قل الانفال للە وللرسول) هەر ڕەوایەتی بە ئەنفال نەدا ، کردی بە شانازیش بۆ تیرەی هۆزفکری عەرەب.

لە میانەی ئاکارەکانی تاڵانی چەتەییەوە دژوارترین شێوەی کۆیلایەتیانە هێنایە ناوچەکە، کۆیلەکان بە شێوازی جیاواز بەکارهێنراوون، بۆ چاودێری کردن و تاڵانیکردنی کاروانە بازرگانیەکان، لەویوە ئەوانیان دەدا بە کوشت نەك خۆیان، بۆ کڕین وفرۆشتن وەکو شمەك، کاری ناومالّ و سێکسیزم، هەبوونی ئەو ژمارە زۆرەی کۆیلەو بلیمەتیان لە تاڵانکردن وکوشتن وکۆکردنەوەی سەرمایە، ئەوەندەی دەوڵەمەندکردن بتوانن بە ناوی ئاینەوە هەموو ناوچەکە داگیربکەن و بە زۆر ئاین و بیروباوەڕی نکرۆفیلزمی خۆیانی بەسەردا بسەپێنن، ئەو دەسکەوتانەش بۆ خەڵکێکی هۆزگر وناهۆشیاری تووشی گرێی خۆپەسەندی کردن، خۆپەسەندێك هەموو نەتەوەو دیانەتەکانی دی دەرەوەی ئەوان کۆیلە وئەوانیش سەروەر بن. هەستی خۆ بە هەنزانی هەتا ڕۆژگاری ئەمڕۆ دبلۆماتیەت و توانای هەڵگرتنی ڕەوشتێکی دیموکراسیانەی لێ مەحاڵکردوون، هەمیشە پێوسیتیان بەوەیە کۆیلەیان هەبێت، بە درێژایی مێژووی پاش داگیرکاری خاکی کوردستانیش کورد ئەو کۆیلەیە بووە، سەد و پەنجا سالّ بەر لە ئێستا کۆمەڵێ کورد لەدەورووبەری سوریاوە وەکو کۆیلە نێردراوون بۆ میسر ولەوێش جیاکراونەتەوە بۆ ناوچەی جوندیان وتەنها دەزانن کوردن و هەموو هەبوونیەکی خۆیان بیربراوەتەوە، لوبنان جێگەی هەموو کەمە نەتەوەیەکانی تیدا بووەتەوە، تەنها نەتەوەیەك کۆیلە ئاسا سەیری کراوە تا ڕۆژگاری ئەمڕۆ کوردە، باردۆخی کورد بەر لە سەدامیش هەر جینۆساید کردن بووە، بەڵام سەدام بۆ ئەوانی پێشووی سەلماند کە ئەو نەوەی ڕاستەقینەی عەرەبە ودەسەڵاتی نیمچە دوورگەی عەرەبی وەکو ڕۆژگاری ڕابردوو فەراهەم دێنێتەوەوپارێزەری ڕاستەقینەی ئەو کەڵچەرە خوێناویەیە، بێ گوومان یەکێك لەو خاڵانەی هاوپێچی خاڵەکانی دی لایەنی دەروونی سەدام بووە بۆ پاراستن وپراکتیك کردنی پرەنسیپەکانی ڕەچەڵەکی عەرەب، گوومان وگرێی نەبوونی ڕەچەڵکی خودی سەدام بوو، هەستی کەمسەریش مرۆڤ تووشی گوومڕایی وترسنۆکیش دەکات، پەلاماروکوشتن کاری مرۆڤی ترسنۆك وئالوودە بە گرێی دەروونی شزوز، بۆ پڕکردنەوەی ئەو هەستە دەبوو کارێك بکات بۆ ئەوەی خودپەسەندی لای نەتەوەکەی

بەدەست بهێنێت، خۆی بە محەمەد بچووێنێت و بەعسیش بە ڕێبازەکەی و سەر لە نوێ مێژووی تاڵانکردن وچەتەی و ئختسابی ژنان وکویلەیەتی بەرهەم بهێنێتەوەو هەمان ناوی سەردەمی ئەو " ئەنفال"ی لێ بنێت بۆ ئەوەی بە بیر نەتەوەکەی بهێنێتەوە ئەوە ڕەچیلەك وکولتووری ڕاستەقینەی ئەوانەو تەنها خۆشی بەوەفایە ئەو کولتوورەی دەژێنێتەوە بە هەمان ئاستی ئەو کاتەو لێرەوە تەنها ئەوی پارێزەری ئەو کولتوورە شیاوی ئەوەیە ببێت بە پێغمبەری سەردەم و هەموویان لە ژێرِ سایەی ڕێبازەکەی " بەعس " دا کۆبکاتەوە. مردنی سەدامیش واتای ڕیشەکێش کردنی ئەو جۆرە خوێن ڕێژانە ناکات، سەدان سەدام و بن لادنی دی سەرەتاتکێی بوون دەکەن. لە ناو ئەو میللەتەی لە گەڵ کورد، ئەمەریکا، ئیسرائیل، ڕۆژئاوا بەشەڕدێن لە میانەی خودپەرستیەوە، لە ناوخۆشیاندا کەسیان کۆك نین و باشترین بەرهەم هێنەری جەهل ومیکانیزمەکانی خوێنڕشتن و مەرگ دۆستین لە نێو میللەتانی جیهاندا. بەم پێیە ئێمە دەزانین لە گەڵ مەحاڵ ولە گەڵ سێبەری ئەهریمەن مامەڵە ئەکەین، لە گەڵ ئەوەشدا لە خۆیان توونڤتر باوەشمان کردوە بە ئاین وکولتوورو بیروباوەڕیانداو پارێزگاریان لێ دەکەین و لە زۆر قۆناغدائێمەی کورد بووین بە هۆی سەرکەوتنیان لە پرۆسە جاهلیکانیاندا، ئەمڕۆ هەمان ئەو قۆناغانەی ڕابردوو ترسناکانەتر دووبارە دەکەینەوە، بیانووی ناڕەواش هەمیشە ئامادەبوونێکی نادڵگیری هەیە. خۆمان مەترسییەکان بۆ خۆمان بەرهەم دەهێنینەوە، هەر ئێستا ئێمە لە دۆخی جینۆسایدێکی نوێدا دەژین کە خۆمان پەسەندمان کردوە، گوایە تیرۆرکردنی بە کۆمەڵی ئیزدیەکان ئەنفال نیە؟ تەقینەوەکانی شەنگال وهەولێر وکەرکوك ئەنفال نیە ؟ گوایە تیرۆرکردنی کورد بە گروپ لای پاسداران ومیتەوە ئەنفال نیەو بڕیاری لە ناوبردنی ئەندامانی "پژاك " ئەنفال نیە ؟ ئێمە هەمیشە لە پرۆسەی ئەنفالدا دەژین و هەمیشەش خاوەنی جاشین بۆ چاوساغی ئەنفالچییان.

**تەها سلێمان: کەواتە تۆ لەو بڕوایەیت کە ئەنفال تا ئەم ساتە نەیتوانیوە وەك چەمکی قوربانی لای ئێمە یان روونتر لەکۆنەستی ئێمەدا خۆی بسەلمێنی؟ هۆکاری**

**ئەم خۆنەسەلماندنە خودی تاوانی ئەنفال وکاریگەرییە ترسناك وفرە رەهەندو ئاراستەکانیەتی یان بە پێچەوانەوە ئێمەین؟ ئەگەر بمەوێ روونتر ئەم پرسیارە بکەم دەبێ بڵێم: هۆکارەکانی پشت ئەو عەقڵە چین کە راگەیاندنی کوردی بە حزبی وغەیرە حزبییەوە تەنها لە وەرزی بەهاری هەموو ساڵێکدا هەندێ شین و شە پۆڕ دەکەن ودادەمرکێنەوە، تۆ وای نابینی ئەمە هۆکاری پلەیەك بێ بۆتە هۆی ئەو نەسەلماندنەی ئەنفال لە زاکیرەی کۆی تاکەکانی ئێمەدا؟ یان ئەمە بوبێتە بوارێك بۆ کوشتن ومراندنی ئەنفال وزەرورەتی قسە لە سەرکردنی تا شوێن وجێگای پێویست؟**

<u>کازێوە ساڵەح:</u> هۆکارەکان پەیوەستن بە ئاستی هۆشمەندی نوێی کۆمەڵایەتی و سیاسی کۆی تاکەکانی ئێمە، کارکردن لە سەر تراژیدیا، مرۆڤی ئایدیاڵ دەوێت، هۆشمەندێکی ئایدیاڵ و تەژی بە پلانی وجۆریەتی و بابەتی کارکردن، هۆشمەندی درەوەی هێزی نەریەتی و پنتی سەلەفی و ڕیشەی ئاینی. بە بۆچوونم تاکی ئێمە تەنها لە میانەی کۆنەخوازی ئاین ووێژەی سۆزدارییەوە لە تراژیدیا گەشتووە، نەك لە میانەی سیاسی وفەلسەفیەوە، ئەو ستراکتۆرە ئاینیەی تراژیدیا ناو دەنێت قەزا قەدەرو تۆڵەی خواوەند و سزایەك لە بری تاوانە شاراوەو نەزانراوو نائاشکراکانی جگە لای خواوەند، هەر ئەو خواوەندەش خۆی چاکی زانیوە بە کام سزای ئاشنا دەکات، ئەوی بەرانبەر دەست لە کارێکی سەپێنراوی خوداوەندی وەرنادات. یاخود لە میانەی فکشنەوە تاوان ببینێت، ئەمەشیان زیاتر وەکو خەیاڵ دیاردەی نالۆژێکی بۆ مەبەستی هونەری لە نە ستیدا جێگیر بووەو لە تراژیدیایەکی شکسپیریانە تێناپەڕێت. باوەڕم بە جێگیر بوونی هەردوو لایەنی ئاینی وفیێکشن هەیە لە نەستی تاکی کورد هەتا دیدەبینێکی سیاسی و فەلسەفی، ئەو دوو هێزەی یەکەمیش ناتوانێت جەوهەری خۆی بپارێزێت، لە هەر تێڕوانین وگەڕانەوەیەکدا لۆژیك و خەیاڵ تێکەڵاو دەکات ولێك جودا دەکاتەوە دواجاریش ناگات بە یەقین، ئەوەش پایەگەی بەهێز لە نەستدا بوونیاد نانێت، پایەگەیەکی هێندە لەرزۆك ولاوازە، ناتوانێت نەست بەجێ بهێڵێت و لە هەست و

هزردا پرۆژە چی بکات. ئەو هێزەی دەرەوەی ئەوی مرۆڤی نەریەتیش هێزی حزبی و سیاسیە، ئەو هێزە لەوە ترسناکتر کۆدە نهێنیەکانی ڕاڤە بکرێت و بە تێکشکاندنیان میکانیزمێکی نویێ بۆ هۆشیاربوونەوەی نیشتمانی بکێشرێت، ئەوان دەزانن کەم وکوڕیەکانی خۆیان لە کۆێدا لەنگەری گرتووەو چ هێزێکیش دەتوانێت لە ڕیشەوە تەکنۆکراتی دەسەڵاتی بگۆڕێت بە هێزیەکی نیشتمانی یاخود نەتەوەیی، ئەوکات لە ناو ئەم هێزەوە دەکرێت جەوهەری ئەخلاقی بەرهەم بێت، پرۆژەی خۆشەویستی لە هەناو گرتبێت، خۆشەویستی بەهاو پیرۆزیەکانی نیشتمان و قوربانی و تراژیدیاو تاوان، لەو سێیانەیەدا هەستی خۆهۆشیارکردنەوەش دەبێت بە پێویستی و هۆشمەندی کۆمەڵایەتی باڵا دەبێت و ئەو هۆشمەندییەش ئامرازەکانی گرنگی هەبوونی ڕاگەیاندن گەڵاڵە دەکات، دەرك بەوە دەکات گرنگترین فاکتەر بۆ ناساندن ڕاگەیاندنە، جیهانی ئەمڕۆش جیهانی ئەدڤەرتایز 'ڕیکلامە''ە، ئەو میکانیزمەی گلۆبالیزەیشنی لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەوە هێنایە هەموو ماڵێکەوە، خێڵی میللیگەری کرد بە پۆست میللی ومۆدێرنەوهۆزی لە مۆراڵی خێڵیدا بەجەستە کرد. بەڵام لە ئێستادا ڕاگەیاندنیش هەر لە چاویلکەی سیاسەتمەداران و حزبگەرەکانەوە بۆ کارکردن لە سەر چرکە هەستەوەرەکانی ئێستاو ئایندەی سیاسی وکۆمەڵایەتی دەنواڕێت، ئەو دیدەبینیەش ئێستاو ئایندەمانی لە چاوی سیاسەتمەداراندا قەتیس کردوە، دیدەبینیەك نیە هاوکۆیی کۆمەڵی کوردی نەخشەکێشا بێت، حزب ئامراز بێت بۆ ئامانجی گەل، لەو دەڤەرەدا خواوەندەکانی حزب لە سەروو هەموو تاوان و کارەساتە پیرۆزو تراژیدیاکانەوەن، بۆیە بە پێویستی دەزانن تاوان و تراژیدیاو کارەساتەکانیش تەنها وەکو یادو دامەزراندنی حزب یادی بکرێتەوە، یەك ڕۆژ لە ساڵدا، گەر لەوەش تێپەڕی قودسیەتی حزبی نەوی کردوە، کە حزب و سەرانی حزب لە سەروو هەموو بەرژەوەندی و تایبەتمەندیەکانی میللەتەوەن.

**تەها سلێمان (ئەنفال هەڵوێست نییە ئەرکە، پێویستە ئەم ئەرکە بکرێت بە ئەخلاقی هەموو تاکێك). دیارە تۆ زیاتر مەبەستت لەو دێڕەی ناو کەوانەکە وکۆتاییەکەی تاکی کوردییە، بۆچی ئێمە هەمیشە لەناو فەلەکی نابەرپرسیارێتی تاك وکۆی تاکەکانی کۆمەڵگا بسورێینەوە. بە لێکدانەوەیەکی تر بۆچی تاوانی ئەنفال وناساندن وئیش لە سەر کردنی لای ئێمە تا هەنووکە نەبووبێتە ئەرك وهاوکات ئەخلاقی بیرکردنەوەو ئیش کردنمان؟ تۆ هەست ناکەی ئەم نابەرپرسێتیە درێژ کراوەی مێژووی دووروودرێژی نابەرپرسیارێتیمانە؟**

<u>کازێوە ساڵح</u>: پەروەردەی نیشتمانی ئێمە تا ئێستا پەروەردەیەکی سیاسییە، پەروەردەیەکی ژیاری و کۆمەڵایەتی نیە، هەر کاتێکیش سیاسەت بەهایەکی خستە ژێر رەحمەتی خۆییەوە، ئیتر کۆی ژیان دەبێت بە نمایشێکی کۆمیدی، کۆمیدیایەك جیاواز، کۆمیدیایەك دەتوانێت پێکەنین وگریان کۆبکاتەوە. ترسناکترین کۆدیش کە عەقڵ و هزری ئێمەی داماڵیوە لە وەزیفە مرۆیی وشارستانیەکانی، سیاسیەکانیشمان سیاسەتی رامکردن و دەستەمۆکردنی دیدەبینی کۆمەڵی کردوە بە ئامانج، بە ئاراستەیەك کاری لە سەر کردوە کۆی کەسیەتی دارێژراوی خواستێکی سیاسیانەیەو تاکی کورد بووە بەو بوونەوەرە سیاسیانەی لە سەر جەستەی رزیوی سیاسەتی کوردی جگە لە شوناس وپێناسی سیاسی، یان بوونەوەرە سیاسیەکان، هەڵگری شوناسی مۆدێرنی مرۆڤانە نین. جگە لەوەی هیچ پرۆسەیەکی سیاسی کوردی کۆن و نوێ ئەو رەوتە دیموکراتیەی بەخۆوە نەبینیوە هاوڵاتیش بکرێت بە بەشێك لە پرسی بەرێوەبردن و پنتە ژیاری وژیانیەکان، هەتا هەست بە بەرپرسیارەتی بکات وبەرگری کردن لە بەرانبەر لای ببێت بە مۆراڵ. ئەو سیاسەتسالاریەش تەنها ئەزموونی دوای راپەرینی لە قالب بەر تەسکیدا نەخنکاندوە، بەڵکو درێژکراوەی ئەزموونی لە مێژینەی کوردە لەو بوارەدا، ئەزموونێك هێندە کورتی هێناوە هەمیشە دەرئەنجامەکانی کەرەتی سفر کردووین، جگە لە نابەرپرسیارەتی هێندەی ئومێد بەرهەم نەهێناوە ئەو دەرئەنجامەش

هاوکێشەیەکی نەزانراو نەبووە لای نەتەوە چەوسێنەرەکانی کوردو هاوکارییەکی باشی پلانە دژەکانی کردوون. لە سیاسەتی جیهانیشدا هەر وایە بۆ ئەوەی شارەزای ئاوەزو هزری میللەتێك بین، پێویستە شارەزای فەلسەفەی فەرمانڕوایی سەرکردەکانی بین، ئەوە میللەتە ڕێگەی پراکتیکی ئەو جۆرە ئایدۆلۆژیەی دەدات. جیرار دولۆدەل پرۆفیسۆر لە زانکۆی بیربینیانی فەرەنسی وپسپۆڕی بواری سیاسەتی ئەمەریکاپێی وایە "ناتوانرێت جیاوازی بخرێتە نێوان فەلسەفەی ئەمەریکی وئایدۆلۆژی ئەمەریکی، بۆ ئەوەی سیاسەتی سەرکردەکانی ئەمەریکا بزانین پێویستە ئەو فەلسەفەو پاڵنەرە قوڵانەیان بزانین کە دەیانجولێنێت، هەروەها نۆرمی کردار وپرچەکردارییان" کردار وپەرچە کردار ئەو دوو فاکتەرن چارەسەری کێشە ئۆرگانێکان دیاری دەکەن، جگە لە دیاریکردنی نەزمی ژیانی هاولاتیان لە گەڵ ڕووداو ئەرێنی ونەرێیەکانی ڕۆژانەیاندا. فەلسەفەی سیاسی کورد ئایدۆلۆژیای فەندەمنتاڵی هۆزە، کردار وپەرچەکردارەکان تەنها لە ئاستی سەرەك هۆزدا قەتیس دەمێنێت و هاوڵاتی بواری پەرچەکرداری نەدراوە تا لە میانەیەوە ببێت بە خاوەنی مۆراڵی ئەرك، هەتا ئێستا لە نێوان حکومەت وهاوڵاتیدا ئەرك وماف دەستنیشان نەکراوە، بڕیاری چارەنووسساز تەنها تەنها لە ژێر خێمەی سەرك هۆزەوە دەدرێت، ئەو فاکتەرانە هاوڵاتی تووشی سستی بیرکردنەوە لە مەسەلە چارەنوسسازەکان کردوە، تووشی خەم ساردی کردوە لە ئەرکە مۆراڵیەکانی و پاڵی بە خیاڵی ئەو دەسەڵاتدارەوە داوەتەوە کە لە بری ئەویش بڕیار دەدات وبەرپرسیەکان گەر پێ بزانێت لە ئەستۆ دەگرێت، ئەوەش پەرچەکردارێکی ئاساییە، کە هاوڵاتی لە دەرەوەی پرسە کۆمەڵایەتی وسیاسیەکان بووە لە دەرەوەی بەرپرسیارەتیش دەبێت، ئەوەی ئەو پرسانەی تەنها لە بۆتەی ئایدۆلۆژی خۆیدا تواندوەتەوەو ڕووبەرێکی دی بۆ پرسە مرۆیەکان نەهێشتوەتەوە، ئەمە وهەبوونی حەقیقەتی نەبوونی ئازادی لە سەرجەم کایەکانی ژیان وبە تایبەت ئازادی ڕادەربڕین. لەوەش زیاتر، هەتا پاش گرتنی سەدام، باس وروژاندن بووبوو بە باسی نامۆ وترس وروژێنەر لای دەسەڵاتدارانی کوردو سڵیان لە ناساندنی چەمکی ئەنفال ئەکردەوە،

ئەمڕۆش لە گەڵ ئەوە پەیمانی بە ڕوکەش جدی بە هێزە نیو دەوڵەتیەکان دەدەن، جەمسەری مرۆڤ دۆستی ومۆدێلی دیموکراسی لە میانەی ئەوانەوە بە سەرجەم ناچەکە بناسرێت نەك تەنها چەند شارە ئازادکراوەکانی خۆمان، هێشتا پیشەی هاوڵاتی بووە بە سوالکردن لە دەسەڵات بۆ هەندێك ئازادی وپەیڕەوکردنی سیستمێکی لانی کەم نیمچە دیموکراسی، ئەمەش هزری پابەند دەکات بە کێشەو ئەرکێکی بچوکترەوە لە ئاست ئەرکە فەلسەفی و مۆرالیەکان. لە کاتێکدا ولاتانی پەیمان پێدراو، گۆڕانکاری ستراتیژیی چەسپاویان هەیە بۆ بەڕێوەبردن و هیچ کات گۆڕانکاریە سیاسی وسەرکردایەتیەکانی ئەو ووڵاتە کاریگەری قورس ونەگەتیڤی بۆ سەر ژیانی هاوڵاتیان نابێت.

**تەها سلێمان: من دەمەوێ بەم پرسیارە تەوەرەیەکی تر بۆ گفتوگۆ بکەمەوە، یان روونتر بڵێم دەمەوێ لە ئافرەت وئەنفال بدوێم، چونکە من وەك ئەوەی تێبینی دەکەم ئافرەت لە ئەنفالدا قوربانییەکی ئێجگار سەیرو پڕ مەترسییە، بینینی تۆ بۆ کایە جۆراوجۆرەکانی ئەم قوربانیەی چوارچێوەی پەلاماری ئەنفال( چۆنە ) ئایا خوێندنەوەی کازیوە بە ئاراستەیەکی جیاوازترە لەو خوێندنەوانەی کەبۆ چەمکی قوربانی ئافرەت لە چوارچێوەی پەلاماری ئەنفال یان درێژکراوەی ئەو خوێندنەوانەیە؟ یاخود تا ئێستا ئێمە خوێندنەوەیەکی بابەتیمان بۆ ئەم چەمکە واتە چەمکی قوربانی ئافرەت لە پەلاماری ئەنفال نییە؟**

<u>کازێوە سالح:</u> تا ئێستا کتێبێکی جەنابت وبەشێکی کتێبێکی دی لێ دەربچێت کە ئەفسوس پاشان لێم ون بوو لە چ ماڵپەڕێکدا بوو، شێوەیەکی ئەکادیمی وئاماری دەربارەی ژنانی ئەنفال لە خۆ گرتبوو، هیچ لێکۆڵینەوەوخوێندنەوەیەکی دیم نەبینیوە سەبارەت بە چەمکی قوربانی ئافرەت و تایبەتمەند بوو بێت بە ئافرەتانی ئەنفالکراوو لە ئەنفال رزگار بوو، هێندەی سۆز ولاواندنەوەم لە وتاری کورتدا خوێندوەتەوە، خوازیارم کاری زۆر لە سەر ئەو چەمکە کرابێت ودوورە دەستی من خستبێتیە خانەی بێ ئاگایمەوە. دیارە ئەنفال گەر لە وڵاتێکی دیموکراسیدا ڕوویبدایە کە مافی وەکو

یەکی تاکەکانی بە یەکسانی تێدا ڕەچاوکرابا، ئەو یاسایەش بکرایە بە سیستم و پەیڕەوی ژیان و کلتوور، پێویست نەبوو تاوان یان کارەسات یان تراژیدیا بن وپۆلێنی ڕەگەزی بۆ بکەین، چونکە ئەنفال لە هیچ کاتیگۆریەکی دیدا خانەبەند ناکرێت جگە لە قوربانی وجینۆساید وتاوان، بەڵام بارودۆخی ژنی کورد بە تایبەتمەندێکی جیاواز ناشیرین کراوە، گەر سەرجەم ژنانی جیهان بە یەك تاوانی ڕەگەز نێرسالاری بچەوسێنەوە، ژنی کورد بە تاوانی نەتەوەیی، نێرسالاری و کەلتووری دەچەوسێتەوە، چەوساندنەوەیەك بۆشایەك نەماوەتەوە بۆ دیتنی پەیوەندی نێوان ژیان وکلتوور، ژیان ومەرگ، ئەوەش کێشەکانی کۆمەڵ بە گشتی و ژن بە تایبەتی بارگاوی کردوە. ژنێکی ئەنفال لە سەروو ئەو چەوساندنانەوەیەوە، قوربانی تراژیدیایەکیشە لە سەدەی بیست و ڕۆژهەڵاتی ناوێندا تەنها ئەو بینیویەتی، ئەو تراژیدیای کاریگەریە دەروونی وکۆمەڵایەتی و ئابوری وکلتوریەکانی شۆڕشێکی دەوێت لە کارکردن و تێڕامان. منیش بە هۆی دووریم لە کوردستان نەمتوانیوە خوێندنەوەیەکی تەواوی بۆ بکەم، دەمەوێت هەندێ خوێندنەوەی بکەم کە پێویستی بە ئامار وبینینی ڕاستەوخۆی باردۆخەکان و ڕاپرسی هەیە، ئەوەیە لە دوورەوە توانیومە ئەنجامی بدەم خوێندنەوەیەکی تیۆری بووە بۆ چەمکی خەم و نامۆ بوون لای ژنانی ئەنفال، لە میانەی چەمکی خەمەوە چەمکەکانی ستاتیکای شوێن لە نەستی ئەنفالکراوو فەلسفەی ژیان وبەختەوەری و خواستی پاڵنەر بۆ کالاگەری و تیۆرەکانی چێژ وەرگرتن و خۆشەویستی وخێزانم خستوەتە نێو تیۆرە فەلسەفیەکانی ئیبرهام ماسلۆو تیۆری ڕێژەیی ئەنشتاینەوە، ڕاڤە دەروونی و فکرییەکانم بە پێی بۆچوونی خۆم و خوێندنەوەم بۆ کارەسات تاوانی ئەنفال چوونەتە جواچێوەی وتنەوە، بەڵام ئەوەی تا ئێستا کراوەودەکرێت بۆ ئەنفال لە نمایشێکی خەمبار دەچێت بۆ هێورکردنەوەی ویژدان، چونکە لێکۆڵینەوەوئامارو وتنەکان تەنها لاپەڕەی ڕۆژنامەکانی گرتووەو هیچ کام لەو دەزگایانەی بە ناوی ئەنفالەوە کەوتونەتە نێو کایە سیاسی وکۆمەڵایەتیەکان هەوڵیان نەداوە ئەوەی بە تیۆری نووسەران گوتویانە بیخەنە بەرنامەی کاری خۆیانەوەو

بکرێت بە پراکتیك و بخرێتە خزمەتی ژنانەوە، من باوەڕ ناکەم لانی کەم بشیانخوێننەوە. چونکە ئەوەی بە ئاشکرا بە سیمای دام ودەزگاو ڕێکخراوەکانەوە دیارە، پەیوەندی نێوان فەرمانبەرو فەرمانگە، مووچە و وەزیفەیە، نەك پەیوەندی نێوان فەرمانبەر وکۆمەڵ، فەرمانگە و وەزیفە. ئەوەی دەبوو لە هەر چەمکێ دی زیاتر کاری لە سەر بکرێت و چەندین دەروونناسی بۆ دەستنیشان بکرێت، بۆ ناسینی خوود، دەرهێنانیان لە ژێر چەمکی خەم و هەستی لە مەنفا بوون، بێ گومان ئەنفالکراوەکان ئەو ڕووبەرە جوگرافیە سەپێنراوە پڕ لە یادگاری تاڵە بۆ ئەوان مەنفایە بە هەموو ڕووبەرە قوڵ وتاریکەکانیەوە، چونکە ئەوان مرۆڤی نائازادو مرۆڤی ئیرادە زەوتکراون، چونکە مرۆڤ کاتێك دەکشێتە ژێر باری قورسی خەمەوە ئیرادەشی لاواز دەبێت، لاوزبوونی ئیرادەش واتە نەتوانینی بەڕیوەبردنی خودو بەڕێوەبردنە مرۆییەکان، ئەو تاکەش نەتوانێت ئیدارەی خۆی بکات دەبێت بە مرۆڤێکی کۆیلە، کۆیلەیەك زۆر زەحمەتە بە ئاسانی لە سروشەکانی ئازادی بگات، کۆیلەیەك بۆ هەموو هەنگاوێك پێویستی بە ڕینمای کاروهاندەر دەبێت، ئەو دۆخی هاندانە دەبوو لای ڕێکخراوو بنکەی تایبەت وپسپۆڕ بەو بوارانە، بەڵام لە بەر ئەوەی ژنانی ئەنفال لە دەرەوەی بازنەی ئەو بایەخانەدان، پرس و هاندانەکانیان دەچێتەوە لای پیاوانی عەشیرەت و کۆیلەبوونێك زیاتر. تا ئێستا نەتوانراوە لانی کەم تەنها ژنای پاشماوەی ئەنفال لە بازنەیەکی هەڕەمەکیەوە بگوێزرێتەوە بۆ بازنەیەکی ئایدۆلۆژی، بۆ ئەوەی ڕێگا گەڕانەوە بدۆزنەوە، گەڕانەوە بۆ سروشتەکانی مرۆڤ بوون، سروشتەکانی شانازی قوربانی دەر.

**تەها سلێمان: بەلام ئەوەی تۆ باسی دەکەیت سەرەڕای پشت ڕاتکردنەوەیان ئەوە ناگەیەنن کە بتوانرێ وێنەیەکی واقیعی ئافرەتانی ئەنفال بگەیەنن، چونکە ئافرەتی بەجێماوی ئەنفال لەخاوەن کەسێتی خۆییەوە لە پرۆسەی ئەنفالدا گوێزرایەوە بۆ کەسێتییەکی تێکشکێنراو. بەواتایەکی تر ئەوەی ئافرەتانی بە**

**جێماوی ئەنفال لەماوەی ساڵانی دوای پەلامارەکە پەلامارەکە گوزەراندویانە یان دەیگوزەرێنن ناتوانرێ ناوی لێبنرێ ژیان یان ڕوونتر ئەو پەڕی دەرەوەی بازنەو سنوری ژیان و پێداویستییەکانییەتی. یان دەتوانم بلێم ئەگەر تۆزێ بە دیقەتی زیاتر سەرنج بدەین دەبینین ئافرەتێك لە پێش پەلاماری ئەنفال خاوەنی زۆر پلە و پایەیی کۆمەلایەتی خۆی بوە بەلاّم ئەنفال دێت لە پرۆسەیەکی نەخشە بۆ کێشراودا کۆی پێکهاتەکانی ئەم کەسایەتییە تێك دەشکێنێ و دەیکاتە کەسەیایەتی بێزراو لە بەرامبەر هاوزمانەکانی نیشتمان و کۆمەڵگاکەی خۆیدا، بینینی تۆ بۆ ئەم هاوکێشە ئاڵۆزە چییەو دەکرێ چۆن لێکدانەوەی بۆ بکرێ و چۆن بتوانرێ ئەو کەسایەتییە بۆ ئافرەتانی بەجێماوی ئەنفال بگەڕێنرێتەوە؟ ئایا نەبوونی ئامارو لێکدانەوەی زانستی بۆ ئەم کێشەیە هۆکارەکەی چییەو نابەرپرسیارێتی لە ئاستی ئەم مەسەلەیە لە کوێدایە؟ داتر بۆ هەمیشە نابەرپرسیارێتی لە کۆمەڵگای ئێمەدا؟**

کازێوە ساڵح: لێرەدا چەند ڕەهەندێك پێویستی بە ڕاڤەکردنە، لەوانە کەسیەتی ئەنفال بە گشتی بە بێ جیاوازی جەندەری وبەراوردی بە باردۆخی ژنانی ئەنفال، باردۆخی ژن بە گشتی لە کوردستانداو بە هەند وەرگرتنی ئەو باردۆخانەو بەراوردی بە ژنانی ئەنفال، پنتی گەڕانەوەی کەسیەتیش وەکو لایەنی دەروونی نەك کۆمەڵایەتی.

گەر لە یەکم خاڵ بڕوانین ،تێدەگەین ئەنفالکراو بە هەردوو جەندەرەوە، پێشتر خاوەنی کەسیەتی خۆی بووە، ژنێك خاوەنی ئەو هێزە کۆمەڵایەتیێ بووە کە خۆی باوەڕی پێیەتی، لە هاوسەروکەس وکارومناڵ و ماڵ و مەرجەکانی ماڵداری وخێزانداری، کە فاکتەری کەسیەتی مرۆڤێکن لەوەها باردۆخێکدا، بەڵام ئەنفال سەرجەم ئەو فاکتەرانەی ئەنفال کردوە، ئەو کەسێتیەی لە بەر داماڵیوە، پیاوێك بە هەمان شێوە خاوەنی هاوسەر ومناڵ و ماڵ و دیوەخان و کاروپیشە بووە، هەمووی لێ زەوتکراوەو کەسێیەتی ئەنفالکراوە. ئەو ڕاستکردنەوەی جەنابت باسی دەکەیت لە گەڵ پیاودا ئاقارێکی دی وەرگرتووە، توانیویەتی جارێکی دی هاوسەر هەڵبژێرێت وماڵ پێکەوە

بنێت و ژیانی نویٚ دابمەزرێنیٚت، وەکو لایەنی کۆمەڵایەتی، کە چاکسازییەکی باشی لایەنی دەروونیش دەکات، بەڵام کۆمەڵ ئەوەی بە ژن ڕەوا نەبینیوە، ژنانی بەجێماوی ئەنفال باش زانیویانە ئەوەش تەنانەت لای بە ناو ڕۆشنبیرەکانیشەوە دەگوترێت وتنی زارەکین، خۆیان تەسلیم لۆژیکێکی تاڵکردوە، ئەو لۆژیکەی پێمان دەڵێت کۆمەڵی کوردی بیست ساڵە لە بازنەیەکی بەتاڵی بیٚ بەرەوپێشچووندا دەژی، پاش بیست ساڵ بە سەر تاوانی ئەنفالدا، هێشتا ئەنفال نەبووە بە پێناسێکی نیشتمانی پڕ بایەخ، هێشتا ساکارترین هۆشیاری کۆمەڵایەتی و ژیانی سیڤیلی بەرقەرار نەبووە لایان، دیارە ئەوەش ڕەنگدانەوەی چەق بەستنی کۆی کۆمەڵی کوردیە لە سەر ئەو تاوانە نەك تەنها خودی نەك تەنها خودی تاوانەکە. لە ساکارترین نموونەدا هەتا ئێستا زانست هێندە لاوازە لەناو کورددا پێدەچێت پزیشکەکان خۆشیان لە زۆر لایەنی زانستی بیٚ ئاگابن، زۆرترین ڕێژەی ئازارەکانی جگە لە ناو کورددایە، نەك ژنانی بەجێماوی ئەنفال، کۆمەڵ بە گشتی نازانن کاریگەری " سترێس stress " خەم، تەنیایی، نەبوونی پەیوەندی هاوسەری لە سەر ئەو مەسەلەیە چی یە؟ ئەمە کاری پزیشکەکانە کۆمەڵی لیٚ ئاگادار بکەنەوەو بزانن کاری ئەوان لە ناو کۆمەڵدا کارێکی تەنها پیشەیی نیە وکارێکی زانستی یە، گەیاندنی ئەو زانستە وپاراستنی کۆمەڵ لە مەترسیەکانی ئەرکی ئەوانە، ئەوە بە نووسەروهونەرمەندو ڕۆژنامەنووس ناکرێت، گەر کۆمەڵێك مەترسییە زانستیەکان تێنەگەشت، نەبوو بە دڵە ڕاوکێی گۆڕانکاری لە ژیانی خۆیدا نابێت بەخەمی، هەتا ئەو خەمەش دروست نەبێت گۆڕانکاری لە کۆمەڵی ئێمەدا دروست نابێت، کەواتە پزیشکەکانمان بەرپرسن لە دروست نەبوونی خەمی زانستی لە ناو کۆمەڵی کوردی بە گشتی وکۆمەڵی ئەنفال، بە تایبەتی ژنانی لە ئەنفال ڕزگار بوو. ژنێکی چیا نیشین، ژنێکی نەخوێندەوارو یەکێکی لە ئەنفال بە جێماو زیاتر متمانە دەخاتە سەر قسەی پزیشکێك یان مەلایەك هەتا کەسێکی ڕۆشنبیر، یان ژنێکی نووسەروداکۆکی کاری مافی ژن، ئەم حەقیقەتە تاڵە تا ئێستا نە بووە بە خەمی ئەوانەی بەرپرسن لە کردنەوەی ئەو کۆدە.

له ڕووی دەروونیەوه مەحاڵه ژنانی پاش ماوەی ئەنفال بگەڕێنرێتەوه بۆ کەسیەتی پێش کارەساتی ئەنفال، ژن جگە لەوەی بوونەوەرێکی هەستەوەر ووەفایی پاراستنی یادەوەریەکانی بەرزه، دڵەڕاوکێ و نائارامیشی بەرانبەر بۆچوونەکانی کۆمەڵ بەرانبەر بە ژن وباردۆخی هاوسەرگیری ژنێك هاوسەر نەماو، یان ژنێکی بە تەمەن یاخود منداڵدار، ڕێگر دەبن له گەڕانەوەی بەختەوەری تەواو وکەسیەتی ڕابردوو. بەڵام دەکرێت هۆیەکانی ئارام بوونەوەوکەمکردنەوەی باری قورسی شانیان و پاراستنیان له نەخۆشییه دەروونیەکان بکرێت بە ئامانج، دیاره ئەوەش شازده ساڵه داوادەکرێت وبۆیان نەکراوه.

نەبوونی ئامارو نەبوونی خزمەتگوزاری وتەنانەت خەمساردی پزیشکەکان وکەسانی پسپۆڕیش له خەمساردی و بێ بەهاکردنی حکومەتەوه سەرچاوەی گرتووه بۆ هاوڵاتیان بە گشتی و تاوانی ئەنفالیش وەکو ناوەڕۆك وفاکتەریەکی بابەتی بۆ ڕاڤەکردنی بەهای مرۆڤی کورد لای فەرمانڕەواکانی، مەحاڵه حکومەتێك خۆی پێ حکومەت بێت وهەتا ئێستا وەزارەتی ئاماروپلانداناني نەبێت، ئامارە جیاوازەکانی کۆمەڵگەی خۆی نەبێت، داوابکەین ئەنفال بە جینۆساید بناسرێت و خاوەنی ئامارو بەڵگەنامەی ئۆرگانیزەکراو نەبین.

له بنەمادا سیستمێك نیه ماف وئەرکی دارشتبێت وفەرمانڕەوایی هاوڵاتیان بکات هەتا نابەرپرس نەبێت، بەرپرسیارەتی کاتێك جێگیر دەبێت کە مافیش جێگیربێت، ڕۆشنبیری سیاسی و ڕۆشنبیری مافی مرۆڤ له کوردستاندا تا ئەو ئاسته لاوازبێت کە کورد تەنها خاوەنی یەك گووتار بێت ، گوتارێك، گووتاری دی نەبێت لە سەریەوه، دەنگی دی نەبێت له تەنیشت دەنگیەوه، بڕیاری دی نەبێت لە گەڵ بڕیاری، نەهیچ چینێکی کۆمەڵ له ناو بازنەی ماف وبایەخ وبەهادا نابێت، بێهودەی ئەو دۆخەشە بێ دەنگی ونابرپرسیارەتی دروست کردوه. چونکه لێرەدا دوو پرسیار سەر هەڵدەدەن یەکێکیان میتافیزیەکیەو پرس سەبارەت بە بوونی مرۆڤ لەم جیهانەدا، بۆچیەکانی بوونی دەخوازێت، ئەوی دیشیان پرسە سەبارەت بە مێژووی ژیانی مرۆڤ لە نێو

کایـەکانی تـاك وکۆمەڵـدا، وەڵـامی هـەر یـەك لـەو پرسـانە ئاسـتی ڕۆشـنبیری وشارستانیەتی کۆمەڵێکمان بۆ گەڵاڵە دەکات. دەرئەنجام ئـەو لاوازییـەی شارسـتانیەت وڕۆشنبیر دەبێت بە میوانی هەردوو پرس، کە هـیچ مرۆڤێـك ئنتمـای بـۆ ئـەو مێـژووە نەبێت، هەر یەك ئنتمای بۆ ئەو بوونە نەبێت وهەمیشە لە گـەڕان وسـەرگەردانیدا بێـت بە دووی فریادڕەسێکی جوگرافی بۆ پاراستن وئنتما بوون پێـوە، هەمیـشە گەڕیـدەی و حەپەساوی چەمکێك بێت بۆ گرێ دانی وجوود پێیەوە، کاتێك ڕۆحی ئنتمـا بـۆ خـاك و بۆ وجوودو نیشتمان گەڕایەوە، ڕۆحی بەر پرسیارەتیش دەبێـت بـە بەشـێك لـە مـۆراڵی نیشتمانی. چونکە لە بنەمادا ئیلتیزام بە یاسایەکی دیاری کراوەوە بۆ وەڵامی هـەردوو پرس، بەشێکی گەورەیە لە مۆراڵی نیشتمانی.

**تەها سلێمان: لە پرۆسە یان ڕوونتر پەلاماری ئەنفالدا وەك باسمان کـرد ئـافرەت قوربانییەکی گەورەیە، نەك تـەنها ئـەو ئافرەتانـەی کـە لـەکاتی پەلامارەکـەدا لەسەرووی تەمەنی هەژدەساڵییەوە بـوون بـەڵکو ئـەو کـچانەی کـە خـوار تەمـەنی یەك ساڵی بوون و ئەو ئافرەتانەی دوای پەلامارەکە کچیان بـوە لەهـەمان ئـێش و تراژیدیایی پەلاماری ئەنفال تایبەت بە ئەنفالدان و تـائێستاش نـە حکومـەت و نە دام و دەزگاکان و ڕێکخراوەکانی تـایبەت بـە ئافرەتـان ئەجێندایـەکی ڕوونیـان بۆ ئەم مەسەلەیە نییە، ڕای بەڕێزت لەم بارەیەوە چییە؟**

<u>کـازێوە سـاڵەح</u>: وەکـو پێـشتر گـوتم لێکدانـەوەی بـاردۆخی ژنـانی بـەجێماوی ئـەنفال پابەندە بە بارودۆخی ژنانی کوردەوە بە گشتی. باردۆخی ژنانی کوردیش لە چـوار بـاری زۆر پارادۆکـسی و دژەیەکـدا چەسـپیوە، بـەرزترین ڕێـژەی ژنـی کـورد تـا ئەوپـەڕی چەوساندنەوە و ئەتك کردن دەچەوسـێتەوە، میللـەتی کـورد بـەرزترین ڕێـژەی کوشـتنی ژنـانی لـە مێـژووی میللـەتانی جیهانـدا تۆمـارکردوە بـە دواکەوتوترینیـشیانەوە .ئـەو توندوتیژیـە بـێ ئەنـدازەش بـارێکی دی بەرهـەم هێناوەوڕێژەیـەك خۆفرۆشـی دروسـت کـردوە.ڕێژەیـەکی دی ژنـان گـەریلان وشـەڕی پـارتیزانی وڕزگـاری نەتـەوەیی دەکـەن،

ڕێژەیەکیش هاتوەتە بوارە جیاوازەکان بۆ بەرگریکردن لە ئەتکراوەکان و ڕاستکردنەوە وگۆڕینی دۆخە نالەبارەکانی دی، بەڵام ئەمانە خۆشیان ڕۆژانە ئەنفال دەکرێن وئەتك دەکرێن، با ئێمە لەوە بپرسین کێن ئەوانەی گوێ بۆ هاوارەکانی ژنانێکی نووسەر وداواکاری مافی ژن دەگرێت بۆ گۆڕینی ئەو دۆخە، با باردۆخی هەر یەك لەو ژنانە بگرین بزانین لە ئەنفالکراوەکان ئەنفالکراوترنین؟ ئێمە ژنانی نووسەر کەبەوێژە باسی کێشەکانی ژن وکۆمەڵ دەکەین، دەکرێ بە کێشەی کەسی و خودی، بە نووسین پێیان وایە داوای مافی بۆیە دەکەین ڕقمان لە پیاوە، باس لە ئەنفال دەکەین پێمان دەڵێن کۆن بوو، پیویست ناکات برینمان بکولێنەوەو بینیمان، یاخود پێمان دەڵێن ناسکی ژنتان نیە دەنا باسی رۆمانسیتان دەکرد نەك ئەنفال وتوندوتیژی، ئەمە باردۆخی خۆمان و نووسینەکانمانە لە نێو کۆمەڵی سەیرو سەرسوڕهێنەری کورد، ئیتر گلەیی چی لە ژنی رێکخراوێك بکەم کە دۆخی ئەوان لە دیدەبینی دەسەلاتدارەکانەوە لە ئێمە باشتر نیە، ئەوەی دەمێنێتەوە بڵێم ئەوان کە بەهایان لە لایەن دەسەڵاتی کوردیەوە بۆ دانانرێت بۆ کاریان بۆ دەکەن، ئەوەش داوایەکی ناپەسەندەو نارەوایە داوات ئەوە بێت کەسێك واز لە مووچە وکاری خۆی بهێنێت لە کاتێکدا هەموو بە دەگمەن هەیە لە ناو کۆمەڵی ئێمەدا، بە دەسەڵات وسیاسی ومرۆڤی ئاسایی ئەوانەش پێیان وایە چارەسەری هەموو کێشەکانی کۆمەڵی کورد وژنی کورد لە هەگبەکەی ئەواندایە ڕێزی ژنی هۆشیاری نەگرتووە، هەتا ژنێك لە کوردستاندا واز لە کارەکەی بهێنێت چونکە دەسەڵات حکومەت ڕێزی نەگرتووە، ئەو کاتەی واز دەهێنێت کێن ئەو دەزگا ورێکخراوو تاك کۆیانەی بەهای بۆ دادەنێت و بە چاوی ڕیزەوە لێی دەنوارێت؟ ژنان ئەوەیان لا بووە بە یەقین ژن هەرچی بێت وهەرچۆن کاربکات و چەندیش داهێنەر بێ بەهاو بێ نرخە لە ناو کۆمەڵی کوردیدا بە هەموو چین وتوێژ وکایەکانیەوە، ئەو یەقینەش ژنی بەرەو رێگەی جیاواز بردوە، لەوەی لە ڕێکخراوێکدا وەکو فەرمانبەر خۆی ببینێت نەك کەسێکی خاوەن تایبەتمەندی وگووتار، یان چەند سەربەخۆش بوویێت بچێتە لای دەسەلاتێکەوە کاتێك ئەزانێت کۆمەڵەکەی کەسیان لە دەسەلاتەکە

بە نرختر لە خۆی کارەکانی نارِوانن، هەمان تێڕوانینە وا دەکات ژنێکی ناهوشیار کاتێك لە ناو کۆمەڵێکدا تەنانەت لە سەر پۆشینی پۆشاکێك بەد ڕەوشتی دەدرێت پاڵ ئەو ناتۆرانەی پاڵنەرێکی باش بووە لە گەڵ هۆکارەکانی دی ژمارەیەکی زۆری لەش فرۆش دروست بکات. پێم وایە پاش شازدە ساڵ قسەکردنی ژنان لە سەر مافی خۆی وەکو مرۆڤ مامەڵەی لە گەڵ بکرێت وهەمیشە پێچەوانەکەی چنگ کەوتووە، پێم وایە ژنانی کورد لە هەموو ژنانی جیهان بە ویژدانترن لە سەروو ئەو بارودۆخەشەوە کۆڵیان لە دەنگ هەڵبڕین بەرانبەر کەم وکوڕیەکان نەداوە، گەر ژنی هەر کۆمەڵگایەکی دی بوایە، دوور نەبوو نکوڵی لە شوناسی خۆیان بکەن و ئەوەی باسی نەکەن کێشەی خۆیان بێت.

لە ناو ئەو ژاوەژاوی ئەتك وخوێن ڕشتنەی ژندا لەوانەیە ئێستا ژنانێك هەبن ژنانی ئەنفال بە خۆشبەخت بزانن کە هەڵگری کارەساتێکن خەڵکانێکی کۆمەڵ ئاوڕیان لێ دەداتەوەو هەندێ ڕێزیان بۆ فەراهەم دەهێنێت، کە ژنانێك ئەوە باردۆخی خۆیان بێت گلەیی چی لێ بکەم کار بۆ ئەنفال ناکات، کە کۆمەڵێك ئەوە ڕێزی بێت بۆ ژن، کوا گوێی لە ڕا و داواو خواستی ژن گرتووە، کوا بیرو بۆچۆنی وەکو خۆی پارێزراوە.

ئەو منالانەش پێویستە سەرەتا ئەوە بپرسین ڕای خودی ئەو منالانە کە ئەمڕۆ لاو گەنجن چیە؟ پێناسیان بۆ خۆیان چیە؟ ئەو ژینگەیە تا چەند لە قازانجی پێگەی فکری وژیانی و دەروونی ئەواندا بووە؟ بێ گومان ڕووناکیەکی زۆر نابەخشێت، ئەوان لە سەروو باردۆخی خۆیانەوە لە کۆمەڵێکیشدا پەروەردە دەبن جگە لە ئەتککردن بەهرەیەکی دی بە ژن نەبەخشیوە، ڕاستە ئەو ژنانە ئەو کات منال بوون یان لە دایك نەبوون و ئەشکەنجەو توندوتیژی فیزیەکیان نەبینیوە، بەڵام گەر تەنها زەپۆشی ماڵەکەش کاریگەری لە سەر دانابێت توندووتیژی دەروونیان بینیوە، بۆچوونەکانی سایکۆلۆژی منال ئەوە دەسەلێنن کە ئەو جۆرە کارەسات و زەپۆشە پەروەردەییانە توندووتیژی و ترس لە دەروونی منالدا دەچەسپێنن، جگە لە هەستی کەمسەری، کاریگەری دەکاتە سەر فەرمانە سلوکی و جەستەیی و هزری و فێربوون و لایەنە

ویژدانیەکانی و مامەڵە کۆمەڵایەتیەکانی، گەر لایەنێکیش نەبێت بۆ چارەسەر کردن هەر ئەو منالانە دەبنەوە بە بەرهەمهێنەری توندوو تیژی، چونکە لە بنەمادا تووشی بێ متمانەی بە خودو هەست بە ڕووخان و بێ توانای لە دۆزینەوەی چارەسەری کێشەکان و هەڵچوونی دەروونی.. تد ئەم منالانە توندووتیژترن لە منالانی ئاسایی و لە گەورەیشدا لە ڕووی دەروونیەوە زیاتر ئامادەییان هەیە توندوتیژبن گەر هەر لە بنەمادا توندووتیژ دەرنەچوون، لە تەمەنی ئێستایاندا کارکردن لە سەر هێورکردنەوەو وگەڕاندنەوەی دەروونی دروست بۆئەوانەی ئەو تاوانە زۆر هەژاندوونی ئاسان نیە، ژنانی ئەنفال بە گشتی دەبوو وەکو لایەنە کۆمەڵایەتیەکانیان بۆ نەگەڕایەوە، دەبوو لانی کەم چەند هەنگاوێکی سەرەتایی بنرێت، بۆ خەڵکانێك شکاوی ژێر باری خەم و تراژیدیا بن، زۆر پێویستە هان بدرێن بۆ وەرزش و دابین کردنی پێداوستیەکانی وەرزش بۆیان، هەم بوونی پزیشکی دەروونی ولێکۆڵەری کۆمەڵایەتی و مانگانە بینین وپشکنینیان، هەبوونی جۆرەها کاری گونجاو لە گەڵ تەمەن وخواستی ئەوان بۆ سەرقاڵکردنیان کەمتر بوونی کاتی ئازاد، دروستکردنەوەی فاکتەرە ماتریالیەکانی ڕابردوو، هەبوونی ڕاپرسی لە نێوانیاندا سەبارەت بە خواستەکانیان سەبارەت بە جوگرافیای نیشتەجێ بوون، باشکردنی باری ئابووری لایەنە خزمەتگوزاریەکان، هەوڵدان بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری، دابین کردنی ئەو هاوکاریە مادی و مەعنەویانەی لە ژیانی لادێدا پێویستیانەو بە هۆی ئەنفالبوونی بەشێك لە خێزانەکەیەوە ناتوانێت بە دەستی بهێنێت بۆ ئەوانە دەیانەوێت بگەڕێنەوە بۆ گوندەکان و دەیان خزمەتگوزاری دی. هەڵبەت نەبوونی تەنانەت ئەو خزمەتگوزاریە ساکارانە، بەڵگەی نەبوونی میتۆدێکی دروستیش دەگەیەنێت بۆ ئەو منالانەی لە ئەنفال ڕزگاربوون ئەمڕۆ گەنجن، ئەو میتۆدەی پەروەردە کردنیان تەنها لە ئاستی خێزان دەهێنێتە دەرەوە بۆ ئاستی حکومەت و کۆمەڵی دام ودەزگاو ویانەی تایبەت بۆ ئەو پەروەردەکردنە تەرخان دەکات ودەینگەیەنێت بە ئاستێك ئەمڕۆ ئەوان باشتری پسپۆڕەکانی کوردستان وباشترین گوزارشتکەرو ڕاڤەکاری ئەنفال بن وهیچ

مرۆڤێك هێندەی ئازار چێژ نازانێت گوزارشت لە ئازار بکات، بەڵام پێ ناچێت ئەو زەپۆشە ڕەش پۆش وخنکاوە ئەو هەل و مەرجەی پێ بەخشیبن.

**تەها سلێمان: دەمەوێ لەم پرسیارەی دیکەمدا تەوەرەیەکی دیکەی گرنگ بوروژێنم وبیکەمە بابەتی گفتوگۆ، ئەوەش پرسی ئەنفال و وەزیفەی رۆشنبیرانە، بە بڕوای ئێوە رۆشنبیرو نووسەری کوردی ئەم وەزیفەیی خۆیی رایی کردووە؟**

کازێوە ساڵەح: لە گەڵ ئەوەی جەدەلی نێوان ڕۆشنبیرو دەسەڵات هەتا ئێستا یەکێك بووە لە ئالیەتەکانی کارکردنی ڕۆشنبیر، لە گەڵ ئەوەشدا ڕۆشنبیری کورد نەیتوانیوە لە دەرەوەی کەسە عەوامەکان بێت و کەسیەتی نەکەوێتە ژێر کاریگەری دارِشتنەوەی سیاسی و خاوەنی پرۆژەو تایبەتمەندی بێت لە دەرەوەی کاریگەری حزبە سیاسیەکان، لێرەوە جۆری پەیوەندی دەگۆڕێت بە پەیوەندی نێوان ڕۆشنبیر وحزب، نەك ڕۆشنبیرو دەسەڵات. ڕۆشنبیر هەڵگری مەعریفەیەومەعریفەش وەکو فرنسیس بیکون ئەڵێ" خۆی لە خۆیدا دەسەڵاتە" ئەوەش لە وڵاتانی دیموکراسیدا لۆژیکە، ڕۆشنبیرو هونەرمەندێکی خاوەن جەماوەر لە دەسەڵاتدارێك زیاتر خەڵك دەکەوێتە ژێر کاریگەری بۆچوون وداواکانیەوەو دەسەڵاتیش وەکو هێزی بەرانبەر لێی دەڕوانێت، چونکە دەسەڵاتی ڕۆشنبیری لاوازتر نیە لە دەسەڵاتی سیاسی، هەر ئەو دەسەڵاتە ڕۆشنبیریەش لە ژێر کاریگەری تیۆرە کۆمەڵایەتی و سیاسی فەلسەفیەکانی زانایان وڕۆشنبیرەکانیان شۆڕشەکانی ڕۆژئاوا گەشتن بە لوتکە وگۆڕانکاری بابەتیان بەرجەستە کرد. بۆ ئەوەی ئێمە لە وەزیفەی ڕۆشنبیر بگەین پێویستە لە پێناسی ڕۆشنبیر بگەین، ئایە ڕۆشنبیر ئەوەیە کە هەڵگری بڕوانامەیەکی زانکۆیە ؟ بێگومان جگە لە لاوازکردنی شوناسی ڕۆشنبیر لەو چەمکەدا لاوازکردنی ئەتکێتی فێرخوازیشە، ئەوە لە بەها کەمکردنەوەی ڕۆشنبیرو کورتکردنەوەی بۆ پێناسی فێرخواز ، تەنها زیانی سەرباری چەمکی ڕۆشنبیری نەکردوە، بەرهەمهێنەری مرۆڤی بێ بەرهەم ئیستهلاکی نەبووە، متمانە دەریش بووە بۆ فێرخواز وەکو هەڵگری ناوی ڕۆشنبیر کە وەزیفەکەی خۆی جێ بهێڵێت وچی دی بە دووی فێربوون و زانست وبە ئاگابوون نەبێت لە کاری

ڕۆشنبیر وبەر لە بە ئاگابوون ناوی نراوە ڕۆشنبیر، تێکەڵاوبوونی ئەم جۆرە فێرخوازە بە واتاکانی ڕۆشنبیرو نەبوونی هێڵێکی مەعریفی جیاکەرەوە، مەملەکەتێك ڕۆشنبیری بێ دەستمایەی فکری ودەرەوەی کایەی ڕۆشنبیری بەرهەم هێناوە، جۆرە مرۆڤێك ئەو هێڵە سوورە نەبینێت کە وەزیفەی ڕۆشنبیر لە نێوان ڕۆشنبیرو دەسەڵات یان حزبدا دەیکێشێت، ئەویش درك کردنە بە قەیرانەکانی کۆمەڵەکەی، کە درکیشی پێکرد هەستکردن بە لێپسراوێتی تا ئاستی وتەکەی سارتەر کە ئەڵێ " لە هەر کوێ ستم هەبوو ئێمەی نووسەران لێی بەرپرسیارین "ئەو هەست بە بەرپرسیارەتی پێشتر باسمان لێکرد ڕۆشنبیر نەك هەر لە بۆتەیدا تواوەتەوە، باوەڕی تەواویشی بەوەیە وەکو بووونەوەرێکی سیاسی مامەڵەی لە گەڵ بکرێت ومامەڵە دەکات، ڕۆشنبیرێك لە دەسەڵاتداران زیاتر خەمی جەماوەر کۆکردنەوەیەتی، لەوان زیاتر چەواشەکاری بەکاردەهێنێت بۆ ڕاکێشان و کۆکردنەوەی خەڵك، ڕۆشنبیرێك دەیەوێت لە گەڵ دەسەڵات هاوشان و هاوگوتار بێت، لای جەماوەرەوە بەهاو تارمایی دەسەڵاتی هەبێت، لە قسەکردندا ڕەخنەگر نەبێت، دبلۆمات بێت و دڵی سەرجەم جەماوەر ڕازی بکات، وەکو ئەوەی چاوەڕوانی سەرکردایەتی داهاتووبێت کە لە دەستی ڕۆشنبیرانا بێت نەك سیاسەتمەداران. بە هەرحاڵ بە دەگمەن ڕۆشنبیری ئایدیاڵمان هەیە، کە خۆی بۆ ڕەخنەگرتن وڕاڤەکردنی کێشە کۆمەڵایەتی وسیاسی ومرۆڤایەتیەکانەوە قاڵ کردبێت لە وەزیفەی خۆی دانەبڕابێت.

من باوەڕم بەو پێناسەی ڕۆشنبیری ئیتالی گرامشی‌یە بۆ ڕۆشنبیرو ئەڵێ" ڕۆشنبیر لە دەروازەی کارێکی فکری ویەکێکی دی فیزیکیەوە ناناسرێت، بەڵکو لە میانەی ڕێوشوێنی وەزیفیەوە لە نێو بونیادی کۆمەڵدا دەناسرێت، هەموو چین و توێژیەکی کۆمەڵایەتیش بەرهەم هێنەری توێژیەك ڕۆشنبیرە کە تەنها وەزیفەی نوێنەری کۆمەڵایەتی لە ئەستۆ ناگرن بەڵکو بە شێوەیەکی ئورگنالی پەیوەستن پێشیانەوەو هۆشمەندی و پێشبینیان بە جیهان دەگەیەنن ."گەر لەو پێناسەدا بۆ کۆدی پەیوەست بوونی ڕۆشنبیری کورد بە کۆمەڵەکەیەوە بگەڕێین، دەرئەنجام ژمارەیەکی ئێجگار کەم

دەبینین لە مەداری ئەو پێناسەیەدا بەرجەستە بن، ئەو ژمارە کەمەش لە نێوان دوو بەرداشی دوو جۆر ڕۆشنبیری پابەندکراوون بە قوربانی، بەرەی یەکەمیان ئەو جۆرە ڕۆشنبیرەیە لە ناو دەسەڵاتدایە گوایە بوونیادی دەسەڵات دەنێت، بەڵام لە ڕاستیدا نە ئەوەندەی سوود بۆ هاوڵاتی هەبووە کار لەدەسەڵات بکات و کارکردنی بە سوود بۆ کۆمەڵەکەی بگەڕێتەوە، نە ئەوەندەش سوودی بۆ دەسەڵات هەبووە لەو میتۆدە ڕەشانە بە ئاگای بهێنێتەوە کە بێهوودەی دەبەخشێت بە چارەنووسی. بەرەیەکی دییان خۆیان بە ئەنتی دەسەڵات ناوزەدەکەن و گەر بە پێی پێناسی خۆیان بێت پێویستە ناویان بنرێت ئۆپۆزسیون، ئەمانەش لە ڕاستیدا هێندەی گورزیان بەر لایەنە کۆمەڵایەتیەکان داوە ئەوەندە خزمەتیان نەکردوە، لە بنەمادا نەیانتوانیوە خاوەنی زمانێك بن لە دەرەوەی زمانی ڕوشێنەرو پڕ تەشهیری دەسەڵات، نەیانتوانیوە بەرهەمهێنەری زمانی ئۆپۆزسیون بن. نەیانتوانیوە بەرهەم هێنەری وەزیفەی ئۆپۆزسیون بن، ئەم دوو بەرەیە ئەوەندەی خۆیان سەرقاڵکردوە بە دژایەتی یەکەوە، بە هەردوو لا تەنانەت وەزیفەی خۆشیان وەکو بوونیادنەری دەسەڵات ودروست بوونی بەرەی ئۆپۆزسیون لە یاد کردوە نەك هەر وەزیفە کۆمەڵایەتی و نیشتمانیەکان، بەرەیەکی دی لە فەلەکێکی زۆر فانیدا کار دەکات و بە دەیان لاپەڕە داڕشتن دەخاتە بەر دەستی خوێنەر بەبێ ئەوەی یەك دیاردە لەو دیاردانەی کە تایبەتمەندن تەنها بە کورد نەك دیاردە گشتیەکان بکات بە نموونە، ئەمانەش لە بەر ئەوەی زیاتر بە دووی ڕەوایەتیدا بۆ خوداوەند بوون خۆیان دەگەڕێن، خوداوەند بوونێك گەر وەرگێڕدران بۆ هەر زمانێکی جیهان خۆیان لە نێو ئەو جیهانەدا ببینەوە، ئەو جیهانەش ئەوان بە بەشێك بزانێت لە خۆی، واتە کاری خودی نەك گشتی و کێشە تایبەتمەندیەکانی کوردیان فەرامۆشکردوە، کە ئەنفال چەمکێکی بەهێزیان پێك دەهێنێت. پەرتەوازەی وەزیفەی سەرەکی ڕۆشنبیر ڕاستەقینەکانیش لە نێو تێفکرین وڕاستکردنەوەی ئەو هەموو ناهەمووارییەی وەزیفە نوێ جیاوازەکانی جیهانی ڕۆشنبیری کوردی دروستی کردوە وای کردوە، ئەنفال بەختی کەمتری بەربکەوێت، ئەمڕۆ هیچ هەنگاوێکی سیاسی وکۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری،

ڕەوتی دروستی خۆی ناگرێت کە دەرئەنجام پێویستی بە واعیزو ڕەخنەگر نەبێت و تێفکرین بە لای لە دایك بوونی جیهانبینێکی نوێدا بڕوات، هەنوکە باردۆخێکی نیوە بە مەبەست دروستکراو نیوە بە ناچاری وایکردوە، ڕۆشنبیرە ئایدیاڵەکان فریای ڕاڤەکردنی ئەو هەموو پاسیڤە نوێیانە نەکەون، ڕووبەڕووی کۆمەڵەکەیان دەبێتەوەو بەرنامەڕێژیەکیان لە وەزیفەی خۆیاندا پێ نەکرێت.

**تەها سلێمان: ئەگەر بەم پێناسەیەیی سەرەوەی تۆبێ بە واتا لە نێوان ئەو دوو شەکڵ یان دوو توێژە ڕۆشنبیرەی کۆمەڵگای ئێمەدا، ئەنفال بەکۆی کایە فەلسەفی و فیکری و سیاسی و ئابووری و کۆەلایەتییەکانییەوە قوربانییەکی هەمیشەییەو دەکرێ واوەتریش بڵێین مەترسی دووبارەبوونەوەی لە بیرکردنەوەی کلتوری بالادەستدا هەڕەشەیەکی بەردەوامە؟ دەمەوێ هەرلێرەشەوە ئەوە بڵێم کە بەبڕوای تۆ نائامادەیی پڕۆژەی ئیشکردن لای ڕۆشنبیرانی کۆمەڵگای ئێمە بەم شێوە ترسناکە بەردەوامی دەبێ یان ئاسۆیەك بۆ قوتاربوون هەیە ئەگەر نییە بۆ؟**

کازێوەساڵح: ئێمە کەم ڕۆشنبیرمان هەیە تووشی سەرسوڕمان بێت،نەك حەپەسان، سەرسوڕمان ڕاڤەی مەعریفەوهەڵهێنجانی دەرئەنجامی نوێیە، نوێکاریەك لە گەڵ دیاردە نویەکانی ژیان هەماهەنگ بێت، چارەسەری نسکۆنوێیەکانی لە مشتدابێت. حەپەسان تووشی شۆك بوونە بە ڕۆشنبیری و کەڵچەری تر. سەرسوڕمان ئاستێکی باڵای عەقڵی دەوێت، ئەرەستۆ ئەڵێ " سەرسوڕمان مرۆڤی بەرەوە فەلسەفە برد"، بەڵام پرسە ڕۆشنبیریەکانی ئێمە ئەوەندە ساکارن لە بازنەیەکی خڕدا دەخولێنەوە، لە پێناسی ڕۆشنبیردا پێویستە چاو لە کاری ئەو جۆرەی ڕۆشنبیرین کە مردنی گیانیان بەرمردنی بەرهەمەکانیان دەکەوێت، نەك پێچەوانە، ئەو هاوکێشەیەش ژمارەی گەورە نادات بە دەستەوە، لە ئەجەندەی ئەو ژمارە کەمەدا تا چەندکار لە سەر ئەنفالکراوە ئەوەندە بە کۆی کایەکانیەوە بە زیندووی دەمێنێتەوە، بەڵام ئەو زیندویەتیە نا کە ئێمە مەبەستمانە، خواستی ئێمە زیندویەتی گشتگیرە، ئەو زیندویەتیەی نەتەوەکانی جیهان

به جینۆسایدی خۆیان بەخشی. ئەمەش ڕووبەڕووی کۆمـەڵێ نـۆرمی دیمـان دەکاتـەوە، لەوانە ئێمە میللەتێکین ڕاهاتووین بەوەی ڕۆشـنبیری فـەرمی ورۆشـنبیری پـەڕاوێزخراو یان نا فەرمیمان هەبێت، ئەو پرۆسەیە پێشتر لە لایـەن داگیرکەرانمانـەوە بـە سـەرماندا سـەپاوە، ئـەمڕۆ تـا ئاسـتێکی باڵـا زینـدوو کـار پێکـراوە، لـە میانـەی ڕۆشـنبیرانی دەسەڵات وەکو ڕۆشنبیری فەرمی ورۆشنبیرانی دەرەوەی دەسەڵاتیش وەکـو ڕۆشـنبیرانی پەراوێز یان نافەرمی، ئامانجی ڕۆشنبیرانی پەراوێز پاراسـتنی سـەروەری نیـشتمانی بـە تراژیدی و ئاساییەوە، وەگەڕانەوەی بەهایە بۆ ئەو چەمکانەی لە ژێر زەڕەبینی سیاسـەت و دەسـەڵاتداریەتیدا بـێ بـەهاکراوە، ڕۆشـنبیری فـەرمیش" ئەوانـەی دەسـەڵات" کارکردنیـان هێنانـە خـوارەوەی ئـەم دیوارەیـەو بـێ بـەها کردنـی ئـەو کارانـەی کـە بەنافەرمی ناوزەدکراوەکان کردویانە بـە ئامـانج، دووانەیـەکی دژەکـارن ( ئەمـە تـەنها ئەوانـە دەگرێتـەوە بـۆ بەرژەوەنـدی دەسـەلاتەکان دەنووسـن، دیـارە هـەموو ئەوانـە ناگرێتەوە لە دەزگاکانی دەسەڵاتە جیاوازەکاندا بۆ بژێوی ژیان کـار دەکـەن )، ئەمـەش کۆی ئەو کێشە مرۆیی و سیاسیانەمان لە چوارچێوەی ڕاڤەی ڕۆشنبیریانە بردوەتـە نێـو بۆتەی دوو بەرەی دژ وتەبا لە گەڵ بەرهەم هێنەرانی کێشەکان، ئەو دوو بەرەیـە ئەوەنـدە لە بیری کارکردندان لە سەر یەکتری ئەوەندە لە بـیری کێـشە نیـشتمانی ومرۆیەکانمانـدا نین. جگە لەوەی ئەوەی دەمانەوێت بۆ ئەنفال تەنها لە پێناسەوکاری ڕۆشـنبیراندا نایەتـە ئاکام، بەتایبەت ڕۆشنبیران نەخراونەتە نێو پرۆگرامی نیشتمانیەوە، واتـە بەبەشـێك لـە سەروەری نیشتمان نەچوێنراون ونەناسێنراون، گەر ڕۆشنبیری ئێمە مەزنترین شـاکاریش بەرهەم بهێنێت، تاکی ئێمە تەنها سەرقاڵی ناساندنی بێگانەیە بە خۆمـان، نـەك کـورد بە بێگانە، بۆیە ئەو بەرهەمە هەرچی بێت لە گۆشەی فەرامۆشی جیهانـدا دەمێنێتـەوە نەك زیندویەتی، هەروەها گۆشـەی فەرامۆشـی خـودی کـوردیش، لـەو سـۆنگەی هـەتا ئێـستا هـەموو داواکـاری وخواسـتێك و بەرهـەمی ئـەو ڕۆشـنبیرانەی ناویـان نـراوە نافەرمی بە میکانیزمێکی ناشیرینگەریانە پێشوازی لێکراوەو بە هاوڵـاتی ناسـێنراوە، لە بری ناساندنی بۆچوون و بەرهەم و داواکارییان سەدان هێزی ناشیرینخواز ڕێکخـراوە

بۆ پێچەوانە کارکردن. گەر بمانەوێت لە میانەی کاری ڕۆشنبیرەوە ئەنفال بە زیندویەتی بهێنێتەوە، پێویستە پرۆگرامێکیش هەبێت بۆ زیندوو هێشتنەوەی ڕۆشنبیرەکە، بۆ گەڕانەوەی سەروەری بۆی، گەڕانەوەی واتا بۆ کاری ڕۆشنبیر لە چوارچێوەی واتای نیشتمانی، مرۆیی و یاسایی و چاپەمەنیدا. بەڵام ئەو پرۆسەیە نەك بوونی نیە، بەڵکو نابووت کردنی ڕۆشنبیری ئایدیاڵ پرۆسەیەکی هێندە ئاکتیڤ وبایەخدارە، بە تەواوی وەکو ئەوەی بە هەردوو بەرە، ئەوەی خۆی ناو ناوە بەرەی ئۆپۆزسیون وبەرەی دەسەلاتیش هەردوو لە سەر ئەوە کۆك بن، شتێك نەمێنێت ناوی سەروەری مرۆڤ و سەروەری نیشتمان و تاوان و نەهامەتیەکانی بێت، کە ئەنفال و هەڵبجە گەورەترینیان، هیچ کەڵچەرێکی جیهان نەیتوانیوە دادگای ڕۆشنبیر بە سیاسەت بکات، کەڵچەری کورد وچەند وڵاتۆکەیەکی دراوسێی کورد نەبێت، کەواتە لێرەدا هیچ گووتارێك بوونی نیە، جگە لە گووتاری سیاسی باڵادەست، گووتارێکی دیماگۆگی وئیفلیج کە هەموو کایەکانی دی ژیانی ئیفلیج کرد نەك تەنها ئەنفال.

ئەمڕۆ لە گەڵ ئەوەی بەرەیەکی ڕۆشنبیری گۆشەگیر دروست بووە، کاری جدی لە سەرکێشە جیاوازەکانمان ئەکەن وبابەتیانە مۆراڵی ڕاڤەکردنەیان کردوە بە تیۆر، بەڵام بەرانبەر بەرەیەکی دەرەوەی مۆراڵی مامەڵەکردن هاتوونەتە پێش یەکەم هەنگاویان پێشگیری کردنە لە بەپراکتیك بوونی بابەتە تیۆرییەکانی بەرەی یەکەم، بەرنامەڕێژییان سەبارەت بە ناشیرینکردنی سەروەریەکانی تاك و کۆمەڵی کوردوکارەساتەکانی هێندە ناچیزە بەرەی جاش وخەفیفە ئەوەی پێ نەکراوە، مرۆڤ دەبات بۆ گومانی دەست بوونی ئەم گروپگەل و تاکانە لە گەڵ دەزگا سیخوڕیەکانی دژ بەکورد، دڵنیام ڕۆژگاری داهاتوو، ژمارەی فایلی ئەم جۆرە خۆفرۆشە نوێیەی زیاتر لە هەگبەدا هەڵگرتووە هەتا فایلدارانی بەعس، سیخوڕ مۆراڵ بووە بە پەتایەك جەستەی کوردی نەخۆش و لاواز کردوە، جەستەی نەخۆشیش ناتوانێت خاوەنی عەقڵ ومۆراڵی تەندرووست بێت، ئەم نەخۆشییە تەنها کرێ گرتەیی لایەنەکانی دژ بە کورد بەرهەمیان نەهێناوە، حزب دروستکەرەکانیش دەستی باڵایان هەبووە لەو

سیخوڕمۆراڵی و گەشەکردنی پرۆسەی قێزەونکردنەدا، ئێستا لە گەڵ هێزی حزبدا بوون بە دوو هێز، گەر بە دیقەت بنواڕین ئەو بەرەی وردە وردە لە ژێر پەردەوە خەریکە دەست بۆ ناشیرین کردنی سەروەری ئەنفالیش دەبات و زیندوو هێشتنەوەی بە زیان و گرنگ نازانێت و باسکردنی بە بیرهێناوەوەی کارەسات وتراژیدیا وخەم ناوزەد دەکات وچیدی پێویستی بەوە نیە گوێی لێ بێت. کارەساتیش ئەوە نیە بەرەیەك سیخوڕمۆراڵ دەیانەوێت چی لە ناو کورددا بکەن بە باو، لەپەسەندکردنی ئەو جۆرەوەیە وەکو پاڵەوان لە بری پێشگیری کردنیان، دیاردەیەك هەبوونی زۆرترین ژمارەی نافامیدەمان بۆ دەسەلێنێت.

لە لایەکی دی هەرهەمان ئاکار نێو دەزگا ڕۆشنبیری وڕۆژنامەوانیە حزبی وحکومیەکان، ئەو دیارەدانەیان کردوە بەئامانج و سەروەری تاکیش مەحکوم کردن، ژمارەی زۆری پێنووس بە دەستانی کورد کە پێویستە کاریان ڕەخنەو ڕاڤە وپێداچوونەوە بێت لەو دەزگانەدا کار دەکەن، ئەوەش مافی ڕەوای خۆیان وکارێکی ئاساییە، ئەوەی ئاسایی نیە بە ئامراز کردنیانە لە لایەن دەزگاکانەوە، ئەم ڕۆشنبیرانەش هێزی کاروفکرو خودی خۆشیان هەرهێندەی پێداویستیەکانی دەسەڵات پیویستن، ئەو پێداویست بوونەش خستونیەتە ململانێ وپەلەقاژەی خود پەسەندی لای دەسەڵات، هەر یەکەیان هەوڵ دەدات زیاتر مل کەچی خواستەکانی وداهێنەرانتر میکانیزمی مل کەچی ودەسەڵات پەسەندی بەرهەم بهێنێت، بەو بازنەیەکی پڕ ململانی ناڕەوا دروست بووە، هێندە سەرقاڵی ئەو ململانێیەن ئەرکی بنەڕەتی خۆیان لە یاد کردوە، دیارە ئەوەش کاری ڕۆشنبیر نیە، مەرگی ڕۆشنبیر وڕۆشنبیریش لەوێدا بانگەشە دەکرێت کە مرۆڤێك خۆی بە خۆی بلێت ڕۆشنبیروخۆی پێ ڕۆشنبیر بێت.

**تەها سلێمان: ئایا تۆ وای نابینی ئەنفال نەبوەتە پرسی میلی، ئەم بە پرس نەبوونە چەندی لە ئەستۆی ڕۆشنبیراندایە؟ تۆ وای نابینی ئەگەر هەوڵە ڕۆژنامەنوسییەکان نەبوایە بە جیا لە دەوری ڕۆشنبیران زۆر بابەت و کەرەستەی**

**تایبەت بە ئەنفال لە دەستمان دەچوون؟ بە مانایەکی تر بە جیا لە هەوڵە ڕووناکبیرییەکان هەوڵی ڕۆژنامە نوسان بە تایبەت ئەوانەی لە ناو پانتایی جوگرافیای تاوانەکەوە کاریان کردوە چۆن دەبینی و دەخوێنیتەوە؟**

کازێوە ساڵەح: ئەو پرسە تەنها لە ئەستۆی ڕۆشنبیران و ڕۆژنامەوانانەدا نیە، لە ئەستۆی پیشەوانە زانستەکانیشدایە، وەکو پیشەکانی، پزیشکی، یاسایی، دەروونناسی، کۆمەڵناسی، مێژووناسی و پەروەردەو بوارە گرنگەکانی تری ژیان، چونکە کارکردن لە سەر ئەنفال پێویستی بە هەردوو جۆری ڕۆشنبیری جەماوەری یان میللی وڕۆشنبیری ڕۆشنبیر یاخود هزرمەند هەیە، واتە ڕۆشنبیری لەوە بەرفراوانترە تەنها لە داهێنانێکی ئەدەبی وهونەری وفکریدا ببینێت، یان لە دیدار وسیمنارێکدا ئامانج پێك بێت، گەر لەپێناسی ڕۆشنبیری بڕوانین لە ڕووی فەلسەفیەوە سەدان پێناسی کراوە، بەڵام ئەوەی بۆ ئەم باسەی ئێمە گرنگە لە ڕوانگەی سیسۆلۆژی و مافی مرۆڤەوەیە. لە ڕووی سیسۆلۆژییەوە بۆ ڕۆشنبیری بڕوانین واتای "دامەزراندنی ڕێگەو سیستمێکە بۆ ژیان لە لایەن گرووپێکەوە، بە شێوەیەك لای هەموو تاکەکانی کۆمەڵ گونجاو بێت" لە ڕووی مافی مرۆڤیشەوە، کۆی زانستە پەیوەندیدارەکانی مرۆڤ بە کۆمەڵگاو سروشتەوە، بەو پێیەش ناکرێت کۆی متمانەمان لە دەوری ڕۆشنبیری ڕۆشنبیروو ڕۆشنبیریی باڵا یان" مفکر "هزرمەند کۆبیتەوە، بەڵام لای ئێمە هەموو لایەنەکان ڕوویان لە پێنووس بە دەستەکان کردوەو چاوەڕوانی ئەوانن بن بە فریادڕەسی هەموو کێشەکان، لە کاتێکدا مەرج نیە ئەوەی پێنووسی بە دەست بوو یاخود نووسی ڕۆشنبیر بێت، بۆ نموونە ڕۆشنبیر هۆشیاری ومامەڵەکردنێکە لە ڕووی مەعنەوییەوە نوێنەرایەتی ویژدانی گەل دەکات، لە ڕووی گوزارشتیشەوە، مەکۆی خڕبوونەوەی گوزارشتی ئازارەکانی گەلەکەیەتی، نوێنەری ئازارومـاف وهێماکانیەتی، گەلیش هەوڵی هێنانە پێشەوەی ئەو ئەدات بە ڕووی جیهاندا بۆ نوێنەری کردنی، ئەو دوو خەسڵەتە لە هەردوو بەرەدا نەبووە بەسیما. بێ دەنگی کردن لە راستی لە گەڵ ئەوەی ترسنۆکی و کەم تەرخەمییە، جەنگێکی دەروونیشە بۆ بێ دەنگ بوو یان بێ دەنگکراو،

چونکه ئەوەی فکر دەکوژێت بێ دەنگی یە، هەر بێ دەنگی ڕۆشنبیرەکان و هۆشیارەکانیشە هەزاران ناهۆشیاری و نارۆشنبیری بە کوشتداوە، ئەمەیان سیمای ئەمڕۆی کۆمەڵی کوردییە لە نێو ئەو جەنگە دەروونی و خەمساردییەدا چاوەڕوانی بەرهەمهێنانی هێمای مانەوە ناکرێت، لە لایەکی دی ئەوەی پێناسە سیسۆلۆژی و مافی مرۆڤەکە دەیخوازێت لە سیستمی بەڕیوەربردن وژیانی کورردا بەرجەستە نەبووە، هەتا ڕۆشنبیرییە میللیەکە بەرجەستە بێت وکێشە نیشتمانیەکانمان و مافەکانمان لە چوارچێوەی نوخبە بێنە دەرێ بۆ نێو ڕۆشنبیری میللی، ئەو بێ دەنگییەش خۆرسك و بێبەهانە نیەو فۆرمێلای ڕۆشنبیرییە سیاسیەکەیە، ڕۆشنبیری سیاسی لە ناوچەی ئێمەدا وەکو بە لاوازی سەری هەڵداوە، هەنوکە گەشتوە بە ئاقاری هەڵدێریش، ئەمەش لە بەر ئەوەی کێشەکانی ئێمە زیاتر کێشە پەیوەندیە کۆمەڵایەتی و گرێچنەکانیەتی و ئەو کێشانەش بە هۆی نەبوونی سیستمێکی سیڤیلی بەڕێوەبردن لە دەرەوەی کێشەوململانێ سیاسیەکان دانەرێژراوە، هەموو میکانیزمەکانی ژیان و کێشەکانمان ڕاستەوخۆ بەستراوە بە دەسەڵاتەوە، لەوێوە بەهیچ شێوەیەك نزیك بوونەوە لە نێو ئەو دوو تەوەرە جیاوازەدا نیە، ئەو بۆشاییە گەورەش لە نەزۆکی ڕۆشنبیری سیاسیەوەیە .

دیارە بواری ڕاگەیاندن گەیەنەری بیری هزرمەند وڕۆشنبیر وڕۆژنامەوانە، ڕۆژنامەوانیش لەو شوێنانەدا لە پێگەی خۆیدایەوکاری زیاتری پێئەکرێت لە بەرچەند هۆیەك لەوانە، یەکەم: کاری ڕۆژنامەوانی کاریەکی ڕۆشنبیری ڕەها نیە، لە زۆر فاکتەردا مرۆڤێك دەتوانێت ڕۆژنامە چی بێت نەك ڕۆژنامەوان، چونکە وەکو کارێکی پیشەی دەستی شارەزایی هەبوو لە جێبەجی کردنیدا پێویستی بە ڕۆشنبیری نیە، دەتوانێت کارەکەی بکات. دووەم : کاری ڕۆژنامەوانی بە هۆی کورتی بابەتەکان و فاکتەری هەواڵی زیاتر لای خوێنەر دەمێنێتەوەو، ئەوەی بە هەواڵێك دەنووسرێت بە تایبەت بۆ کۆمەڵێکی وەکو کورد ڕێژەی نەخوێندەواری لە خوێندەوار زۆرترە کاریگەری زیاترە هەتا لێکۆڵینەوەیەك و بابەتێکی مەعریفی وفکری. سێهەم :خەڵك ڕۆژنامەیەك دەکڕێت

هەتا گۆڤارێك یان كتێبێك. چوارەم: زمانی ڕۆژنامە زمانی ئاسایی خەڵكە هەموو چینێك لێی تێدەگات، بۆیە دەنگدانەوەی كارە ڕۆژنامەوانێكە لە ناو چینەكانی كۆمەڵدا كاریگەرترە. پێنجەم: ڕۆشنبیریە سیاسیەكە زیاتر بواردەری لایەنە ڕۆژنامەوانێكە بووە، وەكو ئەوەی خەڵكانێكی باوەڕپێكراوی خۆی هەبووە لەو دەزگایانەدا بەڵگەنامەی گرنگیان بخاتە بەر دەست وئەوانیش بتوانن كاری لە سەر بكەن. شەشەم : كاری ڕۆژنامەوانی كارێكی مەیدانییە، پڕوتن و زۆر بێژیە، كاری ڕۆشنبیر زیاتر بێ دەنگی و گۆشەگیریە، هەموو ئەو فاكتەرانە وفاكتەری دیش هەلی كاری باشتری بۆ ڕۆژنامەوان هێناوەتە ئاراوە، بەڵام گەر ئێمە ئەو تایبەتمەنیانە بەراورد بكەین بە ژمارەی زۆری ڕۆژنامەكانمان و ژمارەی زۆری ڕۆژنامەوانەكانمان دەزانین ڕۆژنامەو ڕۆژنامەوان كاری گەورەی بۆ ئەنفال نەكردوە لە ساكارترین وتندا ئەو كەلێنەی ڕۆژنامەوان تا ئێستا نەیتوانیوە بە باشی پڕی بكاتەوە، بەدواداچوونی بەڵگەداری پاش هەواڵە، ڕۆژانە بە سەدان هەواڵ لە سەر كێشە جیاوازەكانمان و دەیان هەواڵ سەبارەت بە ئەنفال وكێشەكانی بڵاو دەكرێتەوەو سەدانیش ئارەزوومەندانە پشتگوێ دەخرێت، هەر وەكو هەواڵ وسكاڵا دەمێننەوە، نابن بە خەمی زیاتر بۆ بە دواداچوون و ڕاڤەكردن وسەلماندنی كارلێكراووكاریگەریەكانی بە بەڵگەوە، هەر كارێكیش تەنها لە چوارچێوەی هەواڵ مایەوە، پەنجادەرسەدی گوومانی ڕاست وپەنجا گومانی ڕێكلامی لێ دەكرێت، كاریگەری تەواوی لە سەر چین و توێژەكانی كۆمەڵ نابێت، جگە لەوەی بەبێ ڕاڤەكردن كۆمەڵ لە مەترسیەكان هۆشیار ناكاتەوە تا بیكات بە خاوەنی بڕیاروگووتاری هەڵوێست هێنەر.

**تەهاسلێمان: ئەگەر وردتر قسە لەسەر ڕۆشنبیری كوردی و تاوانەكانی دژمان بكەین بەتایبەت تاوانی ئەنفال بكەین، من وای دەبینم ئێمە بەردەوام لە فەلەكی ڕۆشنبیرییەكی تەقلیدی كوشندەدا دەسوڕێینەوە. لەلایەكی تریشەوە ڕۆشنبیری ئێمە ئەوەندەی پەنا دەباتە بەر وتنەوە و كۆپی كردنی بابەت گەلی**

**بێگانــە زۆر کــەمتر لــەوە ســەرقاڵی کــارکردن نییــە لــە کایــەجۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگاکەی خۆی، نمونەشمان ئەنفال، بەڕای تۆ بۆ؟**

کــازیوە ســاڵح: بــەڵێ مــن باسـم لــە لــە حەپەسـان ودەستەسـانی و نەریــەتی بــوونی ڕۆشــنبیری کــورد وتێکــەڵبوونی شوناسـی ڕۆشـنبیر وفێرخــوازم کــرد، دەتــوانم لێــرەدا ئەوەشی بۆ سەربار بکەم، کە واتاکـانی ڕۆشـنبیریی لـە نێـو ڕۆشـنبیرانی کـورددا، لـە واتایی سیاسەت زیاتر دەگۆڕێت وڕوخساری جیاواز پیشان دەدات، ڕۆشـنبیر تـەواو لـە پێناسی ڕاستەقینەی خۆیەوە دووره، بووە بە دیاردە نەك بەها، دیاردەیەك لە گـەڵ هـەر گــرووپ ولایــەن وزەمــەن و زەمینەیەکــدا دەگۆڕێــت بــۆ واتاوشوناســێکی جیــاواز، کردارێکــی ئەهرێمنانــەی دوور لــە کــرادری ڕۆشــنبیر. ڕۆشــنبیر پێویــستە خــاوەنی تایبەتمەندی خۆی بێت لە ژیانی پراکتیکی وتیۆریداو ئەو تایبەتمەندیە ببێت بـە ڕەوتـی ژیانی، مرۆڤێك ڕۆشنبیر کە خـاوەنی تایبەتمەنـدی ڕۆشـنبیری بـوو، ئـەو تایبەتمەنـدێش دەبێت بە ڕەوتی ژیانی، گەر ئەو دوو یەکە ئامادەگیان هـەبوو بەرپرسـیارەتیش دەبێـت بە بەشێکی ئەو ڕەوتە، مرۆڤێـك هەسـت بـە بەرپرسـیارەتی نـەکات ناتوانێـت لـە سـەر جینۆسایدوتاوانەکان خاوەنی پرۆژە بێت.

گەر بە دووی ئەو تایبەتمەندیانەدا بگەڕێین دەبێت شوناسی ڕۆشـنبیر وڕۆشـنبیری کـوردی لە کوێداوله چیدا بدۆزینــەوە؟ تایبەتمەندیــەکانی چـین؟ گــەر بــەراوردی کرداروئــەتیکی ڕۆشنبیری بکــەین لــە نێــو ئــەو ناوەنــدە کوردییــەی نــاوی نــراوە ڕۆشــنبیر دەگــەین بــەو دەرئەنجامەی ژمارەی ڕۆشنبیرمان هێندە کەمــە لــە کەمیــدا نــابینرێ وناخوێندرێتــەوە، خۆ ناکرێت قسەڵۆك نووس ووتاربێــژەکان نــاو بنێــنین ڕۆشــنبیر. ئەوانــەی لــە کۆمــەڵی کوردیدا ناوی نراوە ڕۆشنبیر ئەوەندە سـەودایان لـە گـەڵ خوێندنـەوەدا نیـە، لـە خۆیـان تێبگەن بزانن وتاربێژن، قسەڵۆك نـووس یـان ڕۆشـنبیرن، ئەوەنـدە ناخوێننـەوە بتـوانن هاوڕێی خۆیان بـن وشـیتەڵیان بـۆ بـارودۆخی خۆیـان هـەبێت، ئێمـە دەمانـەوێت بـەو دۆخەوە خزمەت وشیتەڵی تاوان و جینۆساید وەئەستۆ گرین.

ئەرکی ئەوانەی ناوی نراوە ڕۆشنبیری ئێمە لە ئەرکی مەلایەك دەچێت، ئەرکی بووە بە ڕێنوێنی کردنی جەماوەر. هەر ڕۆژەی بە ڕەنگە شوناسێکەوە کاری بووە بە قسەلۆك نووسین و بەرزکردنەوەی تێنی شەڕانگێزی لای هاوڵاتی بۆ تێکشکاندن نەك بونیادنان و ڕێکخستن. جەماوەریش لە گەڵ ئەوەی تووشی سەرلێشێوان بووە لە نێو ئەو هەموو چەمکە نائارام وڕووکەشانەدا، بەڵام لەوەش وریاترە باوەڕی بەهەموو ئەو جۆرە هەڵەشە زمانەوانیانە هەبێت، جەماوەر جەستەیەك لێکترازاوە، ئەنفال وکۆمەڵی ئەنفال جەستەیەکی لێکترازاووماندووە، پێویستی بە هزری ڕێکخستن وبونیادنان وکۆکردنەوە هەیە،چیدی لە توانایدا نەماوە گوێ بۆ گوتارە حەماسی لێکترازێنەرەکان بگرێت، بە ووتەیەکی زۆر ساکاری خۆی، دوور لە ماکیاژی ڕۆشنبیری ئەڵێت " هەموویان درۆ ئەکەن، هەر کەس بۆ خۆی هەوڵدەدات " ئەم ڕستە ساکارەی تاکی ئەنفال زۆر واتا دەگەیەنێت کە وتارۆك نووسی بە ناو ڕۆشنبیر لە هەگبەکەی خۆیدا لێکدانەوەی بۆ نەکردوە، ئەوان بە ئاگان لەوەی ژمارەیەك لە حیکایەت نووسەکان ئەنفال وهەڵبجەیان کردوە بە داستانی درۆزەکردن وپارەپەیداکردن، ،ئەبێت لە سەروبەندی هەستی ئەو تاکەدا، یاخود تاکی دەربڕوکۆمەڵی ئەنفال ئاکامگیری وئومێد چۆن یەکبگرنەوە لە بڕوایان بە هەوڵی بەرانبەر وهەوڵی ڕۆشنبیراندا؟

ئەو ژمارە کەمەش هەڵگری شوناسی ڕۆشنبیرین، بوون بە سێ بەش، بەشێك هێندە کێشەکانمان و نەنگیەکانی کۆمەڵی کوردی زۆر بوون، فریای پێداچوونەوەی هەمووی ناکەوێت، هەندێکی دییان کە بەتەواوی خاڵ دەخاتە سەر ووشەکان هێندە پەراوێزخراوە، خوێندنەوە بۆچوونەکانی نابینیرێت، گەرچی ژمارەیەکیان خۆی گۆشەگیری هەڵبژاردوە لە هەماهەنگی ڕەوتی ئەهرێمەن ئاسایانەی ئەمڕۆ، ژمارەیەکیشیان دێت بە دەیان ناوی فەیلەسوف وزاناکانی جیهانت بۆ ڕیز ئەکات، بەڵام ئامادە نیە بارودۆخی کۆمەڵی کوردی بە ڕوونی بخاتە ڕستەیەکەوە، تەنانەت گەر ناوەکەی لابەریت نازانیت، ئەو مرۆڤە لە کام جۆرە کۆمەڵدا دەنووسێت، کورد یان فارس وعەرەب وتورك، چونکە نووسینەکانی هێندە لاستیکیە جێگەی هەموانی تیدا

دەبێتەوە لە ڕووی خاتر جەمیەوە نەك بابەتی بوون، هەر ئەو هەستی خاترجەمکردنەی کەڵچەرە نەیارەکانی کوردو حەپەسان وسەرسوڕمان پێیان وایکردوە، ئەنفال کەمتر یاری هەبێت لە نێو کورددا، چونکە هیچ کام لە کۆمەڵەکانی عەرەب وفارس وتورك باسی لە نەهامەتی و کوشت وبڕو وەدەرنانی نەتەوە جینۆسایدکردوەکان نەبووە هەتا داهێنانی لە سەر بکەن وخاوەنی بەرهەم و تیۆروانینی خۆیان بن، کە ئەوان خاوەنی نەبن کوردیش خاوەنی نابێت چونکە تەنها سەرسامی کەڵچەروئەدەب وداهێنانی ئەوانە، لە سەروو هەموو ئەو کێشانەشەوە کۆمەڵی کوردی لەو هەندە هەوڵە ڕۆشنبیریەش هەیبوو وردە وردە دوورەپەرێز دەگرێت خۆی نزیك دەکاتەوە لە کۆمەڵێکی ڕۆژنامەنوسسی ورۆژنامەچیەتی ڕووت، ئەو جۆرە کۆمەڵەش لە مەسەلە ڕاڤەکاریەکاندا کاری زۆری پێ ناکرێت، بە تایبەت ئەوە لای کورد بووە بە باو کۆمەڵی میدیای زانستی نیە، کۆمەڵی ڕۆژنامە زەردی بەرهەم هێنەری زمانی زبروپڕ تووندوتیژیە.

**تەها سلێمان: ئەنفال و هەڵبجە دوو تاوانی هاوشێوەی یەکترن یان دەتوانین بڵێین تەواوکەری پرۆژەی کۆمەڵکوژی کوردبوونن لە ئەجێندای بەعسدا، بۆچی هەڵبجە پێش ئەنفال لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی تەوزیف بوو، ئایا ئەمە پێوەندی بە بەوەوە هەیە لە مێژووی ڕوودانی کارەساتەکە هەڵبجە لە پێش ئەنفالەوەیە یان بە پێچەوانەوە ڕۆڵی دەرەکی کاریگەری لەسەر ئەم لایەنە هەیە ؟ ئەگەر تەماشاش بکەی لە ڕووی ژمارەی قوربانیەوە هەڵبجە بەراورد ناکرێ بە ئەنفال ؟ یان ئایا پێت وانییە ڕۆڵی کوردبوونی ئێمە لە ناردنە دەرەوەی ئەنفال بۆ دیوی دەرەوەی خۆمان ڕۆڵێکی تەواو نیگە تیفە ؟ یان ئەمە پێوەندی بە تێنەگەشتنی ئێمەوە نییە لە ئەنفال و باگراوەندە فرە جۆرکانییەوە ؟**

<u>کازیوە ساڵەح:</u> هەموو ئەو فاکتەرانە بە یەکەوە ڕۆڵیان بینیوە، لەوانە گرنگتر فاکتەرەکانی جوگرافیا وکاتە لە مەسەلەی شەڕ و کۆمەڵ کوژیدا، وەکو دەزانین دووری

هەڵەبجە تەنها ٨-١٠ میلە لە سنوری ئێرانەوە، کەواتە جوگرافیا هەلێکی لە باری بۆ وڵاتێکی دراوسێ رەخساندوە، بۆ گواستنەوە وتۆمارکردنی راستیەکان. لە رووی کاتەوە لە کۆتایی شەری ئێران وعێراقدا رووی دا، ئەو شەرەی گەورەترین زیانی لە هەردوو دەوڵەتی عێراق وئێران دا، بەڵام هێشتا بە سەروەری بۆ سەدامی دیکتاتۆر تۆمارکراوو هیچ رێکخراوێکی نیو دەوڵەتی وتەنانەت نەتەوە یەکگرتوەکانیش دژی بەکارهێنانی چەکی کیمیای لە لایەن رژێمی عێراقەوە دژی ئێران نەوەستانەوەو بەڵکو هەمیشەش پشتگیریان لێکردوە. ئەو پشتگیریە نێو دەوڵەتی وجیهانیەش پاڵنەرێکی باشی سەدام بوو بۆ دارشتنی پلانی لە ناوبردن وبن بڕکردنی ئێجگاری کوردو پەلاماردانی دراوسیەکانی، ئەو پلانەشی بە ئەنفال دەستی پێکردو بێ دەنگی کردن و باس نەکردنی ئەنفال لە هیچ میدیایەکی عەرەبی وجیهانیدا متمانەی زیاتری پێ بەخشی بۆ بەکارهێنانی کیمیای بەو شێوە بەرفراوانەو تاوانی هەڵەبجەی کردە خەڵاتی ئەو بێدەنگیە، گەرچی پێشتریش لە گوندەکانی کوردستاندا بە کاری هێنابوو. ئەوەشی بوو بە هۆی گواستنەوە وێنەگرتن وبە جیهان ناساندنی لە هەنگاوی یەکەمدا ئێران بوو، ئێران بەشێکی بە هۆی کۆنە رق،جگە لە شەر، کە لەو شەرەدا زیاتر لە ٥٠ هەزار سەربازی ئێرانی بە کیمیایی کوشت، وبەشێکیش بە هۆی تاوانبارکردنی خۆی بە کیمیایی بارانکردنی هەڵەبجە ئەو کارەی کرد، واتە کات لە بەرژەوەندی هەڵەبجە بوو، دەنا گەر ئەو ناکۆکی و شەرە لە نێوان ئێران وعێراقدا نەبوایە، لە رووی سنوریشەوە نزیك نەبوایە لە ئێران ئەویش وەکو جینوسایدی ئەنفال بێ دەنگ وخامۆش دەمایەوە.

باری دووەم بۆ بە جیهانی کردنی هەڵەبجە، کردنەوەی سنووری ئێران وکۆچبەر بوونیان بوو بۆ وولاتانی دەرەوە، بینیان لە لایەن پزیشك ورێکخراو ومیدیاکانی جیهانەوە، بەشێکی دی بوو لە فاکتەری ناساندی هەڵەبجە، ئەمەو جگە لە لێکۆڵینەوەو بە دواداچوونی رێکخراوە نیودەوڵەتیە مرۆیەکان وەکو رێکخراوی هویمەن رایتس واچ و، هەندێ بنکەی سەبازی، بۆ نموونە لە ساڵی ١٩٩١ وەزارەتی بەرگری ئەمەریکی لیژنەیەکی لە کولێژی سەربازی راسپارد کە لێکۆڵینەوەی ئەگەری شەر دژی عێراق

بکەن، لیژنەکە لە کۆمەڵێ پرۆفیسۆری ئەندامی کولیژی سەربازی پێك هاتبوون لەوانە کۆلۆنیل دۆکلاس، ولیڤ برۆسنبیرگر، ستیڤن بلێزی، بە وردی لێکۆڵینەوەیان لە سەر دۆخی عێراق و تەقەمەنیەکانی کردوە وڕاپۆرتێکی ٩٣ لاپەڕەیان پێشکەش بە ئیدارەی ئەمەریکی کردوە، تێدا سەدامیان بە بەکارهێنانی چەکی کیمیای وکۆمەڵ کوژ تاوانبار کردەوەوئەوانیش لە ڕۆژی ١٩-٣-١٩٩١دا لە نیویورك تایمزدا بڵاوکراوەتەوە. ئەوانە چەندین هۆکاری دی کاریگەریان لە سەر ناساندنی هەڵەبجە هەبووە، دیارە ڕەوەندی کوردیش لە دەرەوە هەوڵی خۆیان داوەو تا ئێستاش هەوڵی زۆر دەدەن لە گەڵ ناساندنی هەڵەبجە وئەنفالدا، بەڵام لە ڕاستیدا ئەوەندە ئێمە دەڵێین وڵاتانی رۆژئاوا مافپەروەرن ئەوەندە رەیسیزمن وبە ئاسانی نەك کار بۆ مافی نەتەوەکان ناکەن بەڵکۆ زۆر جار گوێشیان لێ ناگرن، بۆیە ئەوەی هەڵەبجە کاتێك بە تەواوی ناسرا وهاتە مەیدانی گوتنەوە کە ئەمەریکا چیدی پێویستی بە سەدامی موخابەراتی خۆیان نەمابوو، دەبوو مەسەلەیەك بکەن بە کارت بۆ هەڵزنانە بەو دیوارە ئەستورەی کردبویان بە شورا بۆی، دەنا سەدام بەر لەوەی هیچ ناوچەیەك کیمیای باران بکات، لە لایەن وڵاتانی زلهێز وبازرگانانی چەك وتەقەمەنیەوە زانراوە بە نیازی کیمیابارانە، خۆیان کیمیایی و چەك وتەقەمەنیان پێ فرۆشتووە.

'ڕۆجر مۆریس' لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکی وئەندامی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمەریکی لە ڕابردوودا، ئەڵێت " دەزگای موخابەراتی ئەمەریکی دەستی باڵایان هەبوو لە هەردوو کودەتای ناو عێراق دژی عەبدولکەریم قاسم بە تاوانی ئەوەی مەیلدارە بە لای شیوعیەت وسۆڤیەتدا وهەروەها ئەحمەد حەسەن بەکرو زاڵکردنی دەسەلاتی سەدام وسەبارکردنی بۆ نێو دەسەڵاتی عێراق، کە ئەو کاتە تەنها ئەندامێکی حزبی بەعس و ئەندامێکی چالاکی موخابەراتی ئەمەریکی بوو، مانگانە مووچەی لە دەزگای موخابەراتی ئەمەریکیەوە وەردەگرت ".هەروەها' جۆن ئەلترمان " ی بەرێوەبەری پرۆگرامی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی نێودەولەتی ئەلێ " کاتی بوردومان کردنی هەڵەبجە، یاریدەری ئەندامی کۆنگرێسی

ئەمـەریکی بـووە، لـەو کاتـەدا هـەموو لایـەنگرانی بـۆش رەتیـان کردوەتـەوە دان بـە مەسـەلەی هەڵەبجـەدا بنـێن وبەهانـەی لایـەنگرانی ئیـسرائیل بـۆ زیانـدان لـە بەرژەوەندیـەکانی نێـوان ئەمـەریکا وعێـراق ناوزەدیـان کـردوە ." واتـە هـەر لـە دانپیادانانەکانی خۆیاندا دەردەکەوێت هەڵەبجە تەنها کاتێك ناسرا ئەمەریکا بیری لـەوە کردەوە ئەندامێکی دەزگای موخابەراتی خۆیان لە ناوبەرن، وەلەبەر ئـەوەی ئەنـدامێکی خاون ئەزموون ومێـژوو درێـژ بـوو لـەو دەزگایـەدا هـەروا بـە ئاسـانی نەئەکەوتـە داوی مەرگەوە. دەنا تێگەشتنەکانی ئێمە بۆ هەڵەبجە وئەنفال چـی بووبێـت وچـی بێت مایـە پووچ و دەست بەتاڵ ماوینەوە.

**تەها سلیمان: پرسی بە جینۆساید ناساندنی ئەنفال بە دیدی تۆ تاچەند ئیشی لەسەر کراوە؟ ئایا ئەو ئیشکردنە ئەگەر هەبێ ڕەهەندێکی بابەتیانـەو پێویستی وەرگرتوە؟ ئەگەر بۆچوونی تۆ وابێ کە ئـەم پرسـە ڕەهەنـدو ئاراسـتەی پێویـستی خۆی وەرنەگرتبێ هۆکارەکەی بـۆ چـی دەگەڕێتـەوە، خـودی خۆمـانین یـان دەرەوەی خۆمان؟**

کازێوە ساڵەح: بە جینۆسایدناساندنی ئەنفال بۆ ئێمە تەنها لە بـەر ئـەوەی نەتەوەیـەکی بـێ دەوڵـەت وبـێ پلانـی سیاسـی دروسـتین هێنـدە ئاسـان نیـە، لـە گـەڵ ئـەوەی لـە ساڵی١٩٨٤ وە نەتەوە یەکگرتووەکان سزای توونـدی بـۆ بکـەرانی جینۆسـاید گەڵاڵـە کردووە ولە ساڵی ١٩٥١ یەکیشەوە خراوەتە بازنەی پراکتیکەوە عێراق یەکێك بوو لـەو وڵاتانەی بەر لە ژمارەیەکی زۆری وڵاتـانی جیهـان و لـە سـاڵی ١٩٥٩وە پابەنـدی ئـەو بەند وپرۆتۆکۆلە بووە. هەروەها لەساڵی ١٩٤٩ لە رێکەوتننامەی چوارەمی جنێفدا بـە پێی بەندی ٣٣ هیرشـکردنە سـەر هاوڵاتیـانی سـیڤل و ترسـاندن و بـوون بـە هۆکـاری زیانی گیانی وماڵی قەدەغە کراوەو دیسان لە ساڵی ١٩٧٧ کە لـەو کاتـەدا سـەدام بـۆ حوکم ئامادە دەکرا لە لەیەن وڵاتانی برۆتۆکۆل نووسەوە، بە پێـی بەنـدی ٥٧ی هـەمان پرۆتۆکۆل هیرشی سەربازی دژە مرۆڤایەتی ناوزەدکراو هەروەها بە مەترسـی بـۆ سـەر رێکەوتنی چوارەمی جنێف هاتووەتە ژماردن، جگـە لـەوەی لـە دادگـای باڵـای عێـراق

وبرگەی یاسای تاوانەکاندا دانی پێدانراوەو ئەو جۆرە تاوانەی لە ئەنفالدا پەیڕەوکرا بە دژی مرۆڤایەتی وبنبڕکردن هاتووە. من کەسێکی یاساناس نیم، دەکرێت چەندین بڕگە وبەندی یاسای نێودەوڵەتی بدۆزرێتەوە تا لە میانەیەوە کاربکرێت بۆ بە جینۆساید ناساندنی ئەنفال. دیارە تا ئێستا لە لایەن هەندێ تاك وڕێکخراوی "چاك"ەوە کار بۆ ئامانج گەیاندنی دەکرێت، بەڵام لە ڕاستیدا سۆزدەربڕین وپەیمان دانی چەند ئەندام پەرلەمانێك ئەو ئەنجامە مەیسر ناکات، ئەوەی ئەوان پێی هەڵدەستن کاری یاسایی و سیاسیە، پێویستە لێژەنەیەکی پسپۆڕی یاسایی، سیاسی،کۆمەڵایەتی، مرۆڤایەتی ودیبلۆماسی بۆ ڕێکبخرێت، ئەو لێژنەیەش لە لایەن حکومەتی هەرێمەوە پاڵپشتی یاسایی و مادی بکرێت ولە گەڵ ئەو ڕێکخراوودەوڵەت و بەندانەدا بە فەرمی کار بکەن وهەر لە ڕێگەی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە کاری لە سەر بکرێت. واتە بەند ویاساکانی خۆیان بکرێت بە چەکی بەرگری کردن، هەروەها سەرەتا لە یاسایی عێراقیدا بە جینۆساید بناسرێت بە شێوەیەکی فەرمی وداوای قەرەبووی زیانە گیانی ومالی و سروشتیەکان بکرێت. ئەوەی جێگەی پرسە حکومەتی عێراقی پاش لە سێدارەدانی سەدام بە ڕێگوزاریش ئەنفال ومەسەلەی ئەنفال ومەینتیەکانی بە سەر نەکراوەتەوە، نەشچوەتە نێو پلانی لێکۆڵینەوە. ئەوەش واتای نەبوونی بەها بۆ ئەو مەسەلەیە دەگەیەنێت، واتا ئەنفال تەنها چیرۆکێك بوو باسکرا بۆ بەرژەوەندی ئەمەریکا لە ناوبردنی سەدامدا، دەنا چۆن کەیسی ئەنفال دادەخرێت؟ بۆ قەرەبوو نەکرایەوە؟ بۆ نەکرا بە تاوانێکی سەلماو بە سەر عەرەبدا ؟ئەنفال هەرگیز ناگات بە جینۆساید ناساندن هەتا وەکو جولەکە چۆن کاریان بۆ جینۆسایدی خۆیان کرد، بەو شێوەیە کاری بۆ نەکرێت، وەکو پێشتر گووتم کۆمەڵی کوردی بووە بە کۆمەڵی ڕۆژنامەوانی لە گەڵ ئەوەشدا بە دەیان وتار بە زمانی تورکی وفارسی وبە تایبەت عەرەبی بلاودەبێتەوە کە کورد ئەنفال نەکراوە، هەڵەبجە بەو شێوەیە نەبووە کە باسکراوە، بەڵگەو وێنە دروست دەکەن و لە گەڵی بڵاودەکەنەوە، هەتا ئێستا ئەو هەموو لایەن وگروپە جیاوازەی( لێرەدا مەبەستم _

چاك _ نیە) بە ناوی ئەنفال وهەڵەبجە خۆیان دەوڵەمەند دەکەن ودەرۆزەئەکەن، نەیانتوانیوە خاوەنی گروپێکی چەند کەسی بن تەنها بۆ دەم کوت کردن، نەك بۆ بە دادگای دانیان گەر ئەو کارەیان زۆر پێ گرانە. لە ڕووی یاساییەوە هەر کەسێك بەرگری لە تاوان وتاوانبار کرد، بە تایبەت لە مەسەلەی جینۆسایددا تاوانبارەومرۆڤایەتی هانی بنبڕکردن وکوشتن دەدات، جولەکە ئەو کەسە زیرەکانە بوون سودیان لە هەموو بۆشایەکی یاسایی بینی گەر زۆر بچوکیش بوبێت، کارێکیان کرد هەموو وولاتێك یاسایی تایبەت بە دانپێدانانی جینۆسایدی جولەکە بکات بە بەندی تایبەت، لەو وولاتانەش ئەڵمانیا لە ساڵی ١٩٩٣ یاسایەکی کارا کرد بە پێنج ساڵ زیندانی بۆ ئەو کەسانەی دان بە جینۆسایدی یەهوددا نانێن، فەرەنسا ساڵی ١٩٩٠ زیندانی ساڵێك، ٣٠٠ هەزار فرەنك بۆ ئەو کەسانەی دان بەو مەسەلەیە نانێن، ئەمە جگە لە ولاتانی کەنەداوئەفەریقا وئوستالیاو ..تد ناچاری هەمان کاریگەری بوون ویاسایی تایبەتی خۆیان خستە نێو بەندە یاسایەکانی دەوڵەتەوە دژی ئەوانەی دان بە کارەسات وجینۆسایدی یەهودیدا نانێن. هیچ کام لەم ولاتانە لە خۆڕاو لە میانەی سۆزەوە بەو کارە هەڵنەستاون، لە میانەی ناچارکردن ودادگا پێگرتنەوە بووە، بۆ نموونە لە فەرەنسا کاتێك ڕۆجیە گارودی کتێیی " (Founding Myths of Israeli Politics). نووسی، لەو کتێبەدا بە هەندێ شیتەڵی زانستی گومانی لەوە هەیە یەهوود بە گاز سوتێنرابن، یەهودییەکان لە هەموو کوچەیەکی جیهانەوە نارەزایی ودادگا گرتنێکیان دژی گارودی هێنایە ئاراوە، کە لە وڵاتێکی دیموکراسی وەکو فەرەنسادا گارودی سزا بدرێت لە لایەن دادگای فەرەنسیەوە، هەوەرها نەمسا ئەوەندە لە خەمی یەهوددا نەدەبوو گەر یەهودیەکان نووسەرێك ( پێم وابێت ناوی نورمان بوو، لە یادم نیە ) کە بە ڕەگەزیش یەهودیە، بەڵام دانیشتووی ئەو وولاتەیە. گەر نەبرایەتە دادگای ئەو ولاتەو بە دادگایان نەدایەوسزای سێ ساڵ زیندانی و مادی نەدرایە لە سەر ئەوەی پێی وایە دروستکردنی

هۆڵۆكۆست گەورەترین بازرگانیە لە جیهاندا. هەتا هەموو وولاتانی دی، گەر یەهوود چاودێر نەبووبێت بە سەر هەموو بزاوتێكی سیاسی ورۆشنبیری وڕاو وبۆچوون وڕاگەیاندنیان و نەدرابێتن بە دادگا ئەوان لە خەمی وڵات و نەتەوەی جولەكەدا نەبوون. ئەو دۆخە بۆ ئێمەش هەر وایە، بۆ ئەوەی بتوانین هەنگاو بەرەو بە جینۆسایدناسانی جیهانی ئەنفال وهەڵەبجە بنێین، پێویستە سەرەتا لە دادگای عێراقەوە دەست پێ بكەین بە:- یەك: دەركردنی یاسایەكی تایبەت بە ئەنفال هەڵەبجە وبە جینۆساید ناساندنی. دوو: دەركردنی یاسایەكی تایبەت بەوانەی دان بەو ڕاستیەدا نانێن. سێ: قەرەبوو كردنەوەی ئەنفال لە ڕووی مادیەوە، قەرەبووكردنەوەیەك كە بتوانێت سەدان پارێزگار لە وڵاتە جیاوازەكانەوە بخاتە خزمەت ناساندنی ئەنفال و كردنەوەی مۆزەخانە بۆی. چوار: دەركردنی یاسایەكی تایبەت بە جاشەكان، چونكە ئەو مەسەلەیەش پێدەچێت لە ڕووی یاساییەوە كاریگەری لە سەربە جینۆساید ناساندنی هەبێت. پێنج: تەرخانكردنی خەڵكانێك بۆ وەڵامدانەوەو بە دادگای گەیاندنی ئەو كەسانەی ڕەتی ئەو جینۆسایدە دەكەنەوە. گەر لە ڕووی یاساییەوەو بە شێوەی یاسایی ڕەگی خۆمان دانەكوتین و كە شارساتانیترین ڕێگەیە، هەرچیمان كردووەو دەكەین بۆ وەرگرتنی سۆزی كاتی پەڕلەمانتارێك یان سەركردەی وڵاتێكی ڕۆژئاوایی بێ هودەیە. پێم وایە لەو مەسەلەیەدا كورد پێویستە ئەوەندە بە ئەمەكی فكری وعەقڵی ویاسایی بێت بتوانێت وانەیەك بەعەرەب دادات سەرەتا لە ناوخۆ ودوای لە دەوروبەر وكۆمەڵێكیان بخاتە كێشمەكێشی دادگاوە. پاشان سوود لە یاسایی ئەو وولاتانە وەربگرێت كە بەندی تایبەتیان بە سزای نكوڵیكەرانی جینۆساید هەیە، لەوێ دادگاكان ناچار دەكەن بیر لە جینۆسایدی كورد بكەنەوە، ئەمەو جگە لەو شاندەی باسم كرد بە سوود وەرگرتن لە بەندە یاساییە نێو دەوڵەتیەكان.

**تەها سلێمان: زۆر قسەمان لە سەر ڕۆڵی ڕووناكبیر كرد لەسەر پرسی ئەنفال، بەڕای تۆ جگەلە ڕووناكبیرو نوسەرانی كوردستان لە سەرئاستی ناوخۆ ڕووناكبیرو**

**نوسەرانی کورد لەسەر ئاستی دەرەوە چی پڕۆژەیەکیان بۆ ئیش کردن لەسەر پرسی ئەنفال هەیە؟ یان ئایا ئەوان ڕووناکبیرو نوسەرانی کورد توانیویانە بە پێی پێویست ئیش لەسەر پرسی ئەنفال و ناساندنی وەك پێویست بە دنیایی دەرەوە بکەن؟ ئەگەر بابەتێکی وابوونی نییە بۆ؟**

کازێوە ساڵح: مەرج نیە مەسەلەی ئەنفال کاری ڕۆناکبیران بێت، گەر باس لە پرۆژەی ڕۆناکبیری گەورە بێت، پێم وانیە نە ڕۆناکبیری دەرەوە نە ئەوانەی کوردستانیش توانیبێتیان کاری زۆر نایابیان کردبێت بە مێژووی ئەو جینۆسایدە، بەڵام وەکو چەند جاری دی ئاماژەم بۆ کرد، مەسەلەی ئەنفال وهەڵەبجەوسەرجەم مەسەلە نیشتمانیەکانمان ئەرکی هەموو تاکێکە کاری بۆ بکات وهەموو تاکێکیش دەتوانێت کاری بۆ بکات، ئەوی تاکێکی ساکار لە کاری ڕێکخراوی ودەزگاییدا دەتوانێت بیکات لەوانەیە ئەستەم بێت بۆ نووسەرێك، ئەوەی نووسەرێك لە کاری تیۆری و بەڕێوەبردن و کۆمۆنیکەیشندا دەتوانێت بەرهەمی بهێنێت بۆ مرۆڤێکی ئاسایی سانا نیە. بەڵام کێشەی کۆمەڵی کوردی ئەوەی ئەلتەرناتیڤی دەسەڵات بە ڕوناکبیر دەزانێت، نەك حزبێکی ئۆپۆزسیون،کۆمەڵێ کار لە ڕوناکبیر داوادەکات کە کاری ڕۆناکبیر نیە. زۆر جار پێکەنین هێنەرە کە مەسەلەیەك ڕوودەدات خێرا چەند شرە قەڵەمێك پەلامارت دەدات یان چەند نامەیەکی سەرەڕۆت پێدەگات بۆ لە سەر فلان کارەسات، فیسار کێشەو مردنی فلان کەسیەتی هەڵوێستت نەبوو وهیچت دیار نەبوو. کارەساتە کاتێك کاری ڕوناکبیر بوو بە پرەسەنامەوهەڵویستگەرایی و وتاری حەماسی هەموو پرۆژەیەکی ڕۆناکبیری و تاکڕەوی ڕوناکبیری و داهێنان ئیفلیجە.

سەرەتا پیویستە ئەوە بڵێم مەسەلەی ئازادی تاك ونەتەوەکان ورۆشنبیری مافی مرۆڤ لە دەرەوە وای کردوە ڕۆحی نەتەوەیی لە نێو کۆمەڵی کوردی هەندەراندا زۆر بەرزتر بێت لەوانەی ناوەوە، ئەمەش خاڵێکی پۆزەتیڤەوهەمیشە سەفەروگۆڕان زێتر پابەندت دەکات بە کوچەکانی منالیەوە، ئەمە وەکو کورد بە گشتی بە هەردوو نوخبەی ڕوناکبیر وئاساییەوە. ئەوانەی لە دەرەوە تا ئێستا توانیویانە کاری باش بۆ مەسەلەی

جینۆسایدی کورد بکەن کەمتریان لـە نوخبـەی ڕونـاکبیران بـوون وزیـاتر دەتـوانم بڵـێم خەڵکانێکی پێشمەرگە بوون، خەڵکێکی دڵسۆز ونیشتمانی بوون، وە پـێم وایـە ئەگـەر لە سەر ئاستێکی نێودەوڵەتی باس لـە ئـەنفال بکرێـت کـار وهـەوڵی ڕەوەنـدی کـوردو ڕووناکبیروخـەڵکانی نیـشتمانی دەرەوە بـووە، بـە تایبـەت ڕێکخـراوی " چـاك " زۆر هەنگاوی باشی ناوەوە، گەر خۆیان لەو ململانیە نارەوانە بپارێزن کە تێیـان کـەوتووە و سیستمی کارکردنیان لە سیستمی سیاسیەوە بگۆڕن بۆ سیستمی ڕێکخـراوی مرۆیـی دەتوانن کاری سەرکەوتوانەتروگەورەتریش لە نێو کۆمـەڵی ڕۆئاوادا بکەن.

دیارە ئەو کێشانەی لە ناو کۆمـەڵی کوردیدا لە ناو کوردستاندا بوونی هەیە، هـەمان ئەو کێشانە لە ناو ڕەوەندی کورد لە دەرەوە زەقتر ونەشـیاوتریش خـۆی دەنوێنێـت، ئـەو کێشانەش زیاتر کێشەی حزباندن و پێشخستنی ئەرك وململانیە ناشـیرینانەکانی حـزب بەر لـە ئـەرك نیـشتمانیەکانە. لێـرەش هـەر کێـشەیەکی نیـشتمانی حزبـە جیاوازەکـان ئـارەزووی بـەرگری کردنـی بنوێنێـت هـەزاران کـورد دەڕژێنـە سـەر شـەقامەکان و خۆپیشاندان دەکەن دژی دەوەستنەوە، گەر لـە دەرەوەی بەرژەوەنـدی حزبـی و مەیلـداری حزبەکان بێت بە سەدان بانگەوازیان بـۆ بڵاوبکـەرەوە ئامـادە نـین بەشـداری بکـەن، بـۆ نموونە سـەیری هەڵوێـستی کـورد بکـە بەرانبـەر چـەمکی بـە تیرۆرسـت نـاوزەدکردنی گـەریلاو جینۆسـایدی کردنـی گـەریلا ئەوەنـدەی دەسـەڵاتداران دەخـوازن ئەوەنـدە هەڵوێستیان هەیە، کە دەسەڵاتداران دژی هێرشی تورکیا بوون بۆ باشوور هەموو دژی وەستان وخۆپیشاندانیان کرد، بەڵام بـۆ چـەمکی جینۆسـایدەکە چـونکە دەسـەڵاتداران خۆشیان بەکاریان هێنـاوپێی ڕازی بـوون، کـەس نەڕژایـە سـەر شـەقامەکان ودژی ئـەو ناوزەدکردنە نەوەستانەوە. لە کاتێکدا، ئەو چەمکە لە ئـەمڕۆدا جینۆسـایدێکی نوێیـە. لە مێژوودا جینۆساید بە زۆر شێوەو ناوی جیاوازەوە کراوە، لە سەردەمی ئەمڕۆدا هـەر میللەتێك بیەوێت نەتەوەو میللەتێکی دی جینۆساید بکات، سوکایەتی پێ بکات ولـە ڕێـزی نێـو دەوڵـەتی بهێنێتـە خـوارەوە بـە تیرۆسـت نـاوزەدی دەکـات، واتـە جینۆسایدکردنی ئێمە تـا ئێـستا بەردەوامـە، ناوهێنـانی گـەریلا بـە تیرۆرسـت دەبـوو

هەموو کوردی بڕژاندیەتە سەر شەقامەکان دژ بە سوکایەتی وتەوهینکردنە، بەڵام کەسی نەجوڵاند و ژمارەیەکی کەم نەبێت کەس بەو جینۆسایدە نوێیە سەغڵەت نیە. لە کاتێکدا ئەو ناونانە کاریگەری زۆر قورس بۆ سەر سەرجەم کێشەکانی کورد وبە جینۆساید ناساندنی ئەنفال بەتایبەتی ئەبێت لە پلانە درێژ خانەکانی کۆمەڵی نێیودەوڵەتیدا ئەو کاریگەریەش لە مێژووی داهاتوودا زۆر کاریگەری قورستری دەبێت، بەڵام دەسەڵاتدارانی کورد چونکە پارێزەری کورسی ئەمڕۆیان بیر لە سبەی وبیر لە کێشە نیشتمانیەکان ناکەنەوە. هەمان تێڕوانین لای ئەندامە حزبییە زۆر زەوەندەکانی هەندەرانیش هەیەوکەس لە خەمی شوورەتی کورد لە جیهانداو لە خەمی پلانە سیاسیە درێژ خانەیەنەکاندانیەودەکریٚ تەنانەت خوێندنەوەشی بۆ نەبێت. لێرەوە کۆمەڵی ئێمە وەکو کۆمەڵێکی حزبی وحزبێنراو ئەوەشی بڕوای پیەتی بۆ راگرتنی قەوارەی خۆی لە ناو حزبەکەیدا جێبەجێی ناکات وهەموو ئەرکەکان دەخاتە سەر شانی ڕۆشنبیر وەکو بوونەوەرێکی ئەفسوناوی جیهانێکی فانی بۆ بەرهەم بهێنێت، بەڵام ئایە کاری ڕۆشنبیرە بچێتە بەردەم دەرگای باڵوێزخانەکان و ڕێکخراوە جیاوازەکان و سەر شەقامەکان بگرێت بۆ گەڕانەوەی ناوبانگی کورد؟ یان ئەرکی ئەو هەموو ئەندام حزبی ململانیە دروست کەرەیە؟ ئایە ئەو بڕیاروکارە گەورانە تەنها بە ڕۆشنبیر دەکرێت؟ خۆ گەر تەنها هێزی جنێونووسی پشت کۆمپیوتەر کۆببنەوە زۆر لایەن ناچار دەکەن بە گۆڕینی بڕیارە جیاوازەکان. بەداخەوە هەموو چینەکانی کورد لە هەندەران، بە دەگمەن تێدایە توانیبێتی خاوەنی کەسیەتێکی جیاوازتر بێت لەوەی هەیبووە، بە دەگمەن توانیویەتی سوود لە پێشکەوتنەکانی جیهان ببینێت و وەکو دیارەدەیەکی ساکار بەلایدا تێنەپەڕێت، ڕەوەندی کورد لە دەرەوە نە دەبن بە سیاسەتمەدار، نە خاوەنی براوانامەو ڕۆشنبیری، نە خاوەن پارەو کار وپرۆژەش، هیچ پرۆژەو سەنتەرورێکخراوێکی کوردیش لە سەر بنەمایەك دانەڕژاوە کە هاوکاریان بێت بۆ بونیادنان. لە گەڵ هەموو ئەو کەم کوڕیانەشدا لە بەر ئەوەی دەزانن ئەوەی دەنگی ناوەوەی گەیاندوە بە جیهان وپەردەی لە سەر ڕووە دزێوەکان لاداوە ڕەوەندی کوردن لە دەرەوە، دیسان هەر ئەوانیش

بوون بە پاڵپشتی ئازادی دەربڕین و ژیان لە ناوەوە، ئەمە سەغڵەتی کردوون و هەمیشە لە پلانی ئەوەدان سنوورێکی دووبەرەکی و دوور مەیلی لە نێوان هەردوو لادا دابنێن، تا ئێستا تەنها بە پرۆگرامی دیسپلینی ناشیرین کردنیان بوو لە ناو هاولاتیاندا، بەڵام ئێستا بە بڕیاری بوونی " فیزە "و مۆڵەت بۆ مانەوە لە کوردستاندا کە وڵاتی خۆتە گەورەترین سوکایەتیە بە کورد، جیاکردنەوەودەرکردنیانە لە ئادێنتەتی ڕاستەقینەی خۆیان وەکو کوردو سەیرکردنیان وەکو بیانی. ئەمە ئەو پلانەی دوای دەسەڵاتی کوردی بۆ دابڕانی کوردی ناوەوە لەو هەندە بەرگریی لە کوردەکانی دەرەوە مسۆگەری دەکەن و لە داهاتوودا ئەو بڕیارە وای لێ دێت گەر کەسێك ڕەخنەی گرتبوو، یان هاوکارییەکی ڕەخنەگرانی کردبوو، وەکو سەردەمی بەعس لە فرۆکەخانە دەگیرێت یان چوونە کوردستانی لێ یاساغ دەکرێت.. لە ڕووی مامەڵەی حکومەتە ڕۆژئاوایەکانیشەوە لە گەڵ کورد ڕەیسیزمن و ئەو هاوکارییەی بە ڕەوەندەکانی تری دەبەخشن بە کوردی نابەخشن تەنانەت پاش ئەوەی فرۆشیارانی چەك وکیمیایی بەشێك لە کوردیان ناو نا تیرۆریست هاوکاری هەندێك کۆمەڵەی کوردی بڕان. ڕەوەندێکیش ئەوە خواستەکانی بێت خزمەت و قەناعەتەکانیشی زۆر بەرتەسك بچووك دەبن.

**تەها سلیمان: دیسان لە جێگایەکی تر باسی قەرەبووکردنەوەت کردوە بۆ کەس و کاری ئەنفال، کێ قەرەبوو بدات بە کەس و کاری قوربانیانی پاشماوەی ئەنفال؟ دواتر گەیاندنی ئەم بیرۆکەیە واتە قەرەبووکردنەوە وەزیفەی کێیەو بەبڕوای تۆ بۆچی تائێستا پرسی قەرەبووکردنەوەی قوربانیانی کە س و کاری ئەنفال و کیمیاباران خوێن ساردانە بەسەر ئێمەدا تێپەڕ دەبێ؟**

<u>کازێوە ساڵح</u>: هەندێ لایەنی مەعنەوی هەیە ناتوانرێت قەرەبوو بکرێتەوە، وەکو زیانە گیانیەکان، ئەنفالکراوەکان ناگەڕێنرێنەوە، بەڵام دەکرێت بەشی غەم سووککردنێك قەرەبووی لایەنە کۆمەڵایەتی و ئابوریەکانیان بکرێتەوە .کارکردن لە

سەر ئەنفال وبە جینۆساید ناساندنی وەکو پێشتر باسمان کرد کۆمەڵێ هەنگاوی زۆری دەوێت، هەموو ئەوانە پێویستە لە سەر بنەمای سیستمی قەرەبووکردنەوەی مادی دابڕژرێت و دەبوو لە ساڵی ٢٠٠٣ وە کار بۆ ئەو مەسەلەیە بکرایە. قەرەبووکردنەوەکە پێویستە لە لایەن حکومەتی عێراقیەوە بێت نەك حکومەتی هەرێم، ئەرکی حکومەتی عێراقیە قەرەبووی ئەنفال وهەڵەبجە وئاوارەی کەرکووك وعەرەبە شیعەکان بکاتەوە، بەڵام ئەنفال و هەڵەبجە بە یاسایی جینۆسایدەو پێویستە قەربووبکرێتەوە. یاسایی قەرەبووکردنەوەش نێودەوڵەتییەو چەمکێکی نامۆنیە بە گەلی عەرەب وعێراق وحکومەتی عێراقی. هەروەها پێویستە حکومەتی عێراقی بە ڕەسمی داوای لێبووردن لە کورد بکات، لێبوردنێکی ئاشکرا، بە نووسراو وبینراو لە لایەن کۆمەڵی نێو دەوڵەتیەوە. هیچ میللەتێك هێندە ساکارو بێبایەخ قوربانی و کارەساتەکانی خۆی تەسلیم بە واقعی نامرۆیی نەکردوە، ئێمە گەر خۆمان هەوڵ نەدەین نە حکومەتە عەرەبیەکان بەرانبەر بەو حەقیقەتە ویژدانیان دەجولێت و نە ئەو سیاسەتمەدارانەشمان جێ گۆڕکێی میللەت بە کورسیان داهێنا. هەندێ جار گوێم لێ دەبێت دەگوترێ حکومەتی عێراقی ئەمڕۆ خەڵکانێك فەرمانڕەواین خۆیان قوربانی بوون چی دی ئەو حکومەتەی بەعس فەرمانڕوایی ناکات هەتا قەرەبوو بکاتەوەو داوای لێبوردن بکات و.. تاد. ئەوانە هەمووی بەهانە هێنانەوەی نالۆژێك ونایاسایی وناسیاسیشە. عێراق وەکو قەوارەیەکی سیاسی وەکو دەوڵەتێك بوونێکی سیاسی و یاسایی هەیە لە پەیمانە نێو دەوڵەتیەکاندا، لەوێوە عێراق وەکو دەوڵەت نەك سیستم وکەس پێویستە پابەندبێت بە قەرەبوو کردنەوەو داوای لێبوردن کردنیش. هەموو حکومەتە یەك لە دوا یەکەکانی عێراق هەر کوردیان بنبڕکردوەو لە ڕووی یاسایشەوە پابەندی هیچ جۆرە ئەرکێك نەکراون و نەخراوەتە مێژوویانەوە، نەبووە بە بەڵگەیەك یان وانەیەك بۆ ئەوانەی پاش ئەوی دی.

ئەوەی مافی جولەکە سەبارەت بە جینۆسایدی خۆیان وەریانگرت مافی ئێمەشە بۆ جینۆسایدی خۆمان وەریبگرین. پاش ڕوخانی دەسەڵاتی هیتلەر حکومەتی ئەڵمانیا

حکومەت و دام ودەزگای هیتلەر نەبوو، بەڵکو ئەوانە بوون کە دژی هیتلەر شۆڕشیان کرد لە گەڵ ئەوەشدا ٧٠-٧٥ بلیۆن دۆلار ئەو کاتە قەرەبووی جولەکەیان کردەوەو بەر لە قەرەبووکردنەوەش لە ساڵی ١٩٥١ دا ئەڵمانیا بە فەرمی داوای لێبوردنی ئەو جینۆسایدەی جولەکە و قەرەجەکانی ئەڵمانیای کرد لە وڵاتی ئیسرائیل وهەموو تاکێکی جولەکەو قەرەج . واتە لە ڕووی یاسایی ولە ڕووی دەزگایی ومرۆییەوە مافی کوردە، مافی کۆمەڵی ئەنفال وهەڵەبجەی سوتاوە قەرەبووی لەو جۆرە بکرێنەوە، داوای لێبوردنی فەرمیان لێ بکرێت، لەوانەیە بگوترێت ئەمڕۆ سەرۆکی عێراق خۆی کوردە، چۆن داوای لێبوردن لە گەڵی خۆی بکات. ئەو کوردە ئەمڕۆ نوێنەری عێراقە، عێراقی زلهێزی بەرهەمی نەوت وسەربازی، عێراقی دەوڵەت وعێراقی دەست پێشخەر لە بوون بە ئەندامی ڕێکەوتنەنێودەوڵەتییەکان. ئەرکی بەڕێز جەلال تاڵەبانی و حکومەتەکەی مالکییە  بە فەرمی داوای لێبوردن بکەن و ستراتیژی قەرەبووکردنەوە دابڕێژن، تا ئێستاش ئەوە نەکراوە بێباکی سەرۆکی عێراق لە نەتەوەکەی و لاوازی سەرۆکی هەرێم و وەزارەتی ئەنفال و شەهیدان لە پلانە ئابووری ونیشتمانی و مرۆیەکانی کورد ، بێباکی لە داهاتووی تاریکی پلانە لە ژێر میکرۆسکۆپەدا ماوەکان. ئەگەر ئەم کارە لە ماوەیەکی کەمدا بۆ ئەنفال وهەڵەبجە نەکرێت چاکتر وایە وەزارەتی ئەنفال دابخرێت و سەرۆکی هەرێمیش بچێتە بەغداد دابنیشێت، چونکە کورد لەوەزیاتر پێویستی بە بڕیاری خەوتوو نیە وەکو بڕیاری ١٤٠ و چارەنووسی کەرکووك. چارەنووسی کەرکوك ئەنفالێکی دیەوجینۆسایدێکی دیە بۆ کورد ، کورد هەرچۆن بیەوێت کارەکانی بە مەیسەر بووی ببینێت، پێویستە ئەوە باش بزانێت تەنها لە ساڵی ٢٠٠٦دا دووجارجینۆساید کراوە جارێك بە ناو زراندنی وەکو تیرۆرست وجارێك بەقوربانی کردنی چارەنووسی کەرکوك لە دواخستنی بڕیاری١٤٠. هەتا سیاسەتمەدارەکانمان بە خەواڵوویی دیپلۆماتیەتی لاکۆڵان لە گەڵ کێشە چارەنووسسازەکان مامەڵەبکەن نەك ئەنفال و لە ساڵێکدا دووجۆرە جینۆسایدی

جیاواز ئەوەشی هەیە لە خاکی کوردستاندا ئازادە دەبێت بە خۆراکی تیرۆرستەجیاوازەکان.

**تەهاسلیێمان: باست لە وەزارەت ئەنفال و لاوازی پلانی ئابووری کورد کرد، تا چەند وەزارەتی ئەنفال پێویستە بۆ جینۆساید ناساندنی ئەنفال و تا چەند بەرپرسە لەو لاوازی پلانی ئابووریە تایبەت بە قەرەبووکردنەوە؟**

کازێوە ساڵەح: بەر لە هەبوونی وەزارەتی ئەنفال هەمیشە لە گلەیی ئەوەدا بووم کە ئەنفال بە هەموو قورسایی خۆییەوە وەزارەتێکی بۆ تەرخان نەکراوە، میللەتێکی جینۆسیاد بوو، وەزارەتی بۆ جینۆسایدی خۆی نیە. کاتێکیش باس لە وەزارەت بوونی دەزگای شەهیدان وکاروباری ئەنفالکرا ڕەشبین بووم بەرانبەر فۆرمی کارکردنی وەزارەتەکان. دڵنیابووم وەکو هەموو کارە ناتەواوو پڕ کەموکوڕیەکانی ئەو حکومەتە وەزارەتێك نابێت بە واتا کارکردن وخزمەتکردن بێتە مەیدان، نەك ژمارەیەکی زیادە بۆسەر ژمارەی وەزارەتە زۆر وزەوەندەکانمان. نایشارمەوە هێنانی ناوی ژنێك وەکو وەزیری ئەو وەزارەتە گەرچی هەرگیز ناوی ئەو ژنەم لە هیچ بۆنەیەکی ڕۆشنبیری، سیاسی ومرۆیی وئەنفالدا نەبیستبوو، بەڵام هەندێکیش ختۆکەی سۆزی دەدام، گەر ئەو ژنە هەر هیچی پێ نەکرێت، بارودۆخی ژنانی پاشماوەی ئەنفال بەرەو دۆخێکی تر دەبات، کە وانەبوو، هەواڵەکانی دەیخوێنینەوە سەبارەت بە کارەکانیان دەریدەخات کە وەزارەتێکە بۆ بیزنس و خۆشگوزەرانی دەسەڵاتدارانی نێو ئەو وەزارەتە. ئەگینا دەبوو وەزارەتی ئەنفال پلان وپەیڕەو پرۆگرامێکی تەواوی هەبوایە بە مەسەلەی قەرەبووکردنەوەو داوای لێ بوردنکردن. مەرجی هەبوونی ئەو دوو فاکتەرە لە رووی سیاسی، مێژووی، مرۆیی وستراتیژی داهاتوو، بخرایەتە بەردەم سەرۆکی هەرێم و بە هەردوولایان بە هاوکاری وەزارەتی مافی مرۆڤ جەختی جێبەجێکردنیان بدرایە.دەبوو شاندێکی پێك هاتوو( لە خەڵکی دڵسۆز نەك گەندەڵ) پێکبهێنرایە بۆکارکردن لە سەر جینۆساید ناساندنی ئەنفال و هەڵەبجە. ئێمە هەتا ئێستا خاوەنی هەزاران کەسی

نەخۆشین بە کاریگەری کیمایی وتووندوتیژیەکانی ئەنفال، هەزاران زیانی گیانی و ماڵی، زیانی سروشتی وئاژەڵی، زیانی دەروونی و عەقڵی ڕێژەیەکی بەرز لەو کەسانەی تاوانەکانیان بینیوەو تێدا ژیاون، زیانی ڕەچەڵەك و زاوزێ، زیانی پیس بوونی ژینگە، زیانی کولتووری وکەلەپوری و زیانی ئەندازیاری ونەخشەسازی، ئایە دەسەڵاتدارانی ئێمە ئەو هەموو زیانە نابینن وپێویستی بە قەرەبوو کردنەوەو گەڕانەوەو کارکردن نیە لەسەری؟ گەر وایە پێویستە کاری لە سەر بکەن، گەرنا پێویستە فشاری جەماوەریان بخرێتە سەر بۆ ئەوەی دان بە خیانەت و بێ بەهاییان بۆ کۆمەڵ و ملکەچیان بۆ کوردکوژان بنێن.

هەروەها دەبوو ئەو وەزارەتە عەنتیکە سیستمێکیان هەبوایە بۆ خزمەتکردنی ئەو کەسانەی خزمەتی ئەنفال دەکەن بە هەر شێوەیەك لە شێوەکان. شەرمەزاری لەوە زەقتر نابێت وەزارەتی ئەنفال هەبێت لە تۆ ببیستم پاش دوو ساڵ هێشتا قەرزاری چاپکردنی کتێبەکەتی دەربارەی ئەنفال. ئەبێ ئەم وەزارەتە کاریان چی بێت کە کتێب دەربارەی ئەنفال چاپ ناکەن و ڕێزی نووسەرەکەی ناگرن، هەوڵی بە جینۆسایدناساندنی نادەن، هیچ گفتوگۆ ودانوسانێکیان لە گەڵ حکومەتی عێراقیدا نیە بۆ قەرەبوو کردنەوە، باردۆخی کۆمەڵی ئەنفالکراوەکان بەرەوخراپتر ڕۆشتووە نەك باشتر. کەواتە با دابخرێت چونکە دوو مەسەلە کێشەی پرەنسیپ وپراکتیزە نەك باڵەخانەو کورسی ومێز، ئەوانیش مەسەلەکانی مافی مرۆڤ وجینۆسایدە، لەوێوە نە کۆمەڵی ئەنفال ونە ئەوانەش بەرگری لە ئەنفال دەکەن پێیان وانیە وەزارەتی ئەنفال وکۆمەڵی ئەنفال بوونیان بۆ خزمەتی وەزیرێك ودەست وپەیوندەکانی بێت بۆ پێگەیاندن ودەوڵەمەندکردنیان. ئەو شوێنە پیویستە خەڵکێکی تێدا جێگیر بکرێت بە ئاگا بێت لەوەی ئەو ئامرازە بۆ ئامانجی قوربانیان، نەك قوربانیان ئامراز بن بۆ ئامانجی خۆی. ئەمە یەکێك لە خەسڵەتەکانی نەبوونی کەسی شیاو بۆ شوێنی شیاو، بێدەربەستیە لەبەڕێوەبردندا.

لە ڕووی پلانی ئابوریشەوە بۆ خۆی قەرەبووکردنەوەکە پلانێکی ئابووری گەورە وعەقڵێکی کۆگەرایی دەوێت بۆ جێبەجێکردن، بە پێی ڕاپۆرتەکانی خۆیان عێراق

ڕۆژی ٢,٣ ملـوێن نـەوتی خـاكی كوردسـتان دەفرۆشـێت. ئـەو نەوتـەی كوردسـتانی لەپێناودا دابەشكراو وخەڵكی كورد بۆ جینۆساید كرا. بە پێی سەرژمێری، عێـراق بـە نەتەوە جیاوازەكانەوە ٢٢,٤٢٧,١٥٠ كەسـن، لـەو ژمارەیـە نزیكـی ٥ پێـنج ملـوێنی كوردە گـەر جینۆسـاید وخـاپوركردنی كوردسـتانیش بـیر بەرینـەوە تـەنها وەكـو مـافی تاكێكی بە عێراقی ژمێردراو ئایە كورد ئەوەندە مافی لەو هەموو نەوتەی خۆی نیە كـە بەرمیلێ نـەوت لـە سـەروو ١٠٠ دۆلارەوە نـەكڕێت؟ یـان لانـی كـەم نرخـی نـەوت بـۆ كۆمەڵی ئەنفال وهەڵەبجە بە نرخێكـی هـەرزان بێـت، خـۆ ئەمـەكارێك نیـە لـە سـەروو لۆژیكەوە بێت، كەنەدا لە بەر ئەوەی هاوڵاتیە بنەڕەتیەكانی كـاتی خـۆی شـەڕی ڕزگـار بوونی كەنەدایان كردوە، هـەموو كەنـەدا لـە گـەڵ كـڕینی یـەك دۆلار شمـەك ١٥٪ بـاج دەدات، بەڵام ئـەوان هـیچ بـاج نـادەن، خوێنـدن بـۆ هـەموومان بـە پارەیـەو نرخێكـی گرانیشە بۆ ئەوان بە خۆڕاییە، وەرگرتن لە زانكۆ بۆ هەموو كەنەدا بە مەرجە بـۆ ئـەوان بێ مەرج، كاركردن بۆ هـەموو كەنـەدا بـە پێـی پرۆفێـشیناڵ بـوون و ئـەزموونی كـار وكۆمپیێستشنە بۆ ئەوان بێ مەرجەو بودجەی مانگانەی خۆیان هەیـە لـە حكومەتـەوەو زۆر تایبتمەندی تر كە بووە بە سیستمی ئەو وڵاتەوهیچ هێزێك نایگۆڕیـت بـۆ كـەمتر گەر بۆ خزمەتی زیتر نەگۆڕێت، ئایە ئەم جۆرە قەرەبووكرنەوە سـاكارە نەئـەبوو مـەرجی كاركردنی وەزارەتی مافی مرۆڤ بێت؟ .لە لایەكی دی نەشارەزایی وەزارەتی ئەنفالە كـە تا ئێستا سندوقێكی نیشتمانی نەكردوەتەوە بۆ بەخشیش .ئێمـە ٤٠ ملـوێن كـوردین لەو ژمارەیە تەنها پێنج ملوێن كەس واژوو بكات كە مـانگی یـەك دۆلار ببەخـشێت ٥ ملوێن دۆلار ئەكات، واتەساڵی ١٢ دۆلار بخاتە سەر ئەو سندوقە بۆ كاروبـاری ئـەنفال، كۆمەڵی ئەنفال سـاڵی دەبێـت بـە خـاوەنی ٦٠ ملـوێن دۆلار. ئـەو بـڕە پارەیـەش گـەر دەستی گەندەڵی لووشی نەدات واتە مانگی مۆزەخانەیـەك لـە وڵـاتێكی جیـاواز، واتـە چارەسـەركردنی كێـشەی نـەبوونی وتەندروسـتی وخوێنـدن وكێـشەكانی دی ئـەنفال وشەهیدان. واتە نرخاندنی ئەو كارانـەی بـۆ ئـەنفال دەكرێـت وچـاپنەكردنیان بـە قـەرز.

بەڵام ئایە ئەوان بە ڕاستی بیر لە کێشەی ئەنفال دەکەنەوە هەتا بیر لە هەندێ پلانی ئابوریش بکەنەوە؟

**تەها سلێمان: تۆ لە وەلامی ئەم پرسیارەی پێشوو هەندێ باسی جاشت کرد، تێڕوانینی تۆ بۆ ڕۆڵی جاش لە پرۆسەی ئەنفال چییە؟ ئایا کەمتەرخەمی لەبواری دادگاییکردنی جاش و سەرۆك جاشەکان تاییەت، نابەرپرسیارێتی کوردو دەسلاّتەکەی ناگەیەنیّ؟ یان بە دیدێکی تر هەوڵدان بۆ لێخۆش بوون لە گەورەتاوانبارانی کردەی ئەنفال، ڕێگا خۆشکردن نییە بۆ لێخۆشبوون لە هەموو تاوانبارانەی تر لە چوار چێوەی پەلامارەکە بە چاش و سەرۆکەکانیشیانەوە؟**

<u>کازێوە سالّح</u>: لێخۆش بوونی هەر جاش وبەعسییەك بە تایبەت کەسانێکی وەکو سولّتان هاشم وحسێن ڕەشید داڕوخانی ئەخلاقی سیاسیە گەورەترین خیانەتە بە سەرجەم کورد، بە ئەنفال وهەڵەبجە، هەروەها خیانەتە بە یاساکانی چەمکی جینۆساید ولێخۆش بوون لە تاوانبار واتە دەست بوون لە تاواندا. لە ڕوویەکی دییەوە لادان لەو یاسا نێو دەوڵەتیانەی دژ بەو کەسانە دانراوە نکولی لە جینۆسایدو کوشتنی بە کۆمەڵ دەکەن. دەسەلاّتدارانی ئێمە تا ئێستا باسی ئەنفال وکێشەی ئەنفالیان فەرامۆشکردوە بێ هۆ نەبوە، ئەوەی ئەمڕۆ باسی دەکەن، دەمێکە لە هەگبەی تەگبیریاندا هەبووە، ئێمە وەکو کورد تێگەشتووین لەوەی ئەوان ئەوەندە ناوی ئەنفال وکێشەی کورد بەکاردەهێنن کە لە بەرژەوەندی دەسەلاّت وکورسی، بەرفراوان بوونی سەروەت وسامانیان بکات. بۆیە کورد مافی خۆیەتی لەو خیانەتە بێ دەنگ نەبێت و بەو یاسانەی لە وەلاّمی پرسیارەکانی پێشوودا باسمان کرد حکومەتی عێراق بدەن بە دادگا، دەتوانرێت بە یاسای بەرگریکردن لە تاوانبار لە هەر ولاّتێك بدرێنە دادگاو بەیاسایی نکولێکردن لە جینۆسایدیش لە هەریەك لە ولاّتانی سویسرا، فەرەنسا، ئەلّمانیا وسوید ونەمسا کە پێشتر ئەو یاسایەیان پراکتیزە کردوە بدرێن بە دادگا.

بیرمان نەچێت ئەو دەسەڵاتدارە بە ئەمەکانەی ئێمە داکۆکیان لە نەزار خەزرەجی تاوانبار وفرانس ڤان ئانراتی بەرهەم هێنەری گازی کیمیایش کرد، بە خواستی ئەوان بوایە نەئەدران بە دادگا، ئەوەی دانی بە دادگا خواستی گەل بوو، ڕێکخراوی —چاك— بوو، ئێستاش ڕێکخراوی چاك دەتوانێت ئەو سندوقە نیشتمانیە دامەزرێنێت بیخاتە خزمەتی دادگای گەیاندنی ئەو تاوانبارانەی لە تاوانبارانی جینۆساید خۆش دەبن.

نەك ئەگەر لە تاوانبارانێکی وێنەی ئەو دووانە، تەنانەت گەر لە جاشەکانیش خۆش بن جگە لە خیانەت گەورەترین گورزی مێژووی لە مەسەلەی کوردوبە جینۆسایدناساندنی ئەنفال دەدات، گەر ئێمە لە تاوانباران خۆش بین، واتە خۆمان جینۆسایدی خۆمان کردوە، لەو دۆخەشدا مافی ئەوەمان نیە بڵێین جینۆسایدکراوین، دەمانەوێت دان بە جینۆسایدکردنماندا بنێین. گەر دەسەڵاتدارانی ئێمە ئەوەیان واژۆکرد، واتە پێویستە بە تاوانی دەست بوونیش لە ئەنفالدا هەر بدرێن بە دادگا، چونکە لێخۆشبوون، داوای قەرەبوونەکردنەوەو داوالی لێبوردن نەکردن تەنها یەك واتای هەیە، ئەویش ترسی دەرکەوتنی ڕاستیەکانە، ڕاستیەك کە دەکرێ دەستی خۆیان لە پشتی پەردەوە لەو جینۆسایدەدا هەبوبێت. ئەو هەلەی بۆ دەسەڵاتدارانی ئێمە لەم ئەمرۆدا ڕەخساوە لە سایەی سیاسەتی حەکیمانەیان نەبووە، لە سایەی ئەنفال وهەڵەبجەو جینۆسایدی کورد ئاکام هاتووە، دەنا هەژارترین دەسەڵات وسیاستمەدار لە ڕووی دبلۆماتیەوە ئەوانەی کوردن، هەر ئەو هەژاریەی ئەوان بوو سەرجەم مەسەلەکانی کوردی لەو هەلەدا بە چارەنووسی ڕەش گەیاند. دەسەڵاتی کوردی هەرگیز سوودی لە مێژوو نەبینیوە، ئەم هەڵانەی ئێستا ئەکرێت بە تایبەت خزمەتکاری داگیرکارانی کورد هێندە دووبارە بووەتەوە لە مێژوودا ئەوەشی ڕۆژێ گوێی لە هەواڵێکی سیاسی نەگرتبێت دەزانێت ئاکامگیری هەڵەکان لە کام سەرچاوەوەیە. بەشێوەیەك دبلۆماتیەت وخزمەتکاری وکەوتنە خزمەتی بێگانەیان تێکەڵاوکردوە کە مێژووی دبلۆماتییشیان ڕەش و ناچیزە کردوە، هەمیشە ئەرکە نیشتمانیەکانیان پاش ئەو کردارە ناچیزانەیان خستوە کە ناویان ناوە دبلۆماتیەت،

قوربانی یەكەم ودوواینیش تەنهاكورد بووە. بۆیە لە دۆخی ئێستادا جگە لە سوود وەرگرتن لە مێژوی برایەتی بێهوودەی كوردو عەرەب وتورك وفارس، هێنانە بەرچاوی ئەو هەموو كۆبوونەوە وبۆنە نابەجێیانەی بە ناوی گفتوگۆی كوردی —عەرەبی بە فیڕۆ دەچێت، گرنگە پرۆسەیەكی جیاكردنەوە بكرێت لە نێو ئەو جاشانەی كە تەنها بە هۆی خۆ دزینەوە لە پرۆسەی سەربازی مۆڵەتێكیان وەرگرتبوو، ئەو سەرەك جاشانەی خزمەتی پێشمەرگەیان دەكرد ( بۆ نموونە سەرەك جاش هەبووە هەواڵی پێشمەرگەمان لە ماڵی ئەوەوە وەرگرتووە، نهۆمی سەرەوەی ماڵەكەی جاشی تێدا بووەو نهۆمی خوارەوەش پێشمەرگە میوانی بووە، واتە جاشایەتێك بووە بۆ خۆپاراستن لە خزمەتی بەعس ) ئەمانە جیابكرێنەوە لەو سەرەك جاش و جاشانەی لە پرۆسەی كوشتنی كورددا بەشداریان دەكرد ڕێبەریان بۆ سوپای عێراقی دەكرد لە پرۆسەی ئەنفالدا. بەڵگەی كاری هەموویان بێ گوومان لای حزبەكان پارێزراوە، گەر ئەو جیاكردنەوەیە نەكرێت لە ڕووی كۆمەلایەتی و ئاسایش و نیشتمانیشەوە زیانی گەورە دەكەین، چونكە ژمارەیەكی ئێجگار زۆر جاش بوون، هەمووش تاوانبار نین. دیسان جیانەكردنەوەو سزانەدانی تاوانبارانیان جگە لە ڕووە كۆمەڵایتی وسیاسیەكان لە ڕووی یاسایشەوە زیان بە ناساندنی ئەنفال وەكو جینۆساید دەگەیەنێت. ئەوە لای دەسەڵاتداران ڕوونە ئەو جۆرە فەرمانڕەوایەی دەستێكەڵكردنە مانگی خۆیان بەرەو ئاوابوون دەبات لە سەر كورسی دەسەڵات، بەڵام ئەوان خۆشیان ئێستا لە قۆناغی جاشایەتیدا دەژین بە چەند شێوەیەكی جیاواز، جگە لەوەی ئەوان خۆیان لە پرۆسەی ئەنفال كردنی كورد نەكەوتوون بە چەندین شێوازی جیاواز كورد ئەنفال دەكەن، نەبوونی كارەباوئاوو نرخی گونجاو بۆ ئنتەرنێت لە كوردستاندا كە كوردی گەڕاندوەتەوە بۆ سەدەیەك بەر لە ئێستا گوایە ئەنفالی شارستانیەت وسایكۆلۆجیەتی نیە؟ نەبوونی یەكسانی لە دابەشكردن وجێبەجێكردندا بەرانبەر هاوڵاتیان ئەنفالی سامانی نەتەوەیەك نیە؟ جێ هێشتنی كوردستان لە لایەن لاوانەوە بە هۆی نەبوونی ئازادی و خزمەتگوزاریەكانی ژیان و لە بری ئەوان جێگیر بوونی بێگانە ئەنفالی

سەرجەم ڕووە کۆمەڵایەتی و شارستانی و هێزی کارو پێشکەوتن نیە؟ نەبوونی پلانی ئابوری وموووچەی ئاستی ڕۆژهەڵات ومسرەفی لە ئاستی ئەمریکادا بە ئاستێك هەزاران کێشەی کۆمەڵاتی دروست کردوە تا ئاستی خۆکوشتنی کەسانێك لە دۆخی گرانی وبێ پارەی ئەنفال کورد نیە؟ ئەوەی بە سەر کەرکووك دێت ئەنفالی سەرجەم دۆزی کورد نیە؟ بەڕێزم ئەنفالکردنی کورد بۆ ساتێکیش نەوەستاوە زیندوەکانمان ڕۆژانە ئەنفالی ڕەمزی دەکرێن، ئێمە دەمانەوێت ئەم ئەنفالچیانە مافی ئەنفالە مردوەکانمان بۆ بگەڕێننەوە.

## تەها سلێمان: پەیوەندییەکانی نێوان کوردو عەرەب لەسەر ئاستی سیاسی و کایەجۆراو جۆرەکانی تر چۆن دەبینی و کاریگەری ئەو پەیوەندییە لەسەر پرسی ئەنفال لەسەر هەردوو ئاستی پۆزەتیف و نیگەتیف چۆن لێك دەدەیتەوە؟

<u>کازێوە ساڵح:</u> پێم وایە فەرمانڕەواو ودەسەڵاتدارانی ئێمە کە خۆیان فەرمانڕەواو، یاساوداد وجێبەجێکردن وڕاوێژکاریشن و هیچ کایەی دی بەرانبەر خۆیان نایەتە ژماردن، شەرم نیە بچنە وڵاتێکی تر هەندێ کورسی دیبلۆماتیەت و بەڕێوەبردن وپلاندانان وەربگرن. ناکرێت میللەتێك کۆی مێژووی ئەوەندە چەوساوەو قوربانی دەستی کۆمەڵێ داگیرکاروخوێنرێژ بووە، ئەونەدەش هەڵەکانی بە هۆی نەزانی و بێ باکی دەسەڵاتدارانیەوە لە کیس چووە. ئەوەندە بەرانبەرەکەی بە دوژمن و نەگریس سەیری کردوە ئەوندە کەوتوەتە خزمەتیەوە، ئەوەندە میللەتەکەی قوربانی بۆ داوە ئەوەندە نەزانانە نا دیبلۆماتیانە نا دڵسۆزانە مامەڵەی لە گەڵ کردوە. بگەڕێوە بۆ مێژووی شەڕی نێوان حوکومەتی ئەشکانی و ساسانیەکان و حکومەتی ڕۆمانی، کورد ڕۆڵێکی گرنگی لە مێژووی سەرکەوتنەکانیاندا تۆمارکردوە، ئەو شەڕەشی لە بەرژوەندی خۆی نەکردوە. بگەڕێوە بۆ مێژووی میرنشینەکان، میرنشینی خامازی لە دووری ١٠٠٠کم هاوکاری سەربازی میرنشینی" ئیبلا"ی شاری حەلەب لە سوریا کردوە، بگەڕێوە بۆ ڕۆژگاری فتوحاتی ئیسلامی کورد تەنها دەستبەرداری ئاینەکەی

خۆی نەبوو بۆ هەڵگرتنی ئاینی ئیسلام، بەڵکو خوێنی هەزاران کوردی بۆ ڕشت و قوربانی بۆ دا بە ڕابەری سەلاحەدینی ئەیوبی، ئەم پیاوە دەیەها بونیادی شارستانی هەتا ئێستا لە میسروسوریاوفەلستین بووە بە جێگەی شانازی عەرەب، بەڵام نەتەوەکەی بە ناپەسەندی لای عەرەب، خۆشی هێندە بێ باك بوو لە نەتەوەکەی و داهاتووی و هێندە سەرسامی پیاهەڵدانی کاتی بوو، هەموو عەرەب ئاینەکەی خۆیان پێش نەتەوە نەخستوەو هەرگیز نەیانگووت ئیسلامی عەرەبی، هەمیشە عەرەبەکە بەر خراوە، بەڵام ئەو ئاینێکی هەڵگرت و بەر نەتەوەی خۆشی خست وشەڕی بۆ نەتەوەی ئیسلام کرد، تەنانەت یەك خشتی نەخستە سەر سارستانیەتی ناوچە کوردیەکان وەکو ئەوەی لە ناوچە عەرەبیەکاندا بونیادی نا. بەگەڕیوە بۆ مێژووی بەرگری لە فەلەستین. لە ساڵی ١٩٤٨ کە کورد کوشتن و بێمافکردنی گەشتبوو بە لوتکە، یەکەم هێزی بەرگری لە فەلەستین ئیحسان کمئەڵماز خەڵکی ڕۆژئاوای کوردستان دامەزراو لە ڕێگەیدا خۆی و دەیان کورد شەهید بوون. ئەو زنجیرەی خزمەتکردنی بێگانە لە یادکرنی خودە بەردەوام بووە هەتا ڕۆژگاری ئەمڕۆو لە ئامێزگرتنی بەغدا لە لایەن کوردەوە. گەر واز لە ڕووبەرە سیاسیەکەش بێنە داهێنەرانی زانست و وێژەو تەسەوف بە سەرکەرەوە کە کوردن و بە زمانی عەرەبی نووسیویانە لە خودی عەرەب زیاتر خزمەتی زمان وویژەو ڕەخنەی عەرەبیان کردوە، لەوانە خێزانی گرگانیەکان، لە ڕەخنەی ئەدەبی عەرەبی و ئیسلامی، خەیرەدین زرکانی، ئبن خەلەکان، مولانا خالد نەقشبەندی، محەمەد عەلی کورد، ئبن حقیل جەزیری، خێزانی بەدرخانیەکان، ئەحمەد شەوقی، عەباس مەحموود عەقاد، بلند حەیدەری، سەلیم بەرەکات وسەدانی دی، خزمەتی زمانی عەرەبی ونەتەوەی عەرەب ونەوەی عەرەبیان کردوە، ئەمەش هیچ نەنگی نیە گەر خمەتکردنەکەیان وەکو لایەنێکی مرۆڤایەتی سەیر بکرایە، چونکە هەوڵی مرۆڤ بۆ خزمەتی مرۆڤایەتیە، بەڵام ئەی ئەگەر ئەوانەی تۆ خزمەتیان دەکەیت تۆ بە مرۆڤ نەزانن و شیاوی هیچ مافێکی مرۆیت نەبینن؟ ئەمە ئەو پرسیارەیە هەر یەك لەوانەی خزمەتیان کردوە دەست وسان وبێ وەڵام ماون لە ئاستیدا، هەرگیز

عـەرەبیش نـە ئـەوانی وەکـو کـورد ناسـیوەو بـاس کـردوەو دان پێـداناوە، نـە هەڵـە و ڕەگەزپەرسـتی خۆشـیان. سـەدەو ڕۆژگـاری ئـەمڕۆ لـە دوو جەمسـەری دژە یـەك پێـك هـاتووە، جەمسـەری خـوێن ڕشـتن وکوشـتن، جەمسـەری گفتووگـۆی شارسـتانی، لـە سەرەتایی مێژووی کوردەوە هەر هەوڵی داوە گفتووگـۆی شارسـتانیانە بکـات تەنانـەت لەو سەدەمانەشدا لە باوی چەك بووە نەك گفتووگـۆ هـەتا ئـەمڕۆ، بەشـدار بـوونی ئـەو هـەموو گفتووگـۆی کـوردی _عـەرەبی و کۆنگرانـەی بەڵگـەی ئـەو ڕاسـتیەن، بـەڵام وەڵامی عەرەب بـۆ خواسـتی کوردومافـەکانی هەمیـشە تیرۆروجینۆسایدوشـۆڤیەنیەت بووە. ئەمەش چەند چارەسەرێك داوا دەکـات، یـەکێکیان عـەرەب بـە مێـژووی خـۆی و کێشەکانیدا بچێتەوە، چونکە زۆربەی تەنانەت کێشە ناوخۆیەکانیشی شۆڤیەنیەت بـۆی دروست کردوە، گەر گەشت بـەو ڕاسـتیە دەتوانێـت بـە شـێوەی شارسـتانیانە مامەڵـە بکات و بەربەست نەبێت لە ماف وسەربەخۆی نەتەوەیەك کـە داگیرکـاری ئـەوان نـەبێت هیچ هێلێك بە عەرەبیەوە نابەستێتەوە، گەر ئەوان ناگەن بەو جۆرە مامەڵـە شارسـتانی و مرۆییـە، کـورد دوو چارەسـەری هەیـە یـەکێکیان گفتووگۆوفـشارە بـۆ سـەر نەتـەوە یـەکگرتوەکان وئەمـەریکای دروسـتکەری هێـز وسـەروەریەکانی عـەرەب، کـە کێـشەی نەتەوەیەکی ٤٠ ملوێنی بە هەڵبەستراوی نەمێنێتـەوە، گـەر ئـەوە نـەکرا تـەنها ناچـاری دووەم دەکەوێتە بازنەی جارەسەرەوە، کە تووندووتیـژی وخـوێن ڕشـتنە، لەمەشـدا گـەر هێزیەکی ڕاستەقینەو دڵسۆز بە داواکاریەکانی کورد لـە کوردسـتاندا کـارا بێـت لـەوە زیـاتر قوربـانی نـادەین کـە ئێـستا بـە ئاشـکراو بـە نهێنی لـە هـەر چـوار پارچـەکەی کوردستاندا دەکوژرێت و سەرنگووم دەکرێت، ئێمە خاوەنی ئەو هێزە نـین، دەنـا گـەلی کـورد وەکـو سـاڵی ١٩٩١ بـە ژن ومنـاڵـەوە ڕووبـەڕوو دەبنـەوە بـۆ مـاف وسـەربەخۆی خۆیان. ئەو فۆرمی شەڕوئاشتیە بە یەکەوە ئەمڕۆ پەیڕەو دەکرێت ئێجگـار کلاسـیکی و بێهوودە ئەنجامە. گەر فۆرمێکی سیاسـیانەی نـوێ بـۆ کارەسـات وکێـشەکانی کـورد دانەڕژێت و لە سنوورەکانی گفتووگۆی ناوەکی وگفتووگۆی نێوان منی مەزڵوم وئـەوی زاڵم نەچێتە دەرەوە بۆ دەسـتی هێـزی سـێهەم. ئـەکرێت ئەمـە ئاسـان نـەبێت لـە ڕووی

دبلۆماتیەوە، چونكە هێزی سێهەمیش ئەو هێزەیە ئێمەی دابەش كردو لە مێژووی كۆن ونوێدا وەكو واژۆیەكی بازرگانی بەكاری هێناین. بەڵام تەسلیم بوونیش بەو حەقیقەتەو نەبوونی دیالۆگ لە نێوان دەسەڵات وهاوڵاتی كورددا سەبارەت بە مەسەلە چارەنووسسازەكان، ئەو بارە قورسترو ناوەڕۆك پووچتر ئەكات.

ئەمە كاری خۆمانی دەوێت، هەموو ئێمەی هاوڵاتی ودەسەڵاتدارانیش دەزانن گەر خۆمان داوای مافی خۆمان نەكەین، هیچ كات فارس كە سەرۆكێكی وەكو ئەحمەد نەژاد سەرۆكایەتی دەكات و هێندە نیرۆتی و رەسیزمی ئاینی برز بوو، جینۆسایدی جولەكەی لە بەردەم كۆمەڵی نێو دەوڵەتیدا ڕەتكردەوەو خۆی خستە ژێر گومانی لێپرسینەوەی هەموو ڕاگەیاندنەكانی جیهان و كۆمەڵی نێو دەوڵەتی، ئێمە چۆن چاوەڕوانی ئەوەی لێ بكەین دان بە ئازادی و مافی گەلێكدا بنێت خۆی جینۆسایدیان دەكات. عەرەبیش سەلاحەدینێكی دی هەرگیز لە مێژوودا دروست نابێتەوە بۆیان، بەڵام ئەوان تەنانەت بۆ سەلاحەدینیش ئەڵێن " كردیا كان صلاح الدين الايوبی، قاتل و اصبح عربيا " واتە ئەگەر شەڕی بۆ ئەوان كردو بوو بە عەرەب گەر وانەبوایە ئەویش وەكو سەرجەم نەتەوەكەی زۆڵ دەبوو، تەنانەت شۆڕشەكەشی، ڕزگاركردنی عەرەبیش بە كوردی لێی وەرناگرن. پێیان وایە بووە بە عەرەب بۆیە بە جەرگ و ئازا بووە. ئەم دۆخە ڕێژەی نەگۆڕە، عەرەب هەرگیز ڕەخنە لە خۆی ناگرێت و بە هەڵەو كارەنامرۆیەكانیدا ناچێتەوەو لە ئاستی ئەخلاق وعەقڵی ڕاگەیاندنی دەسەڵاتدارە خوێن ڕێژەكانیان لانادەن، دەنا لە نێو ٢٢ وڵاتی عەرەبیدا تەنها ٥-٦ ڕۆشنبیر دروست دەبوو شەرم لەو شۆڤنیە عەرەبیە بكەن و بەرگری لە مافی كورد بكەن وەكو مرۆڤ. لە نێو ٢٢ دەوڵەتدا تەنها هادی عەلەوی دروست دەبوو شەرم لە شوناسی عەرەبی خۆی بكات پاش ئەو هەموو جینۆسایدەی عەرەب بۆ كورد. تەنها بەراوردی ژمارەی ویژدان زیندوەكان بە ژمارەی وڵاتەكان و ژمارەی عەرەب بكەین، پێویست ناكات هیچ گفتووگۆیەك وكۆنگرەیەك بە ناوی كوردی _عەرەبی سازبكرێت، چونكە عەرەب دان بە مافی كوردا نانێت وەكو مرۆڤ، تادان بە جینۆسایدیدا بنێت.